# دڵی سەرباز



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

دەیڤد فرێنچ

# دڵی سەرباز

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

عەبدوڵا سلێمان "مەشخەڵ"



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: دڵی سەرباز – شانۆنامە
نووسینی: دەیڤد فرێنچ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سلێمان "مەشخەڵ"
پێداچوونەوە و بەراوردکردنەوەی بە دەقە ئینگلیزییەکە: فاروق هۆمەر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٢٦
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥١١ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

دەیڤد فرێنچ ئەم کتێبەی پێشکێش کردووە بە ئورجۆ کارێدا

١٩٤٤-٢٠٠١

منیش پێشکێشی ئەکەم بە باوک و دایکم کە لەسەر شانۆی ئەم ژیانە قورسترین ڕۆڵیان پێ دام

مەشخەڵ

# تراجیدیای جەنگ لە شانۆگەری "دڵی سەرباز"دا
# "دەیڤد فرێنچ" و بەشانۆکردنی مێژوو

نووسین و ئامادەکردنی:
عەبدوڵا سلێمان "مەشخەڵ"

## کورتەیەک دەربارەی شانۆگەریی "دڵی سەرباز"

لە شانۆگەیی "دڵی سەرباز"دا عیسا لە میانی کوڕە شانزە ساڵانەکەی "یاقوب" کە لەسەر شۆستەی ویستگەی شەمەندەفەر بە خۆی و جانتاکەی و بلیتی یەک سەرەوە لە چاوەڕوانی سەفەردایە، ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە. "عیسا" کە جەنگاوەرێکی جەنگی جیهانی یەکەم بووە بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە وێستگەکە تا کوڕەکەی ڕازی بکات کەماڵ جێ نەهێڵێ. ئەم جەنگاوەرە لەو ڕۆژەوەی کە لە جەنگ گەڕاوەتەوە ناتوانێ باسی ڕووداوەکانی ڕۆژانی شەڕ بکات. سەرەتا "عیسا" بە زمانێکی پڕ لە نیگەرانی و نادڵنیاییەوە دەربارەی براکەی"وێڵ" و هاوڕێکانی دەدوێت سەبارەت بە مەشقی سەربازی لە سکۆتلەند و گالیپۆلی و پاشان دێتە سەر شەڕ لە "سۆم".

عیسا سەرەتا خۆی لە پرسیارە قووڵ و بێ ئارامەکانی کوڕەکەی دەپارێزێ و بێئاگایی خۆی لەو پابەندبوونە ئەخلاقییە ڕادەگەیێنێ سەبارەت بەو پەیمانەی کە لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی لە ئەوبەری ئۆقیانووسەکانەوە بە "یاقوب"ی داوە. دواتر وەڵامەکانی پەل دەهاون بۆ



چیرۆکی شانازی و گەمژەیی و تووڕەبوون و نائومێدی تا دەگاتە نەخشاندنی وێنەی مرۆڤێک کە بە غەریزەیەکی ئاژەڵیی کوێرانە لە هەوڵی ڕزگاربووندایە.

ئەمە ئەو وێرانکردن و توندوتیژییەی ناو شانۆگەریی "دڵی سەرباز"ە کە دواجار باوک و کوڕەکە بەیەک شاد دەکاتەوە.

## تراجیدیای جەنگ

جەنگ – تراژیدیا – مەرگ ئەو هاوکێشەیەیە کە"دەیڤد فرێنچ"ی شانۆنامەنووسی کەنەدی لە شانۆگەریی "دڵی سەرباز"دا درامایەکی لێ ئەخوڵقێنێ کە کاریگەرییەکەی هێندە بەقووڵی ڕەگ دادەکوتێ لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە بەرەو ناخی خوێنەر–بینەر ڕۆدەچێ. هێڵە دراموییەکان هێندە چڕوپڕ تەنراون کە لە ڕێگەی وەیادهێنانەوە و فلاش باکەوە تەواوی ڕووداوەکانی هەشت ساڵی پێشتر و بەتایبەتی ڕۆژانی نۆ و دەی پووشپەڕی ١٩١٦ دێنێتە بەر دیدەی خوێنەر–بینەر. ئەم چنینە دراموییە لەسەر سەرسەختی و پێداگری "یاقوب مێرسەر"ەوە بەرجەستە دەبێت.

دەیڤد فرێنچ لە ڕێگەی شانۆگەرییەکانییەوە کە دواتر قسەیان لەبارەوە دەکەین، ناو و ناوبانگێکی لۆکاڵی و جیهانی وا پەیدا دەکات کە ئیتر بۆ هەر ڕەخنەگرێکی شانۆی کەنەدی– ئینگلیزی کە بییەوێت لەسەر بزووتنەوەی شانۆی کەنەدی بدوێت، ناتوانێت بەسەر دەیڤد فرێنچ دا باز بدات و فەرامۆشی بکات. ڕۆژنامەی"گلۆب ئەند مەیڵ" دەنووسێت" هەر کە باس دێتە سەر نووسینی شانۆ، دەیڤد فرێنچ لەوانەیە لە هەموو کەسێک زیاتر ناسراوتر بێت لە ئەدەبی ئینگلیزی

کەنەدی"[1]. بەرهەمەکانی دەیڤد سنووری کەنەدا و ئەمریکای باکور دەبڕن و لەسەر شانۆکانی وڵاتانی کیشوەرەکانی ئەمریکای باشوور و ئەوروپا و ئوسترالیاش دێنە نمایش.

تەوزیفی مێژوو لە دراما ی "دڵی سەرباز" و گێرانەوەی بەشێک لە مێژوو و کارەساتی کاولکاری جیهانی یەکەم لە ڕێگەی گێڕانەوەوە (Narrative) و بەشداریکردن لە داڕشتنی ڕێگەی گەڕانەوە و نائومێدی و بێ هیوابوون لە بەردەم تەواوی ئاسۆکانی ژیان، هێمایەکە بۆ شارەزایی و توانایی نووسەر. هەرێمی نیوفاونلاند کە ئەوسا هەرێمێک بووە سەربەخۆ لە کەنەدا و وەک بەشێک لە وڵاتی بەریتانیا، دەبوایە لەو جەنگەدا بەشدار بێ و ئەمیش بەدەوری خۆی لە سەرکەوتن و شکستەکاندا پشکی بەرکەوێ. دەیڤد لە شانۆگەریی"١٩٤٩ "دا وردتر لەسەر ساڵی ١٩٤٩ وەکو ساڵێکی مێژوویی لە پێوەستبوونی نیوفاونلاند بە کەنەداوە دەدوێت.

شانۆگەریی"دڵی سەرباز" کە لە ڕواڵەتدا سادە و ساکار و بە سێ کارەکتەر چنراوە (عیسا مێرسەر، یاقوب مێرسەر، بێرت تایلەر)، بەڵام لە ناواخندا دەوڵەمەندە بەو ئەندازەیەی کە کارەکتەرەکان بەبێ ئەوەی لێک دابڕێن، یان جیاوازی بیرکردنەوەیان هەریەکەیان بەرەو ئاقارێکی جیاواز ببات، یەکانگیرانە لە دەوری تەوەرەیەکی بنەڕەتی دەخولێنەوە ئەویش کە مۆری خۆی بەسەر ژیانی هەر سێ کارەکتەرەکە و تەواوی کۆمەڵگەوە ناوە. "دەیڤد فرێنچ" لەم شانۆگەرییەیدا دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە کاریگەرییەکانی هەر کۆمەڵێ مەودای ئابووری و سیاسی نییە، بەڵکو لە ڕووی سایکۆلۆجییەوەش کاریگەرییەکەی لە گۆشەگیری و بێدەنگبوون و



ماتی و بێ ئومێدی و تەنانەت تا ئاستی شێتبوونیش درێژ دەبێتەوە.

یاقوب: خۆت باش دەزانی پێی خۆش نییە دەربارەی جەنگ بدوێ، تەنانەت بۆ دایکیشم باسی ناکات.

زۆر هەوڵم لەگەڵی داوە بیهێنمە گۆ، بەڵام هیچ کەڵکی نییە.

بێرت: ڕاستە، زۆر لە پیاوان خۆشییان بەو باسانە نایەت.

یاقوب: بەڵام تۆ باسی ئەکەیت.

بێرت: بەڵێ، کە قسەی لەبارەوە دەکەم، ئیسراحەت دەکەم.

یاقوب: لەوانەیە باوکیشم بەوە ئیسراحەت بکات. لەوانەیە؟ (دواتر) لەوانەیە بێرت؟

ئەم کاریگەرییە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا وەکو نەخۆشیی درمی وایە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی دەوروبەر بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێت. کاریگەریی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر "عیسا مێرسەر" بەجۆرێکە کە تووشی جۆرێک لە گۆشەگیری و تەنیایی کردووە کە هەرچەند دەکات مۆتەکەی کوشتنی براکەی "وێڵ" بەسەر سەریەوەیە و وازی لێ ناهێنێت. تا کار دەگاتە سەر ئەوەی لە ژیان بێزار بێت.

یاقوب: چۆن بزانین؟ تۆ ڕۆژ نا ڕۆژێکیش دوو قسە بۆ ئێمە ناکەی.

لێرەشەوە "یاقوب مێرسەر" تووشی سەرچڵی و یاخیبوون بووە لە ئەنجامی هەستکردن بە تەنیایی و فەرامۆشکردنەوە لەلایەن باوکییەوە. دەرئەنجام ئەم کاریگەرییە سایکۆلۆجییە هێندە پەرە دەستێنێ کە خەریکە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خانەوادەی "عیسا مێرسەر".

لە ناو قەدی شانۆگەرییەکە بەدواوە هەست دەکەیت میزاج (Mood)ی "عیسا" ئاڵۆگۆڕی بەسەردا دێت. هەست دەکەیت وا عیسا لە قاوغی خۆی دەچێتە دەرەوە و ڕەها لە بێ ئومێدی و ئازاد لەو ئازارەی کە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا پێوەی تلاوەتەوە، بە بێ لە بەرچاوگرتنی وشیارکردنەوەکانی "بێرت"ی هاوڕێی دەکەوێتە گێڕانەوەی تەواوی بەسەرهاتەکانی ڕۆژی دەی پووشپەڕ. میزاج لە شانۆگەرییەکە لە یەکەمین دیداری نێوان "یاقوب" و "بێرت" دەردەکەوێ، بەڵام لە یەک ئاستدا نامێنێتەوە بەڵکو میزاج لە چەندین ئاستی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ. وەکو نزم، بەرز، باڵا. میزاج سەرەتا لەسەر ڕیتمێکی نزم و نەرم دەڕوات و دواتر بە پێ بە پێ لەگەڵ چوونەسەری ڕێژەی ڕووداوەکان و بەرز و نزمبوونەوەی هەست و سۆز، ئەمیش بەرز دەبێتەوە و لە کۆتاییشدا دێتەوە ئاستی نزم.

میزاجی نزم –میزاجی مامناوەندی– –میزاجی باڵا– میزاجی نزم

جۆری میزاج لە "دڵی سەرباز"دا توند و پڕ لە هەڵچوون و سەرکێشییە. تەنانەت کارەکتەرە ناسەرەکییەکانیش پابەندبوونی خۆیان بەم میزاجەوە نیشان دەدەن تەنیا خاتوو "سەیدی" خێزانی "بێرت" نەبێت کە ئەم هاوکێشەیە نایگرێتەوە، هۆیەکەشی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی دەروونی"بێرت" ی هاوسەری.

ئەتمۆسفیر لە "دڵی سەرباز"دا لێوانلێوە لە ترس و شانازی و تەژییە لە بێڕەنگی.

شانازی و ترس بە تەواوی سێبەریان خستووەتە سەر ئەتمۆسفیری شانۆگەرییەکە و لە ڕێگەی دیالۆگی کارەکتەرەکانەوە و لە دوو توێی ڕستە و لە پەنای وشەکانەوە ئەو ترس و شانازییە دەبینرێن. دوو ترس



لەم شانۆگەرییە ئاوێتەی یەکتر دەبن. یەکێکیان ترسە لە شەڕ و تۆقینە لە مردن. ئەوی تریشیان ترسە لە لەدەستدانی (کوڕ، برا، باوک، مێرد).

بێرت: من خەریک بوو خۆم پیس بکەم.

ئەم دوو ترسە کەشوهەوای شانۆگەرییەکە ڕەنگڕێژ دەکەن بەدیمەنگەلێکی خۆڵەمێشی. بۆیە سەرلەبەری شانۆگەرییەکە ڕەش و سپییە پێش ئەوەی هیچ ڕەنگێکی تر بتوانێ هەژموونی خۆی باڵادەست بکات. لە پاڵ ڕەش و سپیشەوە جاروبار دەیڤد ڕەنگی سوور و شین و سەوز یان زەردمان نیشان دەدات. بەڵام ئەم ڕەنگانە لە دوو دێری وتووێژێک زیاتر تێپەڕ ناکەن. سەرباری ئەمەش ئەتمۆسفیر لە یەکانگیرییەکی بەهێزدایە لەگەڵ ڕەنگ و شوێنکات. شوێنکات لە شانۆگەرییەکە بەم جۆرەیە: شوێن شۆستەی وێستگەی شەمەندەفەری "بەی ڕۆبەرتس "ە، کاتیش شەوە. ئەم تاریکییە حوکمڕانی ئەتمۆسفیری شانۆگەرییەکە دەکات تا کۆتایی. تاریکی کە ڕەگەزی ڕەنگی ڕەش تێیدا باڵادەستە، لە ئاوێتەبوونێکی ئۆرگانیکی دایە لەگەڵ ترس و نائومێدی و پەشیمانی، لەگەڵ برینە سارێژنەبووەکانی "عیسا و بێرت و یاقوب". بۆیە ئەگەر شوێنکاتی شانۆگەریی "دڵی سەرباز" پارکێکی سەوز بوایە، یان کەنار دەریایەکی شینی جوان بوایە، ئەوا نووسەر نەیدەتوانی بەم سەرکەوتووییە کەشی لەبار بخوڵقێنێ و ئامانجەکەی بپێکێ.

هەرچی شانازیشە وەکو کۆنسێپتێکی (Concept) سیاسی– کۆمەڵایەتی لە نێو ئارگیومەنتەکانی "دڵی سەرباز"دا ئامادەییەکی

بەهێزی هەیە، وەکو شانازی گیان فیداکردن لەپێناو بەریتانیا، شانازی بەشداریکردن لە جەنگ و بەدەستهێنانی ئەزموونی شەڕ و شاهێدبوون بەسەر قەسابخانەیەکی بێ وێنە لە مێژووی مرۆڤایەتی.

بێرت: یاقوب، لەوانەیە بەوپەڕی سادەییەوە خۆی نەیویستبێ ڕزگاری ببێ. گوێ بگرە، مەمکەرە قارەمان. قارەمانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە نەگەڕایەوە. وەکو مامە "وێڵ"ی ئێوە.

"عیسا" وەک جەنگاوەرێکی کۆن و ڕزگاربووی ئەو جەنگ و نەهامەتییە، شانازییەکانی بەدرێژایی شانۆگەرییەکە نمایش دەکا و بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. "عیسا" کوشتنی براکەی و هەزاران سەربازی تر دەخاتە ئەستۆی ئەڵمانیا، نەک جەنگ!. ئەم دیدگا و تێڕوانینە ئاو لە ناسیۆنالیزم دەخواتەوە و لە هەمان کاتیشدا بازدانە بەسەر کۆمەڵێ فاکتەری واقیعی هەڵگیرساندنی جەنگ و بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەکانی ئەو کاتەی بەریتانیا و ئەڵمانیا لە دابەشکردنی جیهان و دەستگرتن بەسەر سامانە سروشتییەکان و ئاو و خاک و فەراهەمکردنی بازاڕ بۆ کاڵا بەرهەم هێنراوەکانیان و دابینکردنی هێزی کاری هەرزان.

## کارەکتەرە نادیارەکان "ناسەرەکییەکان" و ستایلی شانۆگەرییەکە

کارەکتەر، بریتییە لە هەر کەسێک یان شتێک کە لە بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری لە چنینی خەیاڵەوە لە ڕێگەی نووسەرێک یان دانەرێکەوە هەر کەسێک یان قەوارەیەک لە جیهانی داهێنانی نووسەرێکەوە دەردەکەون. وردتر بڵێین کارەکتەر هەر تەنیا مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو ئاژەڵ، مەخلوقاتی ئاسمانی، خواوەند، و هەر کەس



و مەخلوقێکی میتۆلۆجی تر.[٢]

کارەکتەر شانبەشان لەگەڵ گرێچنە و شوێنکات و مەبەست و ستایل ڕۆڵێکی شیاو دەگێڕێ لە دەق. کارەکتەر بە هەموو جۆرەکانییەوە (کارکردە، گۆشەنیگا، ناسراو نەناسراو، وەستاو جووڵە، سەرەکی و ناسەرەکی و... هتد) لەخزمەت دەقدا دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت و نووسەری بەتوانا دەتوانێت لە کاتی گونجاودا کۆمەڵێ ئەرکیان پێ بسپێرێ.

"دەیڤد فرێنج" زیرەکانە هەوڵی داوە چەند کارەکتەرێکی نادیار (ناسەرەکی) لە شانۆگەرییەکەی بەرجەستە بکاتەوە. (ڕاشێڵ – دایکی یاقوب، خاتوو سەیدی هاوسەری بێرت، ئەفسەر کێڵی، وێڵ مامی یاقوب، ڕوبی و عەریف ئەنگز و... هتد.) گرینگی ئەم کارەکتەرانە لەوەدایە لەلایەکەوە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە کارەکتەرە ئەسڵییەکانی شانۆگەرییەکەوە هەیە و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵە ئەرکێکی تریان لەسەر شانە کە ڕوونکردنەوە و ڕۆشنکردنەوە یان پێکەوە لێکگرێدانی ڕووداوەکانە بەتایبەتی "وێڵ" کە ئامادەییەکی گەورەی لە نەستی "عیسا" دا هەیە. بوونی ئەم کارەکتەرە نادیارانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە خزمەت کاراکتەرە ئەسڵییەکان و گرێچنەی شانۆگەرییەکەن. بوونی خاتوو"سەیدی" لە فەراهەمکردن و ئاسایی کردنەوەی ژیانی پاش جەنگ و زەمینەیەکی لەبار بۆ "بێرت"، بوونی دایکی یاقوب لە سەرپەرشتیکردنی یاقوب و عەتف بەخشین و تەنانەت جێگرتنەوەی "عیسا" لە سۆزبەخشین بە کوڕەکەی و هەروەها یارمەتیدانی "عیسا" لە کاروباری ژیان و خێزاندا، ئەفسەر کێڵی دەرخستنی هەندێ سەرەداو و ڕاستی بۆ "یاقوب" سەبارەت بە ڕۆژە

تاریکەکانی جەنگ و خەونەکانی مرۆڤ لە ژێر ڕەهێڵەی گولله، ئەمە بێجگە لەوەی کە "وێڵ" وەک تارماییەک سێبەری خستووەتە سەر تەواوی دەقەکە.

دەیڤد فرێنج لە پانتایی دەقەکەوە هەڵدەستێت بە دابەشکردنی وزە و توانایی بەسەر کارەکتەرەکان کە نادیارەکانیش لەم نیوەدا بێبەش ناکات. دروستکردنی بالانس لە نێوان کارەکتەرەکانی "دڵی سەرباز" پێوەستە بە گرێچنە و توانایی دەیڤد لە تەکنیکی شانۆ کە ئەمەش بەدەوری خۆی کەشوهەوایەکی مۆتیڤانەی دروست کردووە تا ئامانج بپێکێ.

سەبارەت بە ستایل (Style)یش وەکو ڕەگەزێکی شێواز بریتییە لەوەی کە نووسەر چۆن وێنای ڕووداوەکان دەکات و نیشانەی ئیندیڤیجواڵییەتە کە نووسەری چاک لە نووسەری خراپ جیا دەکاتەوە.[٣] دەیڤد لە "دڵی سەرباز"دا بەبڕوای من هەوڵی داوە خۆی لە ئاڵۆزی ستایل بەدوور بگرێ و لەگەڵ بەرەوژوور هەڵکشانی ڕووداوەکان و گرێچنە (plot) بەلەبەرچاوگرتنی کات و جۆری کارەکتەر ستراکچەری شانۆگەرییەکەی بە زمانێکی سادە، بەلام سفت دابڕێژێ. بەلام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە زمانی شانۆگەرییەکە زمانێکی ئاڵۆز نییە و بە هیچ جۆرێک بۆشایی لە نێوان دیالۆگەکان بەدی ناکرێت. زمان لە "دڵی سەرباز"دا زمانی ئەرستۆکراتەکانی کۆمەڵگەی کەنەدی نییە، بەڵکە زمانی سەرباز و مامۆستا و دارتاش و جووتیار و کرێکارە. زمانی خەڵکی نێو پارک و شوێنە گشتییەکانی نیوفاونلاندە. زمانێکە تەژی لە سادەیی و خاکی (Slang) و تەنانەت لە دەقە ئینگلیزییەکەشدا ژمارەیەک وشە بەشێوە کورتکراوەکەی نووسراون.



عیسا: بە هەرحاڵ، بەنیازی لە ساینت جۆنز چی بکەی؟ لەسەر کورسی باخچەیەک هەڵدەکورمێی یان لە بەردەرگەی مالانا وەکو سەگێکی بێ خاوەن دەنووی؟

یاقوب: ئەتوانم خەمی خۆم بخۆم.

عیسا: بەڵێ، دەتوانی.

یاقوب: باشیش دەتوانم.

عیسا: یاقوب، تۆ هێشتا تەمەنت پانزە سالانە. پانزە ساڵ!

یاقوب: من شانزە سالانم. دوو هەفتە پێش ئێستا پێم ناوەتە شانزە ساڵییەوە. تەنانەت بێرت تایلەریش ئەوە دەزانێت.

عیسا: شانزە ساڵی هێشتا تفلێکە.

یاقوب: خانوویەکی کرێ پەیا دەکەم و کارێک ئەدۆزمەوە.

عیسا: ئیشی چی؟ ئیش دەگمەنە، خاوەن ئەزموونێکی وەکو منیش بۆی ناکرێ لەوێ کارێک بدۆزێتەوە.

یاقوب: مشووری خۆم ئەخۆم.

زمان لێرە لە دەرەوەی گەمەکانی زمانەوە خۆی لە سادەیی هەڵکێشاوە و دیالۆگ (Dialoug) بوار بە خوێنەر-بینەر نادات بۆ بەشداریکردن لە پێشبینیکردنی ڕووداوەکان، لەبری ئەوە "دەیڤد فرێنج" لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا سەرسامییەکی گەورەمان دەخاتە بەردەم کە مەگەر هونەری زمانی دەیڤد ئاوا سادە بەلام بەرز بینەخشێنێ.

## جەنگ و کێشە دەروونییەکان

"عیسا" وەک قوربانییەکی جەنگ بەدەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنێت کەبە بڕوای من گرینگترینیان هەستکردنە بە گوناهی گەورە و ژیان لێسەندنەوەی مرۆڤ. ئەم گوناهە گەورەیە نەک هەر سێبەری خستووەتە سەر بەشێک لە گفتوگۆ و پراکتیکی ڕۆژانەی عیسا، بگرە سەرتاپای ژیانیشی داگیر کردووە بە ڕوحیشییەوە. ئازارێک کە عیسا دەیچێژێت بە هیچ پێوانەیەکی کۆمەڵایەتی ناپێورێت.

یاقوب: دایکم گوتی دوێنێ شەو کە بەخەبەرهاتووە باوکم لەناو جێگەی نوستنەکەی نەبووە. دوایی لە حەوشەی کڵێساکە بینیویەتی کە چواردەخۆرەکەی، ئەوەی کە لە جەنگ هێنابوویەوە، ڕووەو ئاسمان ڕائەتەکێنێ..

بێرت: ئەی خوای گەورە.

یاقوب: چواردەخۆرەکە پڕ لە فیشەکە. کە دەخەوێت دەیکاتە ژێر سەرینەکەیەوە.

ئەم قوربانییە لە ناسکترین ساتە وەختی ژیانی خۆی، برای خوێنی خۆی لە ژێر ڕەهێڵەی بۆمبا و گوللەباراندا بەهەڵە، بە لێتێکچوون بەچەقۆ دەکوژێ و دەبێتە شاهیدی بینینی دوا هەناسەی و وشکبوونەوەی دوا پرسیار لەسەر لێوە وشکەکانی. لەو ساتەوە ئیتر "عیسا" نەفرەت لە جەنگ و ژیان دەکات و بێ ئومێدانە دەڕوانێتە ئاسۆی داهاتوو و هەنگاوە خاوەکانی هەڵدەهێنێتەوە.



یاقوب: تۆ چەقۆت ناوەتە سەر گەردنم باوکە! چەقۆ. چۆن زاتی ئەوە دەکەی، من کوڕی تۆم!

عیسا: سوێند دەخۆم بۆ خۆشم نازانم چۆن ئەوە ڕووی دا. لە کادینەکە بووم، قەڵەم بڕەکەم تیژ دەکردەوە، وەختێ کە تۆ لە پشتمەوە دەرکەوتی، لەپڕێکا ڕات چڵەکاندم.

"عیسا" لە ماوەی چوار ساڵی جەنگدا هێندەی گۆڕان بەسەردا دێت کە سەربازەکان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگدا دەگەڕێنەوە، یاقوب هەرچەندە ئەو ڕۆژە نەساغە و تۆزێک سکی ئەیەشێت و لەگەڵ دایکی نەچووەتە کڵێسا، بەپڕتاو بەرەو پیرییان ڕادەکات و لە باوکی خۆی دەپرسێت کە ئاخۆ "عیسا مێرسەر"ی نەبینیوە؟

لەلایەکی تریشەوە "عیسا" جۆرە ڕقێکی زۆر ئەستووری لا دروست دەبێت، ڕق لە ئەڵمانەکان و ڕق لە جەنگ (ئەم ڕقەیان لێوانلێوە لە شانازی). ئەم دوو ڕقە باری دەروونی "عیسا"یان ڕەنگڕێژ کردووە بە شپرزەیی و تووڕەیی و قین و ئیتر دواجار "عیسا" بە تەنیایی و گۆشەگیری و فەرامۆشکردنی خانەوادەکەی گوزارشتیان لێ دەکات، فەرامۆشکردنێکی هێندە کوشندە کە "یاقوب" لە تەنیاییەکی ترسناکدا ژیان بەسەر دەبات و لە هەوڵێکی بێ پایانیشدایە تا باوکی بگەڕێنێتەوە بۆ خۆی و ژیانێکی ئاسایی بژین.

یاقوب: تۆ بۆچی ڕۆینی منت لێ بووەتە خەم؟ خۆ تۆ نیگایەکم تێ ناگری، هەر وەک ئەوەی لەم دنیایەدا بوونیشم نەبێ

بەڵام کە هەوڵەکانی "یاقوب" و دایکی یاقوب لە بەرامبەر سەرسەختییەکانی "عیسا" شکست دەهێنن، ئیتر ناچار "یاقوب"ی

شانزە ساڵان جانتا دەپێچێتەوە و ماڵ جێ دەهێڵێ. ئەم بڕیارەی "یاقوب" کە ساختمانی شانۆگەرییەکەی لەسەر بنیات نراوە سەرەتایەکە بۆ کردنەوەی تەواوی گرێ و گۆڵە دەروونییەکانی "عیسا" لەلایەک و دانپیانانی قوربانییەکە بە تاوانگەلێک لە بەردەم ناوەوەی خود و دەرەوەی خود. ناوەوەی خود بەو دانپیانانە باری سەر شانی سووکتر دەبێ لە کۆمەڵێ ئازاری ویژدانی و ئیتر جارێکی تر "عیسا" لە بەردەم کوڕە شانزە ساڵانەکەی دەچێتەوە ئەو ساتەوەختەی کە خەنجەرەکەی لە دڵی (وێڵ) ی برای دەچەقێنێ و دەیکوژێ. لێرەوە پەیامی دانپیانانەکەی دەگەیێنێتە کوڕەکەی. هەرچی دەرەوەی خودیشە، دانپیانانەکەی عیسا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگەکردنەوەیە بۆ ویستی نەوەی نوێ و وەڵامدانەوەیە بە ئارەزووەکانی.

پەیامی دانپیانانەکەی عیسا لەسەر دوو کۆڵەکە وەستاوە. یەک: ماڵ جێهێشتنی یاقوب" و سەرهەڵدانی فەزایەکی کۆمەڵایەتی تاریک لە ماڵی عیسا. دوو: پەیمانێک کە عیسا دابووی بە یاقوب لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنەوەی بۆ نیوفاونلاند کە ڕاستییەکانی جەنگی بۆ باس بکات. ئەم دوو کۆڵەکەیە بە تێگەیشتنی من وەبارهێنانی سایکۆلۆجییانەی "عیسا"یە بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ئەودیو ئۆقیانووس بگێڕێتەوە.

## بنەماڵەی مێرسەر و خەونی بەناسیونالیستبوون لە کەنەدا

هەرێمی نیوفاونلاند و لابرەدۆر کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا و لە یانزەی خاکەلێوی ١٩٤٩ بە کۆنفیدراسیۆنی کەنەداوە پێوەست بوو و بوو بە دەیەمین هەرێمی کەنەدا. لە ساڵی ١٩٦٤ وە حکوومەتی خۆی هەیە و لە سیانزەی گەلاڕێزانی ٢٠٠١ یشەوە بەفەرمی ناوی بوو بە "نیوفاونلاند و لابرەدۆر. بەپێی دوایین ئاماری سەرژمێری لە مانگی



ڕێبەندان ٢٠٠٩ دا ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە پێنج سەد و هەشت هەزار و نۆ سەد و نەوەد کەسە. خەڵکی ئەو هەرێمەش بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیرلەندی دەدوێن.

دەیڤد فرێنچ تاکە نووسەرێکی کەنەدییە کە بنەماڵەی مێرسەر ئامادەیی بەردەوامی لە پێنج کاری شانۆیی ویدا هەبێت و ئەم کارە دراماییانە بوونەتە بەشێک لە ناساندنی مێژووی شانۆی کەنەدی. ئەوەندەی نووسەرانی هەرێمی نیوفاونلاند شانازی بە زێدی خۆیانەوە دەکەن، لە هیچ هەرێمێکی تر و لە لای هیچ نووسەرێکی کەنەدی تردا بەرچاو ناکەوێت. دەیڤد وەک نووسەرێکی نیوفاونلاندی- کەنەدی بەشێک لەو شانازییەی بەر دەکەوێت و تەنانەت پشکی شێریشی پێ دەبڕێت. شانۆگەریی "دڵی سەرباز"ی دەیڤد فرێنچ بەگشتی ڕەنگدانەوەی ژیانی خەڵکی نیوفاونلاندن و کارەکتەرەکانیشی هەر خەڵکی نیوفاونلاندن.

چیرۆکی بنەماڵەی مێرسەر کە خانەوادەیەکی ڕەگ داکوتاوی هەرێمی نیوفاونلاندە، و بەشێکی کاریگەر و زیندووی ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەو هەرێمەن. دەیڤد پێنج شانۆگەری لەسەر ئەم بنەماڵەیە نووسیوە و وەک ئاگاداریش بم خەریکی نووسینی شەشەمین شانۆگەرییەتی[٤]. هۆکارێک کە لەپشت هەڵبژاردنی ئەم بنەماڵەیەوەیە، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی-مێژوویی بنەماڵەی مێرسەرە لەو هەرێمە لە بەشداریکردن لە تەواوی بۆنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و... هتد. ئامادەیی بنەماڵەی مێرسەر لە شانۆگەرییەکانی دەیڤد فرێنچ نەک نەبووەتە مایەی توانج و ڕەخنە، بەڵکو بووەتە شوێنی ستایش و خاڵی بەهێز لەو بەرهەمانە.

خاڵێکی تر کە حەز دەکەم ئاماژەی پێ بدەم دیدی ناسیۆنالیستی کۆمەڵگەی کەنەدایە. جیهانبینی ناسیۆنالیزم و بەپیرۆز ڕاگرتنی هاووڵاتی کەنەدی دەکرێ لە هەندێ شوێن و بۆنەی جیاوازدا ببینرێ و بخوێنرێتەوە، وەک لە سروودی "ئۆ کەنەدا"[٥]، بەڵام گەلێک یان میللەتێک نییە ناوی گەلی کەنەدی بێت. چونکە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کەنەدا پێکهاتەیەکی فرە کولتووری و فرە نەتەوە و فرە ئاینە. سەرجەم ئەتنیک و نەتەوەکان لە نێوان سیستەمی ژیانی فرە کولتووری و فرە نەتەوەییی کەنەدا لە هاتوچۆدان. لەلایەکی تریشەوە حکوومەتی کەنەدا بەردەوام کۆچبەری زیاتر لەکولتووره جیاوازەکان وەردەگرێت و ئاوێتەیان دەکات بە سیستەمی کەنەداوە. بۆیە لە کەنەدا هیچ توێژ و چین و نەتەوەیەک نابینی کە بە نەتەوەی کەنەدی ناوزەد بکرێت. ئەوەی هەیە تێکەڵییەکە لە کولتوور و میللەتە جیاوازەکان کە زیاتر لە ٣٥٠ زمان و کولتووری جیاوازن. بەبڕوای من بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە کۆمەڵگەی کەنەدی، بە بەراورد بە بزووتنەوە ناسیونالیستە تەقلیدییەکانی دنیا و ڕۆژهەڵات هێشتا هەنگاوە سەرەتاییەکانی هەڵنەهێناوەتەوە. ئەگەر زمان و کولتوور دوو بنەمای سەرەکی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان بن، ئەوا کۆمەڵگەی کەنەدی زمانی هاوبەشی هەیە کە زمانی ئینگلیزییە. بەڵام کولتوورێکی هاوبەشی نییە. هەرچەندە کولتووری نەیتیڤەکانی کەنەدا وەک سیمبۆڵی کولتووری کەنەدی تەماشا دەکرێت، بەڵام لە دنیای واقیعدا جگە لە کولتووری نەیتیڤەکان هیچی تر نییە.



## دەربارەی دەیڤد فرێنچ و بەرهەمەکانی

دەیڤد بێنسۆن فرێنچ لە شارێکی زۆر بچووکی هەرێمی نیوفاونلاند لە کۆڵیس پۆینت لە بیست و دووی بەفرانبار ١٩٣٩ دا لەدایک بووە. دەیڤد کوڕی ناوەڕاستی خێزانێک بووە کە پێنج کوڕیان هەبووە. باوکی دەیڤد، گارفیلد فرێنچ دارتاش بووە و لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا لە فەرماندەیی هێڵی ئاسمانی ڕۆژهەڵات لە کەنەدا کاری کردووە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ دایکی دەیڤد خاتوو "ئیدس" لەگەڵ کوڕەکانی دەچێت بۆ ئۆنتاریۆ تا لەگەڵ باوکی دەیڤدا لە تۆرنتۆ جێگیر بن.

دەیڤد دەچێتە قوتابخانەی گشتی، بەڵام لەگەڵ کتێبدا بەینی نابێت تا ڕۆژێکیان دەیڤد لە پۆل قسە زۆر دەکات و مامۆستای ئینگلیزیش وەک سزایەک داوای لێ دەکات کتێبێک بخوێنێتەوە. ئەو کتێبەی دەیڤد دەستی بۆ دەبات کتێبی "مارک توەینس" بوو بە ناوی "بەسەرهاتەکانی تۆم ساویەر". دەیڤد دەڵێت "ئەو کاتەی کتێبەکەم تەواو کرد نەک دەمزانی دەبم بە نووسەر، بەڵکو خۆم بە نووسەر دانا". جا کەوتە بڵاوکردنەوەی ئەو چیرۆک و شیعرانەی کە نووسیبوونی.

دوای قۆناغی ئامادەیی، دەیڤد کەوتە مەشقی ئەکتەری. هاوینان لە "شانۆی پەسەدێنا" لە تۆرۆنتۆ لێکۆڵینەوەی لەسەر نواندن دەکرد. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی کرد بە نواندن لەسەر شانۆ و لە تەلەفیزیۆنی CBC و دواتریش دەستی کرد بە نووسینی دراما بۆ تەلەفیزیۆن. لە ماوەی چەند ساڵێکدا چەندین درامای نیو سەعاتی تەلەفیزیۆنی نووسی.

ساڵی ١٩٧١ دەیڤد گوێبیستی شانۆیەکی تازە بوو بەناوی

"تەراگۆن"، ئینجا داوای لە دەرهێنەر " بیلّ گلاسکۆ" کرد کە گوێ لە شانۆگەرییە نوێکەی بگرێ. ئەمە بووە سەرەتای پێوەندییەکی دۆستانە و پتەوی ئەو دوو هونەرمەندە کە وا بۆ چل ساڵ دەچێت و هەر بەردەوامە.

شانۆگەریی " ماڵ جێهێشتن" ی دەیڤد فرێنچ قۆناغێکی گرینگ و خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی شانۆی کەنەدی. پاش ئەوەی بە سەرکەوتوویی لە ساڵی ١٩٧٢ نمایش کرا، شانۆگەرییەکە چووە سەر سەرجەم شانۆکانی کەنەدا کە ئەمەش بۆ یەکەمین جار بوو شانۆگەرییەک بەو جۆرە شانۆی کەنەدا بهەژێنێ. ئەم شانۆگەرییە گەلێ خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرگرت و بووە ناسراوترین و خۆشەویستترین شانۆگەریی کەنەدی و لەلایەکی تریشەوە لەم دواییانە لەلایەن " چاوپیاخشاندنی ئەدەبی کەنەدی" بە "یەکێک لە سەد کاریگەرترین کتێبی کەنەدی" ناوزەد کرا و هەروەها لەلایەن " فەرهەنگی شانۆی ئۆکسفۆرد"یشەوە ناوی" یەکێک لە هەزار شانۆگەرییە بنەڕەتییەکانی زمانی ئینگلیزی" لێ نرا. "ماڵ جێهێشتن" بنەماڵەی "مێرسەر"ی بە بینەران ناساند کە ڕووبەرێکی زۆری لە بەرهەمە شانۆییەکانی دەیڤد داگیر کردووە و وەکو بنەماڵەی "فرێنچ" یەکێکە لە بنەماڵە کۆنەکانی نیوفاونلاند کە دواتر بەرەو شاری "تۆرۆنتۆ" کۆچ دەکەن.

شانۆگەریی" لەم دواییانە... لە کێڵگەکانەوە"ش سەرکەوتنێکی زۆر بەرچاوی بەدەست هێنا. تا وای لێ هات خەڵاتی " چاڵمەرس"ی بەدەست هێنا و لە تەلەفیزیۆنی CBC بەتایبەت نیشاندرا و لە سەرتاسەری کەنەدا نمایش کرا و لە ئەرجەنتینیش بە زمانی ئیسپانی پیشاندرا.



تا ئەمڕۆ دەیڤد فرێنچ پێنج شانۆگەریی دەربارەی بنەماڵەی "مێرسەر" نووسیوە. لە ئاوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، دەیڤد شانۆگەریی" خوێ ئاو مانگ"ی نووسی. کە درامایەکی شیعرئامێزە و دەربارەی خۆشەویستی دایک و باوکێکە کە لە نیوفاونلاند ڕووی داوە. شانۆگەریی" خوێ ئاو مانگ" لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە سەرتاسەری کەنەدا سەدەها جار دەرهێنراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەڕەنسی. ئەم شانۆگەرییە خەڵاتی" کۆمەڵەی نووسەرانی کەنەدی بۆ دراما" و خەڵاتی" دۆرا ماڤوڕ موور بۆ باشترین شانۆگەریی نوێ" و هەروەها خەڵاتی" هۆلیوود دراما بۆ پێشبڕکێی ڕەخنە"ی پێ بڕاوە.

هەرچی شانۆگەریی "١٩٤٩" شە وەک شانۆگەرییەکی نەرمونیان و شەیدائامێز دەربارەی وەچەی بنەماڵەی "مێرسەر"ە لە سەروبەندی خۆئامادەکردنی نیوفاونلاند بۆ پێوەستبوون بە کەنەداوە. ئەم درامایە ناوەندی شانۆکانی کەنەدای داگیر کرد. هەرچی شانۆگەری "دڵی سەرباز"یشە کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم بەسەر دوو نەوەی بنەماڵەی مێرسەر نیشان دەدا و لە ساڵی ٢٠٠١ لەسەر شانۆی "تەراگۆن" نمایش کرا.(٦)

سەرباری ئەو بەرهەمانەی دەربارەی بنەماڵەی میرسەر، دەیڤد شانۆگەرییەکی زۆر کۆمیدیشی لە ١٩٧٩ دا نووسی بەناوی" شڵەژان" کە بێ ئەژمار لەسەر شانۆکانی کەنەدا و وڵاتانی جیهان نمایش کرا.

هەندێ بەرهەمیتری دەیڤد وەکو شانۆگەریی"ئەو هاوینە" کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا نووسی و هەروەها شانۆگەریی"خەنجەری زیوین" لە ساڵی ١٩٩٣ دا نووسی و هەڵبژێردرا بۆ خەڵاتی "ئارسەر ئیلیس"و

شانۆگەریی " درز تێ بوو" لە ١٩٧٥ و شانۆگەریی " ڕازی جیهان" لە ١٩٨١, سەرجەم شانۆگەرییەکانی دەیڤد فرێنج بە کتێب بڵاو بوونەتەوە.

دەیڤد بێجگە لە نووسین وەرگێڕان و (اقتباس)یشی ئەنجام داوە وەکو شانۆنامەی"خاتوو ژولیا" ی ئاگۆست سترنبێری و "دارستان"ی ئەلکسەندەر ئۆستروڤسکی و "نەورەس"ی ئەنتوان چیخۆڤ.

دەیڤد وەکو شانۆنووسێکی بەئەزموون، ڕێنوێنی گەلێ نووسەری کردووە و دەکات. هەروەها وەکو نووسەری تایبەت بە زانکۆی ویندزەر ٢٠٠٧-٢٠٠٨ و زانکۆی خۆرئاوای ئۆنتاریۆ ٢٠٠٢-٢٠٠٣ و ماوەیەکیش لە زانکۆی ترێنت کاری کردووە. هەموو هاوینێکیش کۆرسی نووسینی شانۆ لە پرنس ئێدوارد ئایلەند دەڵێتەوە. هەروەها لە سەرتاسەری کەنەدا کۆڕی گێڕاوە و ماوە نا ماوەش دەچێتە ئەو قوتابخانە ئامادەیی و زانکۆیانەی کە شانۆکانی ئەو دەخوێنن.

دەیڤد فرێنج یەکەمین کاربەدەستی نوێی هۆڵی شەرەفی هونەر بوو لە نیوفاونلاند و هەروەها مەدالیای شاژن جوبلی و هارۆڵدی وەرگرتووە و بە پێشڕەوی فەرمی "شانۆی کەنەدا" ش ناوزەد کراوە.

## کرۆنۆلۆجیای شانۆگەرییەکانی دەیڤد فرێنج

١- ئاماژەکانی ڕووبارە ڕەشەکە لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٦٣ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٢- چەکەوانەی هەللاج لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٦٤ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٣- ئەڵقە بۆ فلۆری لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٦٤ بەرهەم



هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٤- دوای چەند کاتژمێر لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٦٥ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٥- پاساری و بەیانی دووشەممە لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٦٥ بەرهەم هێنراوە و دواتریش لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ تەلەفیزیۆنی فلادلیفیا بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٦- ئەنجلینا لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٦٧ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٧- داوەتێک بۆ باخچەی ئاژەڵان لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٦٧ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٨- زستانی تیمۆسی (٧) لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٦٨ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

٩- ئاماژەپێدان لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٧٠ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

١٠- ئاسوودەترین پیاو لە جیهان لە کورتەچیرۆکێکی "هیو گارنەر" وەرگیراوە و لە تەلەفیزیۆنی C. B. C. لە ساڵی ١٩٧٢ بەرهەم هێنراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

١١- ماڵ جێهێشتن لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاو کراوەتەوە.

١٢- لەم دواییانە.. لە کێڵگەکانەوە لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاو کراوەتەوە.

١٣- درز تێبوو لە ساڵی ١٩٧٥ بڵاو کراوەتەوە.

١٤- شڵەژان لە ساڵی ١٩٨٠ بڵاو کراوەتەوە.

١٥- نەورەس لە ئەنتوان چیخۆڤەوە وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٧٧ بڵاو کراوەتەوە.

١٦- ڕازی جیهان لە ساڵی ١٩٨١ بڵاو کراوەتەوە.

١٧- خوێ ئاو مانگ لە ساڵی ١٩٨٥ بڵاو کراوەتەوە.

١٨- ١٩٤٩ لە ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کراوەتەوە.

١٩- خەنجەری زیوین لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاو کراوەتەوە.

٢٠- ئەو هاوینە لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاو کراوەتەوە.

٢١- دڵی سەرباز لە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاو کراوەتەوە.

٢٢- خاتوو ژولیا لە ئاوگست سترندبێری وەرگیراوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ بڵاو کراوەتەوە.

٢٣- جەنگەڵ لە ئەلکسەندەر ئۆستڕۆڤسکی وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٨٧بڵاو کراوەتەوە.

**دەیڤد فرێنچ ئەم خەڵاتانەی پێ بەخشراوە و ئەم ڕێزلێنانانەی لێ گیراوە**

١- خەڵاتی مەدالیای جوبیلی شاژن ٢٠٠٣

٢- خەڵاتی یەکەمین ئەندامی تازەی هونەری نیوفاونلاند، هۆڵی ڕێزلێنان ١٩٨٩

٣- خەڵاتی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ شانۆ ٢٠٠٥ بۆ شانۆگەریی ماڵ جێهێشتن

٤- خەڵاتی چاوپیاخشاندنەوەی ئەدەبی کەنەدی ٢٠٠٥ بۆ شانۆگەریی ماڵ جێهێشتن

٥- خەڵاتی پێشبڕکێی درامای هۆلیوود بۆ ڕەخنە ١٩٨٦ بۆ شانۆگەری خوێ ئاو مانگ.

٦- خەڵاتی کۆمەڵەی نووسەرانی کەنەدی بۆ شانۆ ١٩٨٥ بۆ



شانۆگەریی خوێ ئاو مانگ

٧- خەڵاتی دۆرا ماڤۆر موور ١٩٨٥ بۆ شانۆگەریی خوێ ئاو مانگ

٨- خەڵاتی چاڵمەرس بۆ شانۆی تازەی کەنەدی ١٩٧٤ بۆ شانۆگەریی لەم دواییانەوە... لە کێڵگەکانەوە. (پێنج جار بۆ ئەم خەڵاتە هەڵبژێردراوە.)

٩ - خەڵاتی پارێزگاری گشتی کەنەدا ١٩٨٥ بۆ شانۆگەریی خوێ ئاو مانگ

١٠ - خەڵاتی ئارسەر ئالیس بۆ چاکترین شانۆگەریی تەمومژاوی بۆ شانۆگەریی خەنجەری زیوین

١١ - خەڵاتی هارۆڵد ١٩٨٥

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە دەیڤد فرێنچ ئیستا لەگەڵ هاودەمەکەی (Partner) گلێندا مەکفەرلەین لە زستانان لە شاری تۆرۆنتۆ و هاوینانیش لە پرنس ئیدوارد ئایلەند دەژین. دەیڤد کوڕێکی هەیە بەناوی گەرێس و کچێکیشی هەیە بەناوی ماری[8]

پەراوێزەکان:

(١) زۆرم هەوڵ دا ژمارە و ڕۆژی ئەو ڕۆژنامەیەم بۆ ساغ نەکرایەوە، چونکە ماوەیەکی زۆر بەسەر دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە تێپەڕیوە و هەروەها ئەو کۆمێنتەش لەسەر بەرگی پشتەوەی کتێبی (دڵی سەرباز) دا نووسراوە.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە
http://en.wikipedia.org/wiki/Character(arts)

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئینسکلۆپیدیای ئەلەکترۆنی کۆلۆمبیا چاپی شەشەم ٢٠٠٧ ڕاگەیاندنی زانکۆی کۆلۆمبیا.

(٤) لە یەکێک لە ئیمێڵەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی " تالۆن بووک " و "

ئەنانسی" بۆ دەیڤد پرسیاری شانۆگەرییەکی نوێ لە دەیڤد دەکات سەبارەت بە بنەماڵەی مێرسەر.

(٥) سروودی "ئۆ کەنەدا" تەژی و لێوانلێوە لە پیرۆزکردنی هەستی نەتەوایەتی و کەنەداپەرستن.

(٦) وا بڕیارە لە هاوینی ئەمساڵ ٢٠٠٩، لە یادی شەست ساڵەی پێوەستبوونی نیوفاونلاند بە کەنەداوە، شانۆکانی نیوفاونلاند پێنج شانۆگەریی دەیڤد فرێنج پیشان بدەن و خودی دەیڤدیش ئامادە دەبێت و لەسەر بەرهەمەکانی دەدوێت.

(٧) تیمۆسی: گیایەکی باریک و درێژە گوڵێکی درێژکۆڵە دەگرێ بەسەری لاسکێکی درێژەوە (بۆ ئالف بەکار دێت)

(٨) پرنس ئێدوارد ئایلەند: هەرێمێکی بچووکە لە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا.

## سەرچاوەکان:


1-http://en.wikipedia.org/wiki/DavidFrench

2- http://www.davidfrench.net/

3-http://www. playwrightscanada.com/playwrights/davidfrench.html

4- http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=French%2C%20David

5- http://home.ca.inter.net/~cstephens/beaumonthamel/

6-http://en.wikipedia.org/wiki/NewfoundlandandLabrador

7- Soldiers Heart 2002

8- Leaving Home 1972

9- http://www.bookfinder.com/author/david-french/

10-http://www.canadiantheatre.com/dictpl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre

# شانۆگەریی دڵی سەرباز

شانۆگەریی دڵی سەرباز بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی " تاراگۆن" لە بیستی خەزانی ٢٠٠١ نمایش کرا کە ئەم شانۆکارانە ڕۆڵەکانیان بینی:

دارن کیی - یاقوب مێرسەر.

ڕاندی هاگسن – بێرت تایلەر.

ئۆلیڤەر بێکەر – عیسا مێرسەر.

دەرهێنانی – بیل گلاسکۆ

ئامادەکردن و دیزاینی جلوبەرگ – سو لیپەیج.

ڕووناکی – رۆبەرت تۆمسۆن.

دەنگ – ئیڤان تورنەر.

کاراکتەرەکان

یاقوب مێرسەر: شانزە ساڵ

بێرت تایلەر: سی و پێنچ ساڵ

عیسا مێرسەر: چل ساڵ



شوێن: وێستگەی شەمەندەفەری بەی ڕۆبەرتس لە پارێزگای نیوفاوندلاند لە کەنەدا.

کات: دووشەمە، نۆی پووشپەڕی ساڵی هەزار و نۆ سەد و بیست و چوارە.

شانۆگەریی "دڵی سەرباز" دەبێ بەبێ پشوودان نمایش بکرێت.

سەر شۆستەی وێستگەی هێڵی شەمەندەفەری "بەی ڕۆبەرتس"ە لە نیوفاونلاند.[1]

پشتەوەی شانۆ دیواری دەرەوەی وێستگەکەیە. لەسەر دیوارە تەختینەکەش دەرگەیەک هەیە کە بە ڕووی وێستگەکەدا دەکرێتەوە. لە هەردوو لای دەرگەکەوە پەنجەرەی شەفاف و ڕوون هەن کە بە هۆی شەوقی گڵۆپەوە بە ئاسانی دەبینرێن.

لەسەر شۆستەکە و لە نزیک دەرگەکەوە کورسییەکی دارینی بچکۆلە هەیە. لای چەپی شانۆشەوە عەرەبانەیەکی دەستی لێیە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل. لە تەنیشت عەرەبانەکەوە باوڵێک و دوو سندووقی دارین هەن کە ئامادە کراون بۆ گواستنەوە. گسکێکیش بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردراوە.

کات شەوی دووشەمەی نۆی پووشپەڕی ساڵی هەزار و نۆ سەد و بیست و چوارە.

لای سەرەوە، یاقوب مێرسەر لەسەر کورسییە دارینەکە دانیشتووە و کڵاوێکی پەڕۆینی لەسەر کردووە و جانتایەکی کۆنی ڕەنگ قاوەییش لەبەر پێیایەتی... یاقوب نیگەران دیارە. هەردوو ئانیشکی ناوەتە سەر ئەژنۆی و مڕ لە جگەرەکەی دەدات.

لە ژووری بەڕێوەبەری وێستگەکەوە کە کەوتووەتە تەنیشتی وێستگەکەوە، لەسەر گرامەفۆنەکەوە زۆر بەهێواشی گوێمان لە گۆرانی (با کوانووی ماڵەکانمان نێڵە نێڵی بێ)ی جەنگی جیهانی یەکەمە. دەرگەی وێستگەکە دەکرێتەوە و بێرت تایلەر دێتە ژوورێ. بێرت پۆشاکی فەرمی بەڕێوەبەری وێستگەی شەفەندەفەری پۆشیوە کە بەرگێکی شینی تۆخە، دوگمە مسە زەردەکانی سەر پۆشاکەکەی دەبریقێنەوە. بۆ ماوەی یەک تا دوو خولەک لە نێو دەرگەکەیا دەوەستێت و لە یاقوب و کڵاوە لارەکەی سەری ورد دەبێتەوە.

**بێرت:**

پێدەچێ شەوێکی هێواش و لەسەرەخۆ بێت، یاقوب. تا ئێستا تۆ یەکەمین کەسی کە بلیتت بڕیوە.

**یاقوب:**

ئەرێ بێرت، بۆچی ئەم شەمەندەفەرە دوابڕاوە هەمیشە وا دوادەکەوێت؟

**بێرت:**

هەمیشە نا، بەڵکو ئێستا. گوێ بگرە سووکی مەکە با ناوی



بەخراپ نەکەوێتە سەر زاری خەڵکی. ناوی خراپیش وەک نیشانەی زگماک وایە بەزەحمەت نەبێ لا ناچێت.

**یاقوب:**

(زەنگێک) خاتوو سادیی زۆری کەیفی بەو گۆرانییانەی جەنگ دێ، وانییە؟

**بێرت:**

بەریتانیای دەهێنێتەوە یاد... ئەوەم پێ نەگوتووی؟ ئەو شەوەی کە لە "لۆڤینکورت"ەوە بەرەو سۆم بەڕێ دەکەوتین، فەوجەکەمان ئەو گۆرانییەی دەگوت. ئەمشەو هەشت ساڵی تەواو بەسەر ئەو شەوەیا تێئەپەڕێت.[٢]

**یاقوب:**

گرەو دەکەم بێرت، زارەترەک بووی.

**بێرت:**

ئەو کەسەی بڵێت زارەترەک نەبووم ڕاست ناکات... لە کاتی جووڵانمان بەرەو بەرەکانی پێشەوەی جەنگ چەند سەربازمان دەبینی دەگەڕانەوە. یەکێکیان هاواری دەکرد، باع! باع! بۆ سبەی بەیانی تێگەیشتین لەوەی کە مەبەستی چی بوو.

**یاقوب:**

مەڕ بەرەو کوشتارگە؟

**بێرت:**

بەدڵنیایی.

(گۆرانییەکە تەواو دەبێت. یاقوب جگەرەکەی فڕێ دەدا. بەرەو

قەراخی شۆستەکە دەڕوات... سەیری کاتژمێرەکەی گیرفانی دەکات).

**یاقوب:**

ڕەنگە پێشت خۆش نەبێ کە ئەوەت پێ دەڵێم، بێرت، بەڵام لە نێو هەموو شەمەندەفەرە شەق و شڕەکانی ئەمریکای باکورا پێدەچێت کاریبو هێواشترینیان بێت.[٣]

**بێرت:**

ئەی نابینی کوڕێکی زیرەکی وەک تۆ چۆن مرخی لێ خۆش کردووە؟

**یاقوب:**

(فێڵبازانە) بە دڵنیاییەوە، خۆ شتێکی شاراوە نییە کە چەند هێواشە. تەنانەت لە ئنجیلیشدا باسی هاتووە.

**بێرت:**

سواربوونی زۆر ناخۆشە.

**یاقوب:**

کتێبی خوڵقاندنی جیهان.[٤]

**بێرت:**

خۆت ئەوەت هەڵبەستووە.

**یاقوب:**

بەشی یەکەم، دێری بیست و پێنج «خودا هەموو شتێکی وا خوڵقاندووە کە بەسەر زەمینا بخشێ.»

**بێرت:**

بە ئارەزووی خۆت پێ بکەنە... دەشێ کاریبو وەک هەمیشە لە



کاتی دیاریکراوی خۆیا نەگات، بەڵام بە نەفرەت بێت، گیروگرفتی زۆر لەبەر ڕێیە کە دەبێ خۆی لێ دەرباز کات. ساڵیش بەردەوام دەسووڕێتەوە.

**یاقوب:**

وەکو چی؟

**بێرت:**

وەکو بەفری قەدپاڵی گاف تۆپسەیڵ، یان وەک ڕەشەبای ساین ئەندروز و ڕێک هاوس. بۆچی ئەو ڕەشەبایە لە چیای تەیبڵەوە بەو هەموو گوڕ و تینەوە بەرەو خوارێ هەڵدەکا کە بۆی دەکرێ لەگەڵ خۆیا شەمەنەفەرێکی بارهەڵگر بەرەو دەریا هەڵگرێ، تەنانەت کەڵەکێوییەکیش بۆی دەکرێ شەمەنەفەرێک لەسەر هێڵەکەی خۆی لاببات. لە وەرزی شاخ ڕوانی خۆیاندا، کە شاخەکانی خۆیان تاقی دەکەنەوە.

لەوانەیە باوکت ئەوەی بۆ باس کردبی.[٥]

**یاقوب:**

نەخێر.

**بێرت:**

باسی نەکردووە؟

**یاقوب:**

نەخێر، بەهیچ جۆرێک... من ئەوەندەی لەگەڵ تۆ و ئەفسەر کێڵی قسە دەکەم ئەوەندە لەگەڵ باوکما نایکەم.

**بێرت:**

ئاوا، منیش ماوەیەکە ئەوەندە نایبینم. خۆشت دەزانی، لەوە

دەچێ پێوەندیمان تەواو پچڕابێ.

**یاقوب:**

دەردەکە تۆشی گرتووتەوە.

(وچانێک).

**بێرت:**

یاقوب، ئەمڕۆ چی ڕووی داوە؟ دیارە هەردووکتان پێکەوە شەڕ و دەمەقاڵێتان بووە؟ وانییە؟

**یاقوب:**

بۆ؟ چی وای لێ کردی کە بیر لەوە بکەیتەوە؟

**بێرت:**

من گەمژە یم. بلیتی ڕۆیشتن بۆ ساینت جۆنزم پێ فرۆشتووی، وانییە؟ بلیتی یەک سەریشت بڕیوە... لەگەڵ ئەوەشا بەیانی دەی پووشپەڕە. هەردووکمان دەزانین کە ئەو ڕۆژە چۆن لەپەلوپۆی دەخات.[٦]

**یاقوب:**

پێناچێت بتوانێ هیچ یارمەتییەک بۆ خۆی فەراهەم بکات.

**بێرت:**

دەزانم. ئەوەم لە یادە کە وەکو کرێکاری شەمەندەفەر کاری دەکرد. یەکەم ساڵی گەڕانەوەمان بوو لە جەنگ...

ئەو زستانە شەمەنەفەرێکمان لە هێڵی خۆی ترازابوو: ئەندازیارەکە لەو ڕووداوەیا گیانی لەدەست دا، ئەوە بوو کەس پێی نەزانی تا ئەو کاتەی خەت کرایەوە و کاریبوو بە خێراییەکی زۆر بێ ئەندازە لە کات هێڵسەوە دەستی بە



هاتوچۆ کرد... گرەوت لەگەڵ ئەکەم ئەو چیرۆکەی بۆ باس نەکردووی، بۆی باس کردووی؟[٧]

**یاقوب:**

نەخێر.

**بێرت:**

عیسا لە دواین فارگۆنا بوو. بە پەیژەیەکا هەڵگەڕابوو بۆ سەر بانیژەی شەمەندەفەرەکە و بەوێشدا هەڵدەگژا، ڕاڕەوەکە بەهۆی بەفرەکەوە خلیسک بوو، شەمەندەفەرەکە تەقوهوڕی پێکەوتبوو، دەتگوت دەرگەیەکە و ڕەشەبا بە ئارەزووی خۆی دەیهێنێ و دەیبات. ئەوە بوو لە کاتی خۆیدا بە فریای مەکینەکە کەوت. بەرلەوەی بگاتە پێچەکە.

**یاقوب:**

ئای خوایە، بێرت.

**بێرت:**

باش بوو نەکوژرا... لێخوڕی شەمەندەفەر، لە ناو هەموو ئیشوکارەکانی شەمەندەفەرا، پڕ مەترسیترینیانە.

دەزانی چی ڕۆڵەکەم؟ من ئەوەم دەزانی بۆچی ئەوەی بەدڵ بوو.

**یاقوب:**

باوکم.

**بێرت:**

بەڵام پێی مەڵێ کە من پێم گوتووی، گوێت لێمە؟ لەوانەیە بەهەڵە تێ بگات.

**یاقوب:**

بۆچی؟ چۆن ئەوە بەهەڵە تێ دەگات؟

**بێرت:**

باشە، لەوانەیە وا بیر بکاتەوە کە من مەبەستم لەوە بووە هەوڵی ئەوەی دابێ کە... خۆت تێ دەگەی.

**یاقوب:**

لە چی تێ ئەگەم؟

**بێرت:**

بەلاتەوە سەیر نەبێ. پێت وا نەبێ هەمیشە لەدووی کاری وا گەڕابێ، وایە؟ بە ئەنقەست نەبووە.

**یاقوب:**

چی بکات؟ خۆی بکوژێت؟

**بێرت:**

دەنگت نزم بکەوە!.. من باسی شتی وام نەکردووە، هیچم گوتووە؟ تەنیا ئەوە نەبێ کە...

**یاقوب:**

چی؟ (دواتر) بێرت، چی؟

**بێرت:**

هیچ. با واز لەو باسە بهێنین. (دەست دەکات بە گسکدانی شانۆکە.)

**یاقوب:**

(دوای دەکەوێت) تکایە هەست نەکا کە من هیچم بۆ باس



کردوویت، باشە؟ بەڵێنم پێ ئەدەی کە سەیدیش نەیزانێ؟ بەڵام هەندێ جار... هەندێ جار لەگەڵ مامە وێڵ قسە دەکات.

**بێرت:**

ئەها؟

**یاقوب:**

بەزۆری لە سەروبەندی ئەم کاتانەی ساڵا. یان لە کاتێکا کە زۆری خواردبێتەوە.

**بێرت:**

دەزانی چی بۆ وێڵ باس ئەکرد؟

**یاقوب:**

نەوەڵا هیچی لێ نازانم. بۆچی؟

**بێرت:**

(خۆی لە پرسیارەکە ئەدزێتەوە) هیچ، هەروا.

**یاقوب:**

کە تووشی ئەو بارودۆخە دەبێ دایکم ناچارم دەکات بچمە دەرەوە، پێی خۆش نییە بەو جۆرە باوکم ببینم... ئەمساڵ، ئەوە بۆ یەکەمین جارە کە مام وێڵ بێتە خەونی. دایکم گوتی لە کڵێسای گۆڕستانەکەی ئینگلتەراوە لە 'کۆلیس پۆینت'ەوە بانگی باوکتی کردووە.[٨]

**بێرت:**

بە دڵنیایی، وێڵ لێرە نەنێژراوە، لە فەرەنسا نێژراوە. من و باوکت پێکەوە گۆڕەکەیمان هەڵکەند.

کڵاوەکەی و مەدالیاکەی ملی کە ناوی خۆی لەسەر هەڵکۆڵرابوو بە قۆناغی تفەنگەکەیەوە هەڵواسی.

**یاقوب:**

دایکم گوتی دوێنێ شەو کە بەخەبەرهاتوە باوکم لە ناو جێگەی نوستنەکەی نەبووە. دوایی لە حەوشەی کڵێساکە بینیویەتی کە چواردەخۆرەکەی، ئەوەی کە لە جەنگ هێنابوویەوە، ڕووەو ئاسمان

ڕادەتەکێنێ.

**بێرت:**

ئەی خوای گەورە.

**یاقوب:**

چواردەخۆرەکەی پڕ لە فیشەکە. کە دەخەوێت دەیخاتە ژێر سەرینەکەیەوە.

**بێرت:**

بەڵێ، وایە، وێڵ لە دەی پووشپەڕدا مرد... من دەبوو هەر لەوێدا دڵی عیسام دەربهێنایە.

بەربادە، تا دێ زیاتر ئارامی لەبەرهەڵئەگرێ.

**یاقوب:**

بۆچی؟ چی کردووە؟

**بێرت**

تاڕادەیەک، گەلێ ئەزموونی شێتانە. جارێکیان بەدوای نیشانگرێکدا دەگەڕا تا بیکوژێت، ئێمە دەمانزانی ئەو



جاڕسکەرە خۆی لە کوێدا حەشارداوە، ئەوەبوو گوللەیەک خەریک بوو سەری هەڵگرێ..

گوللەکە بەر تاڵە قژەکانی سەری کەوتبوو.

**یاقوب:**

خۆت باش دەزانی پێی خۆش نییە دەربارەی جەنگ بدوێ، تەنانەت بۆ دایکیشمی باسی ناکات.

زۆر هەوڵم داوە لەگەڵی بیهێنمە گۆ، بەڵام هیچ کەڵکی نییە.

**بێرت:**

ڕاستە، زۆر لە پیاوان خۆشییان بەو باسانە نایەت.

**یاقوب:**

بەڵام تۆ باسی ئەکەیت.

**بێرت:**

بەڵێ، کە قسەی لەبارەوە دەکەم، ئیسراحەت دەکەم.

**یاقوب:**

لەوانەیە باوکیشم بەوە ئیسراحەت بکات. لەوانەیە؟ (دواتر) لەوانەیە بێرت؟

**بێرت:**

لەوانەیە کۆمەکی پێ بکات... لەوانەشە چاوەڕێی ئەوەشی لێ بکەی کە وانەبێ.

**یاقوب:**

مەبەستت لە چییە؟

**بێرت:**

هەر پیاوێک دەگری ئەزموونی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە تەماشای من بکە. من نە لە سۆم برام کوژراوە و نەوەک عیساش بە خەستی بریندار کراوم... فەوجی سەربازی نیوفاونلاند لە بیومۆنت هاملّ سەرلەبەری تیاچوو، کەچی من دەرباز بووم بێ ئەوەی پەنجەیەکیشم خوێنی لێوە بێت.[٩]

**یاقوب:**

تائێستاش من سەرم لەوە دەرناچێ. تۆ ژیانی ئەوت ڕزگار کرد لەوێ، کەچی زۆر بەدەگمەن قسەت لەگەڵ دەکات. ئەمەم بۆ لێک بدەرەوە؟

**بێرت:**

ئەوە بۆ من نییە بۆتی لێک بدەمەوە.

**یاقوب:**

خۆ دەبێت شتێک لەو بارەیەوە بزانیت؟

**بێرت:**

یاقوب، لەوانەیە بەوپەڕی سادەییەوە خۆی نەیویستبێ ڕزگاری ببێ. گوێ بگرە، مەمکەرە قارەمان. قارەمانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە نەگەڕایەوە. وەکو مامە وێڵی ئێوە. (بەردەوامە لە گسکدان).

(دواتر عیسا مێرسەر لە دەرگەوە دەردەکەوێت، بەبێ ئەوەی نە یاقوب و نە بێرت هەستی پێ بکەن...

عیسا چاکەت و پانتۆڵێکی خوری دڕی لەبەردایە، جووتێ



پێڵاوی ڕەشی کردووە بەسەر پێوە. کڵاوێکی نەقشداری لەسەردایە. پیاوێکی سەرنجڕاکێش دیارە و شتێک نیگەرانی کردووە کە ڕەنگە بەهۆیی ئەوەوە بێ ئازارێک لە چاوەکانیا پەنگی خواردووتەوە، کە وای لێ کردووە نائارام دەرکەوێ).

**یاقوب:**

بێرت ئەوەشت لەبیر نەچێت، لە زەماوەندی ئەفسەر کێڵی بووم... کاتێک کە تۆ هاتی بۆ کڵێساکە من لە تەنیشت باوکمەوە ڕاوەستابووم. بینیم چ نیگایەکی لێ گرتی. ئەوەی ڕق و تووڕەبوون بێ لە چاوەکانی بەدی نەدەکرا، بەڵکو...

**بێرت:**

بەڵکو چی؟

**یاقوب:**

ناتوانم پەنجەی لەسەر دابنێم... ئەوەندە دەزانم هەر کە تۆی بینی کتوپڕ ڕووی خۆی وەرگێڕا و چووە دەرەوە. بۆچی وادەکات؟ پێم مەڵێ لەبەرئەوەی ژیانیت ڕزگار کردووە، من ئەم قسەیەت لێ ناکڕم.

**عیسا:**

وەڵامی بدەرەوە، بێرت. ئەوەی پێی خۆشە بیزانێ پێی بڵێ، لەوانەیە زمانی خۆتت بۆ ڕانەگیرێ.

(بێدەنگی. عیسا و بێرت تەماشای یەکتر دەکەن)

**بێرت:**

ماوەی چەندە لێرە وەستاوی، عیسا؟

**عیسا:**

ماوەیەکی زۆرە... ئاوا بەم جۆرە کات بەفیڕۆ دەدەی؟ ئاوا موشتەرییەکانت ئاسوودە دەکەی؟ لەم سەر شۆستەیە خۆت دەنوێنی، شانازی بەوە دەکەی کە چۆن ئامێری بێتەل بەکار دەهێنی؟

**بێرت:**

لە ڕاستیدا، بەهیچ جۆرێک.

**عیسا:**

یەکەم شەوی سۆم بوو خەڵکینە. خودی مێرسەر لە خاکی بێ خاوەنا بریندار بوو. وەکو فەردە ئاردێک دام بە شانما و هەڵم گرت و هێنامەوە بۆ نێو ڕیزەکانی خۆمان... ئەوەت بۆ سادیی نەئەگێڕایەوە؟ سادیی دەبێ تۆزێ بەخۆی بنازێ کە شووی بەقارەمانێکی لێهاتووی جەنگ کردووە.

**بێرت:**

عیسا، تۆ سەرخۆشی.

**عیسا:**

خواردوومەتەوە، بەڵام سەرخۆش نیم.

(لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ، شووشەیەکی بچووکی مەی لە دامێنی چاکەتەکەی دەردەهێنێ و دەست دەکا بە خواردنەوە.)

**یاقوب:**

باوکە، ئەو بە خۆی نانازێ. یەکەم جار من بۆ خۆم ئەو بابەتەم ورووژاند، نەک ئەو.



**عیسا:**

نەخێر وا نییە.

**یاقوب:**

وابوو، وانەبوو، بێرت؟

**بێرت:**

تۆ خۆتی تێ هەڵمەقورتێنە، پێویست بەوە ناکات لایەنی من بگری، ئەمە ئەوە ناهێنێت.

(گسکەکە دەخاتەوە پاڵ دیوارەکە و دەڕواتە دەرێ.)

(وچانێک... عیسا شووشە مەیەکە دەخاتەوە گیرفانی و هەڵدەستێتە سەر پێ).

**عیسا:**

زۆر چاکە، یاقوب، ئادەی بیهێنە ئێرەوە. با خۆمان لە بەرچاوی بێرت نەکەین بە سینەما.

**یاقوب:**

چی بهێنم؟

**عیسا:**

یاریم لەگەڵدا مەکە، بیهێنە ئێرەوە.

**یاقوب:**

هیچم پێ نییە تا بیهێنم.

**عیسا:**

پێت وانەبوو کە من تێبینی شوێنەکەی ئەکەم؟ یان وات زانی بۆی دەرئەچی و دەڕۆی بەرلەوەی من هەستی پێ بکەم؟

(بە هێواشی دەکێشێ بە لاکەلەکەی یاقوبا) کوا جانتاکەت؟

**یاقوب:**

پێم نییە. لە پردەکەی کلۆندایکەوە فڕێم دایە خوارەوە، فیشەکەکانیش.[١٠]

**عیسا:**

ئادەی نیشانمی بدە، جانتاکەت بکەرەوە.

**یاقوب:**

نایکەمەوە.

**عیسا:**

پێت دەڵێم بیکەرەوە.

**یاقوب:**

نایکەمەوە.

(عیسا دەست بەسەر جانتاکەدا دەگرێ، ئینجا قەڵەمبڕەکەی دەردەهێنێ و هەوڵی کردنەوەی قفڵی جانتاکە دەدات.)

باوکە، بۆچی ئەو چواردەخۆرەت هێناوەتەوە ماڵێ؟ تۆ لەو جۆرە کەسانە نیت کە یادگاری بپارێزی.

وەکو ئەفسەر کێڵی کە خوودە ئەڵمانییەکەی خۆی پاراستبوو.

**عیسا:**

ئەوە یادگاری نییە، ئەوەم لەو پیاوەم داگیر کرد کە لە سۆم کوشتم.

**یاقوب:**

وانییە؟ کەواتە پێم بڵێ چییە؟ بۆچی هەمیشە لەسەرپێ و



ئامادە دات ناوە، بۆ؟

(عیسا هیوابڕاو دەبێ، قەڵەمبڕەکەی هەڵدەگرێ و جانتاکە لەبەریەک هەڵدەوەشێنی.)

لەویا نییە، باوکە. من پێشتر پێم گوتی کە فڕێم داوەتە ناو ڕووبارەکەوە.

(عیسا ناو جانتاکە دەپشکنێ، ئەوە نادۆزێتەوە کە بۆی دەگەڕێ. کراسێک دەپشکنێ، لەناویا وێنەیەکی چوارچێوەبەندی تێدایە)

**عیسا:**

ئەمە چی دەکات لای تۆ؟

**یاقوب:**

ئەوە دایکم پێی داوم، گوتی مامە وێڵ گرتوویەتی لە سەرووەختی ئەوەی کە خەریک بوون لەندەن بەجێ بهێڵن، چەند هەفتەیەک پێش ئەوەی بچنە سۆم... ئەوەش سێبەرەکەیەتی لەسەر زەوییەکە دیارە.

(عیسا بۆ تاوێ لە وێنەکە وردەبێتەوە، پەنجەکانی بەسەر شووشەکەیا دەهێنێ و پاشان دەیخاتەوە ناو جانتاکە و دەمی جانتاکە دادەخاتەوە.)

**عیسا:**

ئەوە چییە یاقوب؟ تۆڵەم لێ دەکەیتەوە؟ بۆچی ئاوا بەدزییەوە بۆی دەردەچی؟ هەر وەکو دزی نیوەشەو.

(یاقوب وەڵام ناداتەوە.)

ئەوەندەت جورئەت نییە ڕووبەڕووم بیتەوە؟ ئاوا دەبێ؟
دەتویست وەک ڕێوی خۆت بدزیتەوە؟

(هەمدیسان یاقوب هیچ ناڵێت)

وەڵامم بەرەوە، هەی نەفرەتی! لەگەڵ تۆمە!

**یاقوب:**

خۆم نادزمەوە.

**عیسا:**

تۆ خۆت نەدەدزییەوە؟

**یاقوب:**

بە هیچ جۆرێک.. بەدایکم گوت کە نامەتان بۆ ئەنێرم.

**عیسا:**

تاکە یەک وشە چییە بە منت نەگوتووە، هیچت پێ گوتووم؟ تەنانەت بە وشەیەکیش دڵنەواییی منت نەداوەتەوە .

جانتاکەت پێچاوەتەوە و یەکسەر بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر هاتووی. تەنانەت بەبێ ئەوەی دەستێکیش بۆ خواحافیزی بەرزکەیتەوە. هەر لەبەرئەوەی کەمێک دڵمان لێک ئێشاوە.

**یاقوب:**

هەر دڵ ئێشان؟ بەڵکو زۆر لەوە زیاتر بوو، باوکە. زۆر زیاتر بوو لە دەمەقاڵێیەکی سادە و بچووک.

(بێرت بە خۆڵڕێژێکەوە دەگەڕێتەوە و خۆڵەکە کۆ دەکاتەوە.)

**عیسا:**

(دواجار ڕوو دەکاتە بێرت) یاقوب ئەوەندەی کاتەکانی لێرە لە



وێستگەی بەی ڕۆبەرتس بەسەر دەبات ئەوەندە لە ماڵەوە بەسەری نابات. پێم ناڵێی لێرە چی دەکات؟ دیارە هەراسانی کردووی؟ لە ماڵیشەوە مڕومۆچ دادەنیشێ بەبێ ئەوەی دوو وشە لە دەمی بترازێ.

**یاقوب:**

ئەوە تۆی دوو وشە لە دەمت نایەتە دەرەوە، نەک من!

**عیسا:**

هێی تۆ! ئاگات لە دەمت بێ چی دەڵێی. من هێشتا هەر باوکتم. ئەگەر بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا بکەی ئەوا...

**یاقوب:**

(قسەکەی پێ دەبڕێت) ئەوا چی؟

**بێرت:**

عیسا، یاقوب تەمەنی شازدە ساڵانە و دەیەوێت بزانێت ئێمە لەودیوی ئۆقیانووسەکانەوە چیمان کردووە.

ئەوەش مافێکی سروشتیی خۆیەتی. پۆستەری سەربازە بەریتانییەکانت لە یاد ماوە؟ باوکە تۆ لە جەنگی جیهانییا چیت کردووە؟

**عیسا:**

چیت بۆ باس کردووە؟ پێت گوتووە چۆن لە ساڵی هەزار و نۆ سەد و چواردەدا من و تۆ و وێڵ کەوتینە ڕێ بۆ ئەوەی جیهان ڕزگار بکەین؟

**بێرت:**

دەربارەی هەندێک لەو تێکۆشەرانە.

**عیسا:**

(بەخەمگینییەوە) کوڕینە بۆچی پێوەندیمان کرد بەسوپاوە؟

بۆچی پێوەندیمان کرد بەسوپاوە؟

بۆچی خۆمان گەیاندە فەڕەنسا تا بجەنگین؟

دەبێت زۆر کەللەپووت بووبین.

**بێرت:**

ئەو دەمە ڕۆژگار بە جۆرێکی تر بوو.

**یاقوب:**

باوکە ئەوەت لە یاد نەچێت زۆرێک بڕوایان بەوە هەبووە کە جەنگ لە دوای جەژنی لەدایکبوونەوە ئیتر کۆتایی پێ دێت.

**عیسا:**

بەڵێ، وێڵ دەیویست ئەو پایزە لەگەڵ ڕوبی پارسۆنی لاودا بڕوات بۆ بۆستۆن. ئەوە من بووم پەشیمانم کردەوە و نەمهێشت بڕوا، گوتم «ئەیکەین بە شۆخی؛» بەڵێ «گوێکانی قەیسەر دەبڕین و دەیخەینە کارتۆنەوە، لەوەش هەندێک پارە پەیدا دەکەین.»

**بێرت:**

هەر هەموومان بەخۆمانا دەنازین.

**عیسا:**

(گۆرانی دەڵێ) قەیسەر بێڵ بە نیازی ئەوەی یارییەکی کریکێت بکا بەسەر گردەکەدا هەڵگەڕا تۆپەکەی لە دەلنگی پانتۆڵەکەیەوە هاویشت و هەڵقەی ناوەڕاستی پێکا.[١١]



(شووشە مەیەکە دەردەهێنێ) تەنیا برێکمان دەمانزانی چی چاوەڕێمان دەکات...

**یاقوب:**

(نائومێدە لە قسەکانی باوکی) بێرت دەڵێ فەوجەکەمان لە کەشتیوان و ڕاوچی و فەرمانبەر و دارتاش و مامۆستا پێک هاتبوو. پیاوانێک لە هارتس دیلایت و تیکڵ هاربەرەوە هاتبوون.[١٢]

**بێرت:**

بڕوا بکە، هەندێکیان نەخوێندەواریش بوون.

**یاقوب:**

تۆ لە یاریگای کریکێتە کۆنەکە لە پلیسانتڤیل مەشقت دەکرد. لە یانزەی ڕەزبەر بە سواری فلوریزەڵێکی بچکۆلەوە بە ناو هەموو ساینت جۆنزا سووڕانەوە، کە بچووکترین پاپۆڕ بوو لە خێراییا.[١٣]

**بێرت:**

ئەو بەهارە لە ڕاوکردنی ماسیخۆرەدا بوو و بۆنی زەمهەریری لێ دەهات... ڕۆژێکیان چوومە بەرهەیوانی پاپۆڕەکە تا هەوایەک هەڵمژم... گەس پریتچارد لەوێ بوو، گەنجێک بوو خەڵکی ویتلێس بەی.

(ڕوو لە عیسا دەکات) لە یادتە؟[١٤]

**عیسا:**

گەس، خەڵکی ویتلێس بەی نەبوو، بەڵکو خەڵکی دەوروبەری بێرنت کۆڤ بوو.[١٥]

**بێرت:**

پێت سەیر نەبێ. بینیم بەسەر لێواری کەشتییەکەدا نوشتابووەوە، لەپێشا پێم وابوو نەخۆشە، دوایی خۆم لار کردەوە و بینیم کە تەماشای چی دەکات.

**یاقوب:**

بێرت، تەماشای چی دەکرد؟ دۆلفین؟

**بێرت:**

نا، ئەو ڕۆژە نا... لەوانەیە باوکت بتوانیت پێتی بڵێ. ئەویش لەو کاتەدا هەر لەسەر پشتی کەشتییەکە بوو.

**یاقوب:**

باوکە پریتچارد تەماشای چی دەکرد؟

(دواتر) باوکە؟

**عیسا:**

(زەنگێک) ئەسپەکان.

**یاقوب:**

ئەسپەکان؟

**عیسا:**

ئەسپە تۆپیوەکانی هێزی سوارە، بەدرێژاییی بەندەرەکە کەوتبوونە سەر ڕووکاری ئاوەکە.

**بێرت:**

فلوریزەڵ لەگەڵ ئەو کاروانەی کە لە کەنەداوە بەرێ کەوتبوو، یەکی گرتەوە. ئێمە لە سێ قۆڵەوە گەشتەکەمان دەست پێ کرد،



کەشتییەکی جەنگی بەریتانییش کەوتبووە پێشمانەوە و کەشتییەکی نەفەرهەڵگریش لە دواوە بوو. لە هێڵەکەی ئێمەوە سێ پاپۆڕ کەوتبووە بەرەوە، کە هێڵی بەندەری مۆنتازوما بوو. ئەم کەشتییانە بەهەزاران ئەسپیان لەگەڵ خۆ هەڵگرتبوو. هەندێکیان لە یازدەمین ڕۆژی گەشتەکەمانا بەرەو بەریتانیا لەپەلوپۆ کەوتن. لە ئاوەکەدا خنکان.[١٦]

**یاقوب:**

هەموویانتان دەهاویشتە دەریاوە؟

**عیسا:**

لە هێڵی ئێمەوە چوار یان پێنج دانە لە ڕۆژێکدا.

**بێرت:**

پیاوەکان زۆر بەئاستەم دانیان بەخۆدا گرتبوو، وانەبوو عیسا؟ هەندێک لەوانە وازیان لە یاری کاغەزێن هێنا.

دیمەنی ئەو ئەسپانەی کە دەکەوتنە سەر ئاوەکە ئارامی لەبەر بڕیبوون، لەپڕێکا...

**عیسا:**

هەندێ لە پیاوەکان لە پشتەوەی کەشتییەکە کۆبوونەوە. لەسەر ڕووی کەشتییەکەوە ئەوەی دەنگ بێ نەدەبیسترا، تەنیا دەنگی شڵپ و هوڕی ئاوەکە نەبێ کە کەشتییەکە شەقی دەکرد. جێنیشانی کەشتییەکە بە نیو میلێک لە پشتمانەوە بەجێمان. لە نێو کەفەکەدا دەتتوانی بیانبینی... ئەو ئەسپە قەشەنگانەی هێزی سوارە کە لە ناو بازنەیەکی هێواشا دەهات و دەچوون. هەر وەکو گەلای وەریو دەخولانەوە و لە نێو کەفی سپی

کەشتییەکەدا بەجێدەمان.

(بێدەنگی. لەو بێدەنگییەدا گۆرانییەکی بەجۆشی جەنگ لە گرامافۆنەکەوە دەبیسترێ... ڕێگەیەکی درێژە بەرەو تیپەڕەری.)

**بێرت:**

ئەم گرامافۆنە بەنەفرەت بێ! نازانم بۆچی ڕێگەم بە سەیدی دا کە داوام لێ بکات بیکڕم. سەیدی نازانێت کە ئەم گۆرانییانە چۆن پیاو دەهەژێنن.

**عیسا:**

ئێوە دەربارەی شەڕ قسە ناکەن؟

**بێرت:**

دەربارەی سۆم نەخێر، ئەگەر مەبەستت لەوە بێت. هەندێ شت هەن کە دەست لێ نەدراون، ئەوەت لە یادە؟

تەنانەت بۆ ژنانیش... (بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات)

باشترە بچم بزانم کاریبو چی بەسەرهاتووە. هەموو ئەوەی لێمان ڕوونە، هەر ئەوەیە کە ئەو شەمەندەفەرە نەعلەتییە کۆنە هەمدیسانەوە لە ڕێڕەوەکەی خۆی ترازابێت. (دەڕواتە دەرەوە)

(وچانێک، یاقوب قایشەکەی دەکاتەوە و جانتا دڕاوەکەی پێ مەحکەم دەکات.)

**عیسا:**

(بەدوای شتێکدا دەگەڕێ بیلێت) شتێکی سەیر نییە دوابکەوێت. زیاتر لە پێنج سەد میلی بەناو دوو هێڵی تەسکا دەڕوات. خێراییەکەی بیست میلە لە دەمژمێرێکا... جارێکیان



بیل ڕاسڵی پیرم بینی لە فارگۆنی یەکەمەوە خۆی هەڵدایە خوارێ و سەتڵەکەی پڕ کرد لە تووترک و خۆی هاویشتەوە ناوی، بەرلەوەی فارگۆنەکانی لە چاو ون ببێ. ئەمجا ئەوە بهێنە پێش چاوی خۆت.

(گۆرانییەکە نامێنێ، لەوەدەکات بێرت دەمودەست بەکرەکەی لابردبێ)

**یاقوب:**

بڕواناکەم تۆ بەم شەوە تاریکە بۆ ئەوە هاتبی ئەوەم پێ بڵێی، وایە؟ یان هاتووی بۆ ئەوەی چواردەخۆرە ئەڵمانییەکەت ببەیتەوە؟

**عیسا:**

دایکت هیوای دەخواست بەر لە گەیشتنی شەمەندەفەرەکە بێمە لات و کەمێک دڵنەواییت بدەمەوە. دایکت دڵنیا بوو لەوەی کە چەندە هەڵەشە و سەرەڕۆی.

**یاقوب:**

هەڵەشە و سەرەڕۆ؟

**عیسا:**

هەروەها کەللەڕەق... بۆچی جارێکی تریش بەخۆدا ناچیتەوە؟ هیچ پێویست بەوە ناکات بڕۆی، سەرەڕای ئەوەش پێم بڵێ ئەم بەیانییە چی ڕووی داوە؟

**یاقوب:**

هیچ ڕووی نەداوە؟

**عیسا:**

یاقوب، ئەوەی من کردم هەڵە بوو، من بەر لە هەرشتێ دان بەوەدا دەنێم کە... سوێند دەخۆم کە خۆشم نازانم چۆن ئەوە ڕووی دا.

**یاقوب:**

تۆ خەریک بوو بمکوژی باوکە.

**عیسا:**

وا مەڵێ... بەدرێژاییی ئەمڕۆ لە نێو دارستانەکەدا خۆم دەخلافاند. ئێستا کە گەڕامەوە ماڵێ، دایکت لە ناو تاریکییەکەدا دانیشتبوو، لێم پرسی «ڕاشێڵ ئەوە چی بووە؟» گوتی «ڕۆیشت»، گوتم «کێ ڕۆیشت؟»

تێ نەگەیشتم لەوەی کە مەبەستی لە کێیە، گوتی «یاقوب». بەو شێوەیەی کە ناوەکەتی چرپاند، تێگەیشتم لەوەی کە هەرگیز لێم نابووری.

**یاقوب:**

خۆت دەزانی، هەر ئەوەش مێشکی جەنجاڵ کردووی.

**عیسا:**

پێم مەڵێ چی مێشکی جەنجاڵ کردووم، تۆ نازانی چی مێشکمی بەگیر هێناوە، نە تۆ و نە دایکیشت لەوە تێ ناگەن.

**یاقوب:**

چۆن بزانین؟ تۆ ڕۆژ نا ڕۆژێکیش دوو قسە بۆ ئێمە ناکەی.

**عیسا:**

ئەوە ڕاست نییە.



**یاقوب:**

ڕاست نییە؟

**عیسا:**

باشە، ئەوە نییە من ئێستا قسەت لەگەڵ دەکەم، وانییە؟ ئای بە نەعلەت بێ، ئەمە وەکو ددان کێشان ناخۆشە!

(وچانێک)

**عیسا:**

بە هەرحاڵ، بەنیازی لە ساینت جۆنز چی بکەی؟ لەسەر کورسی باخچەیەک هەڵدەکورمێی یان لە بەردەرگەی ماڵانا وەکو سەگێکی بێ خاوەن دەنووی؟

**یاقوب:**

ئەتوانم خەمی خۆم بخۆم.

**عیسا:**

بەڵێ، دەتوانی.

**یاقوب:**

باشیش دەتوانم.

**عیسا:**

یاقوب، تۆ هێشتا تەمەنت پانزە ساڵانە. پانزە ساڵ!

**یاقوب:**

من شانزە ساڵانم. دوو هەفتە پێش ئێستا پێم ناوەتە شانزە ساڵییەوە. تەنانەت بێرت تایلەریش ئەوە دەزانێت.

**عیسا:**

شانزه ساڵی هێشتا تفڵێکه.

**یاقوب:**

خانوویەکی کرێ پەیا دەکەم و کارێک ئەدۆزمەوە.

**عیسا:**

ئیشی چی؟ ئیش دەگمەنە، خاوەن ئەزموونێکی وەکو منیش بۆی ناکرێ لەوێ کارێک بدۆزێتەوە.

**یاقوب:**

مشوری خۆم ئەخۆم.

**عیسا:**

لە ڕێی خوا، ئەوەی ئازار بێ پێم نەگەیاندووی، بۆ خۆشت ئەوە باش دەزانی، نایزانی؟ ئەوەی ئەم بەیانییە ڕووی دا، بە ڕوون و ڕەوانی ڕێککەوت بوو.

**یاقوب:**

(بەگومانەوە) ڕێککەوت بوو؟

**عیسا:**

گەیشتوویتە تەمەنی ئەوەی کە گیانی لێبوردن و فەرامۆشیت تیا بێت. وا تەمەنت شانزە ساڵە، پیاوێکی کامڵ و پێگەیشتووی؟

**یاقوب:**

تۆ چەقۆت ناوەتە سەر گەردنم باوکە! چەقۆ. چۆن زاتی ئەوە دەکەی، من کوڕی تۆم!



**عیسا:**

سوێند دەخۆم بۆ خۆشم نازانم چۆن ئەوە ڕووی دا. لە کادینەکە بووم، قەڵەمبڕەکەم تیژ دەکردەوە، وەختێ کە تۆ لە پشتمەوە دەرکەوتی، لەپڕێکا ڕات چڵەکاندم.

**یاقوب:**

من لە چاوەکانت ورد بوومەوە، تۆ نەتئەزانی من کێم.

**عیسا:**

زۆر بە خێرایی ڕووی دا، وەک ئەوەی هێشتا هەر لە...

**یاقوب:**

چی باوکە؟ ئێستاش دەچیتەوە بۆ ناو ڕۆژگاری کوشتار و جەنگ.

**عیسا:**

لەوانەیە مەستی شەرابی ڕام وای لێ کردبم، هەندێک جار زۆر لەوانە دەشێ...

**یاقوب:**

(قسەکەی پێ دەبڕێ) بەدوای بیانوودا مەگەڕێ، باشە؟ ئەوە بەهۆی شەرابی ڕامەوە بوو تا لۆمە و سەرزەنشتی بکەی. هەر شتێکت لە فەڕەنسا بەسەر هاتووە، دەبێ دانی پیا بنێی.

**عیسا:**

بۆچی؟ بێرت چی بۆ باس کردووی؟

**یاقوب:**

دەربارەی چی؟ (دواتر) ڕوونتر بدوێ، دەربارەی چی؟

**عیسا:**

ناتوانی تەواو بڕوای پێ بکەی، هەندێ جار بەهەڵەدا دەچێ.

**یاقوب:**

وەکو چی؟ وەکو ئەوجارەی کە کاریبوت ڕزگار کرد؟ یان وەک ئەو کاتەی کە لە مردن ڕزگاری کردی؟ کامەیان؟.

**عیسا:**

ئیتر لێرەدا بیبڕەوە. پێشتر ئاگەدارم کردیتەوە، کە بەو شێوەیە قسەم لەگەڵا نەکەی.

**یاقوب:**

ئینجا چی دەکەی؟ لێم دەدەی؟ وەکو چۆن لە هێنری سپارکست دا و چەناگەیت بۆ شکاند.

**عیسا:**

هێنری سپارکس شایەنی ئەوە بوو چەناگەی بۆ خوار بکەی.

**یاقوب:**

هێڵی شەمەندەفەر تۆیان بەدڵ نەبوو، لەبەر ئەوە دەریان کردی کە هێرشت کردبووە سەر بلیتبڕەکە... تۆ بەخت یاوەرت بوو لەوەی هێنری ترسابوو شکاتت لێ بکات.

**عیسا:**

ئەو لەپشتمەوە تەرەقەی تەقان، دەیویست بزانێت لە ترسا خۆم لەسەر زەوییەکە پاڵ دەخەم یان نا... پیاوی وا شایانی ئەوە نییە پشتی پێ ببەستی. بۆ خۆی بۆ یەک ڕۆژیش مەشق و ڕاهێنان چییە نەیکردووە. واز لەو چوار ساڵەش بهێنە کە لە



سەنگەرەکانا بردوومەتە سەر.

**یاقوب:**

بۆچی؟ ئەوە چۆن بوو؟

**عیسا:**

چی؟ سەنگەرەکان؟

**یاقوب:**

نەخێر. (زەنگێک) مەشق و ڕاهێنان.

**عیسا:**

(پێ دەکەنێت) بەو خوایە یاقوب، دەبێ پێتی بڵێم. تۆ فێڵباز و زۆرزانیت، وا نییە؟ دەتەوێ دەربارەی سکۆتلەندە قسەم لێ دەربهێنی، من دەربارەی فەرەنسا قسەت بۆ دەکەم... بێجگە لەوەش لەوانەیە بێرت هەموو شتێکی دەربارەی سکۆتلەندە بۆ باس کردبی.

**یاقوب:**

هەندێک شتی پێ گوتووم. گوتی ئێوە لە بەرزاییەکان مەشقتان پێ کرا، ئەو شوێنەی کە جۆن جاپلین یەکەمین سەربازتان گیانی لە دەست دا، ئەوە بوو کە ڕیخۆڵەی تەقی.

**عیسا:**

بەڵێ، بەوپەڕی شکۆی سەربازییەوە لە باخچەی کڵێسایەک بە خاکمان سپارد. ئەو ڕۆژانە ئێمە هێشتا وەکو مرۆڤ هەڵسوکەوتمان دەکرد...

(جگەرەکەی دادەگیرسێنێت، دەستی دەلەرزێت)

(یاقوب دواجار زۆر بە وردی لێی دەڕوانێت)

**یاقوب:**

بێرت دەڵێت ئێوە لە ڕۆیاڵ سکات دەستتان بەسەر کۆشکی ئیدینبەرەیا گرت. پێی گوتم لەسەر گردۆلکە لەکان مەشقتان دەکرد کە کەوتبوونە تەنیشت ئاوڕێژگەکانەوە. بەرەو سوێنگەی ئارسەر و دواتر بەسەر گردەکانی برایدا ڕەوەو باشوور پێشڕەویتان کرد.[۱۷]

**عیسا:**

بێرت هیچی نەهێشتووەتەوە تا من بۆتی باس بکەم، هەموو شتێکی بۆ باس کردووی؟... لەوە زیاتر چیت لێم دەوێت بۆتی باس بکەم؟ پێدەچێت بۆ خۆت هەموو شتێک بزانیت.

**یاقوب:**

دەخوازم بەتەواوی لە دەمی خۆتەوە بیبیستم.

**عیسا:**

دەبێت خۆشحاڵ بیت بەوەی کە کەسێک هەیە شانبەشانی سەیدی نەوازشی بۆ قسەکانی خۆی هەیە.

دەبێت هەستی باوکایەتی لە گیانیا بەرجەستە بکەی.

**یاقوب:**

(ناهێڵێت بابەتەکە بگۆڕێت) گوتی خۆشترین کاتمان لە سکۆتلاند هاوینی ساڵی هەزار و نۆ سەد و پانزە بوو.

ئەو کاتەی فەوجەکەتان بەرەو کامپی ستۆب لە باشووری ئیدینبەرە کەوتنە ڕێ. بەر لە چوونت بۆ گالیپۆلی لەوێ



مەشقتان کرد، وا نەبوو؟ (دواتر) وا نەبوو باوکە؟[۱۸]

**عیسا:**

... ئێمە بە قەممەی تفەنگەکانمان پووش و پەڵاشمان لەسەر ڕێگەگەی خۆمان پاک دەکردەوە.

ڕۆژانە بە پەنجا پاوەند کەلوپەلەوە بیست و یەک میل ڕێگەمان دەبڕی.

**یاقوب:**

هەر دوانزە کەس و لە ژێر چادرێکا دەنووستن.

**عیسا:**

کەش و هەواکە زۆر خۆش بوو، من و وێڵ لەو دەشتە لە ژێر ئەستێرەکانا دەنووستین... لە کامپی ستۆب بوو کە ڕووبەڕووی یەکەمین سەربازی ئەڵمانی بوومەوە.

**یاقوب:**

بەڕاستی؟

**عیسا:**

تەمەنی زۆر لە وێڵ هەڵکشاوتر نەبوو.

**یاقوب:**

تا ئیستا بێرت ئەوەی بۆ باس نەکردووم.

**عیسا:**

گرتووخانەیەکی دوژمن لەوێوەوە نزیک بوو، کە لەلایەن چەند پیرەمێردێکی هێزی نیشتمانییەوە پاسەوانی دەکرا. هێشتا کەسێک لە ئێمە سەربازی ئەڵمانی نەبینیبوو. ڕۆژێکیان من و

وێڵ، نیـو مـیل بـە پێ ڕۆشـتین و لـە تەنیـشت تەلبـەندەکـەوە وەسـتاین. زۆری پێ نەچوو کە ئەو گەنجە قژ زەردە دەرکەوت و ئەوجا گوتی.

«چۆنن برادەران» گوتی «دەکرێ جگەرەیەکم بدەنێ؟»

**یاقوب:**

بەزمانی ئینگلیزی دەدوا؟

**عیسا:**

ئاوا بە سەرسامی مەڕوانە، گەلێک باشتر لە ئێمە بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، بە شێوەزارێکی ئەڵمانی سادە گوتی «بۆ ماوەی دوو سـاڵ لە وینیـپـێگ ژیاوم؛» درێژەی دایە و گـوتی «شـەش مانگیش لە مۆنتریاڵ»[١٩]

**یاقوب:**

ئێوەی لێ بووبوو بە کەنەدی؟

**عیسا:**

وێڵ لێی وردبووەوە و گوتی «من کەنەدی نیم برادەر؛» وێڵ گوتی «من بەریتـانی ڕەسـەنم وەکـو ئەو بەریتـانیـیـانەی کـە لەوێدا پاسـەوانن.» حـەزی نەئەکرد بەهەڵەدا بچێت، وێڵ پێی خـۆش نەبوو تەنانەت دوژمنیش بەهەڵەدا بچێت.

(بێرت دەگەڕێتەوە، سینییەکی بەدەستیەوەیە کە پێداویستی چایی و ئەلبومێکی بچووکی لە سەرە.)

**بێرت:**

کوڕینە، هەندێک هەواڵی خۆشم پێیە، بە سـەیدیم گوت کە بۆ ئەمشەو گرامافۆنەکە بکوژێنێتەوە.



(سینییـەکە لەسـەر یەکـێک لە سندووقـەکـان دادەنێت) هـەواڵی ناخـۆشیش ئەوەیە کـە ئیـستـا جـاک ڕۆسـیتـەر تەلەفـۆنی کـرد، جـاک بەرێوەبەری وێستگەی هاربـۆر گرەیسـە... لە نزیک ئەوێوە پێکدادانی شەمەندەفەر ڕووی داوە.

**عیسا:**

ئۆوو؟

**بێرت:**

لەبەرئەوە شەمەندەفەرەکە دواکەوتووە.

**یاقوب:**

بێرت، چی ڕووی داوە؟

**بێرت:**

خـەڵکانێک بەهـۆی ئەو پێکدادانەوە بێ سـەر و شـوێن مـاون، لە ژێر فارگۆنەکاندا دەگەڕێن بە شوێنیاندا.

**عیسا:**

کەسی وای تێدایە ئێمە بیانناسین؟

**بێرت:**

هیچ هـەواڵێکم لێی نییە، تا ئێستا هیچ تەرمێکیان نەدۆزیوەتەوە.

**یاقوب:**

باسی ئەوەی نەکرد چەندی پێ دەچێت؟

**بێرت:**

(چایی تێ دەکـات) ئەوی ڕاسـتـی بێ دەرەوە تاریکە و دەبێت هەردوو دیوی فارگۆنەکان بە باشی بپشکنن.

لە هەمان کاتیشا... سەیدی ئەم قۆریە چایەی بۆ دەم کردووین. (کوپێک چایی دەدات بە عیسا) عیسا؟

**عیسا:**

من لەسەرمە ڕەتی بکەم. (ئاماژە بە شووشە مەیەکە دەدات)

**یاقوب:**

منیش ناخۆمەوە، بێرت.

**بێرت:**

گلەییتان لێ ناکەم، سەیدی چایەکی بێ تامی دەم کردووە و بسکیتێکی کۆن و ڕەقیشی داناوە، هەر لەو چێشتلێنەرە سەربازییانە دەچێ، کە بسکیتەکانیان لە گوللە کوشندەترە.

**عیسا:**

گوێی لێ بگرە، کوشندە! سەیدی بەم دواییانە بەچییەوە سەرقاڵە، ئێستاش هەر فێرت دەکات چۆن قسە بکەی؟

**بێرت:**

(چاکە دەخواتەوە) فێرم ناکات، ڕام دەهێنێ.

**عیسا:**

چی؟

**بێرت:**

دەبێت بەو شێوە دروستە بگوترێ کە سەیدی پێی دەڵێ ڕێزمان.

**عیسا:**

جا ئەوە هەقیقەتی هەیە؟



**بێرت:**

هیچ گرفتێک لەوەیا نابینم، سەیدی بڕوای بە پەرە بەخۆدان هەیە. (ڕوو لە یاقوب دەکات)

ئەو ڕۆژەی ئەوم تیادا ناسی، لەو چادرگەیەی کە بۆ کۆمەڵەکانی لاوانی مەسیحی لە لەندەن ڕێکخرابوو سەندویچی دەدایە ئامادەبووان و پێشوازی لە خەڵک دەکرد. ئەتوانم بڵێم سەیدی بەتەواوی لە هەموو ئەوانی دی دابڕابوو.[٢٠]

**عیسا:**

بە مانایەکی تر سەیدی پشتگوێی خستبوو.

**بێرت:**

هەر زۆر بە خراپی.

**عیسا:**

ئەوپەڕی بەدبەختییە کە زووتر نەتناسی، لەوانەیە ببوویتایە بە جەنەراڵ. بیر لەوە بکەرەوە بۆچی هەر پیاوێک بییەوێ ببێت بە سەرهەنگ، دەبێ لە پشتی منەوە ببێ. پیاوی گەمژە وەک قازی کڕکەوتوو وایە.

**یاقوب:**

ئەوە چییە باوکە؟

**عیسا:**

بۆچی؟ چونکە نیشانگر بەر لە هەر کەسێ دەڕوا نیشان لە پیاوە گەورەکانی سوپا دەگرێ.

ئەوەی پلەوپایەی بەرزترە لای ئەو لە پێشترە. ئێمە ئەمە لە

گالیپۆلییەوە فێری بووین...

(ئاوازی جوانەکەی ڕێدوینگ دەچڕێ)

«ئای، تریفەی مانگەشەو بەسەر شارلی شاپڵنەوە دەدرەوشێتەوە پووتەکانی لەبەر بێ بۆیاخی خەریکە دەدڕێن»

«پانتۆڵە دڕاوەکەی چاوەڕوانی پینەو پەڕۆیە بەرلەوەی ڕەوانەی بکەن بۆ داردەنیل»

(قومێ لە شوشە مەیەکە دەدات) ئای خوایە، ئەوە چ جەنگێک بوو...

**یاقوب:**

(زەنگێک) باوکە، باسی گالیپۆلیم بۆ بکە... ئەزانم کە نیمچە دوورگەیەکە لە تورکیا.

بێرت لەسەر نەخشە نیشانی داوم.

**عیسا:**

دیارە بێرت ئیش و کاری نییە.

**یاقوب:**

هێرشە سەربازییەکە بیرۆکەی وینستۆن چەرچڵ بوو، کە بەو هۆیەشەوە کارەکەی لەدەست دا، وانەبوو؟[٢١]

**بێرت:**

یەکەم سوپاسالاری دەریایی بوو.

**عیسا:**

(ڕوو لە بێرت دەکات) هەقی ئەوەی نییە باسی گالیپۆلی بۆ بکرێ، هێشتا بۆنی شیری خاو لە دەمی دێ.



**بێرت:**

بۆنی شیری خاو لە دەمی دێ؟ شانزە ساڵ تەمەنێتی.

**عیسا:**

خۆم ئەزانم تەمەنی چەندە، من باوکی ئەوم.

**یاقوب:**

بە دڵنیاییەوە، گەنجانێک لە تەمەنی منا دەبنە سەرباز و هەندێکیشیان لە گۆڕەپانی جەنگدا دەکوژرێن.

**عیسا:**

نەفرەتی لێ بێ چەند بە حیکمەتەوە قسە دەکات.

**یاقوب:**

باسکردنی جەنگ هیچ زیانێکی تێدا نییە، وایە؟ لەوانەشە یارمەتیدەر بێت بۆ...

(خۆی ئەگرێت)

**عیسا:**

یارمەتی چی ئەدات؟ (دواتر) پێم بڵێ یارمەتی چی دەدات؟

(یاقوب هیچ ناڵێت)

کوڕی خۆم، لەقە لە بەختی خۆت مەدە. یەکەم جار ویستت باسی سکۆتلەندت بۆ بکەم، ئێستا تورکیاشی هاتە پاڵ، پێم وابێ دوای ئەوە داوای فەڕەنساشم لێ دەکەی.

**یاقوب:**

پەیمانت دەدەمێ، باسی سۆم ناکەم.

**عیسا:**

بڕوات پێ ناکەم، تۆ لەو کەسانە نیت کۆڵ بدەیت. کۆڵدان لە خوێنی تۆدا نییە.

**بێرت:**

(ڕوو لە یاقوب دەکات) بەهەرحاڵ، ئەو وێنانەم بیرکەوتەوە کە ئەو ڕۆژە بۆم باس کردی. سەیدی لە دۆلابی جلوبەرگەکاندا دۆزینییەوە... (ئەلبوومەکە نیشان دەدات) لەوە دەکات پۆستکارتی مێگەنتیکم لێرەدا هەبێ.[٢٢]

**یاقوب:**

مێگەنتیک؟

**بێرت:**

ئەو پاپۆڕەی کە ئێمەی بەرەو تورکیا برد. زۆرباشە، ئەوەتا لێرەیە. دوا گەشتیش بە میر عەباس بوو، کە پاپۆڕێکی کەنار دەریایی بوو. (ڕوو دەکاتە عیسا) لە یادت ماوە؟

**عیسا:**

لە یادمە لە مودرۆس کە پەنجا میل لە گالیپۆلییەوە دوور بوو، لەنگەری گرت. هەر پیاوێک و پارچە کاغەزێکیان دایە و داوایان لێ کرد ناوی کەسێکی نزیکی خۆی بنووسێ.

**یاقوب:**

کەسێکی نزیک؟

**عیسا:**

کەس حەز بەبیستنی ئەو وشانە ناکات.



**بێرت:**

من خەریک بوو خۆم پیس بکەم.

**عیسا:**

ساڵی پێشوو بۆ ئێمە وەک سەیران وابوو. مەشقکردن لە پلیسانتڤیل بەچاکەتی شین و پانتۆڵە خاکییەکانمانەوە کە لەبەر هەتاوا گیانمانی هێنابووە خوروو... ئاهەنگی گواستنەوەمان لە ساینت جۆنزەوە، دروشم و بەیداخ سەر تاخواری شەقامی واتەری داپۆشیبوو، لە نێو هاوار و فیکە کێشانی خەڵک...

**بێرت:**

گەشتەکە بەرەو بەریتانیا بوو. تیپی کۆڕاڵی فلوریزەڵ ئەم گۆرانییەیان دەگوت.

(گۆرانی دەڵێ) دۆستەکەم لەسەر ئۆقیانووس ڕاکشاوە..

ئازیزەکەم وا بەسەر دەریاوە ڕاکشاوە...

**عیسا:**

دواتر بەدرێژاییی گردەکانی سکوتلەندە بە پیادە کەوتینە ڕێ، دەستەی کەڕەناژەن ڕانە مەڕەکانیان دەترساند. لە هەندێ ڕووەوە لە ڕاستی نەدەچوو، وەک ئەوە وابوو گەمەیەک بێ... لەو کاتەدا کە داوای ناوونیشانی نزیکترین کەسیان لێ کردین، وەک ئەوە وابوو فڕێم بدەنە ناو ئاوێکی ساردەوە.

**بێرت:**

میر عەباس سەعات سێ و نیوی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر بەرەو

گالیپۆلی کەوتە ڕێ. گەشتێکی پێنج سەعاتی. ئێمە هەر لە سەرەتاوە گوێمان لە دەنگێک بوو کە هەر وەک هەورەتریشقەیەکی دوور دەهاتە گوێمان.

**یاقوب:**

وانەبوو، تۆ دەڵێی چی باوکە؟

**بێرت:**

نەخێر. ئەو دەنگەی دەهاتە گوێمان، تۆپبارانی هێزەکانی تورکیا بوون، کەنارەکانی سۆڤلایان بووردمان دەکرد، ئەو کەنارانەی کە ئێمە بەنیازبووین بۆی بچین...

**عیسا:**

من و وێڵ لەسەر ڕووی کەشتییەکە وەستابووین. لەگەڵ هەر دابەزین و شۆڕبوونەوەیەکی کەوانی کەشتییەکەدا، گالیپۆلی نزیکتر دەکەوتەوە... پاشان شەو داهات. هەستم کرد دەستم دەلەرزێ. ویستم تفێک بکەمەوە، گەرووم وشک هەڵاتبوو. بیرم لەوە دەکردەوە تۆ بڵێی وێڵ دەستی بچێتە خوێنی کەسێک.

کەسێکی وەک ئەو گەنجەی ستۆب کە هاتە لای تەلبەندەکەوە تا جگەرەیەکمان لەگەڵدا بکێشێ...

زۆر ئاسانە لوولەی تفەنگەکەت ئاراستەی سەر سنگی کەسێک بکەی، بەڵام ئاسان نییە پەنجە لەسەر پەلە پیتکەکەی بترازێنی و تەماشای بکەی کە بەلادا دێت و دەکەوێت. لەوەش دڵنیا بیت کە جارێکی تر هەڵناسێتەوە. جارێکی تر لە شوێنی خۆی بەرز نابێتەوە و خۆی بتەکێنێ...

(قومێکی تر دەخواتەوە).



**بێرت:**

هیچ کەسێک لە ئێمە لە ئەنجامی توورەییەوە تەقەی نەکردووە.

**عیسا:**

ئەوەم لە یادە کە پێمان نایە سەر بەلەمی گواستنەوە، پێشی دەگوترا قایق، بۆی دەکرا پێنج سەد پیاو و پەنجا ئەسپ هەڵگرێ. چەند لە کەناری کانگەروو نزیکتر دەبووینەوە، پیاوەکان تا دەهات بێدەنگ و بێدەنگتر دەبوون. تەنیا ئەسپەکان بوو دەیانحیلاند و تەقەی سمیان لەسەر ڕووبەرە ڕەقەکەی قایقەکە دەبیسترا . لە هەر چرکەیەکدا پێشبینی ئەوەمان دەکرد کە تۆپێک لە تەنیشتمانەوە بتەقێتەوە کەچی ڕووی نەدا . هەموو ئەوەی دەهاتە گوێمان تەنیا دەنگی ماتۆڕ و تەقەی سمی ئەسپەکان بوو.

**بێرت:**

دواتر کە بەشەکەت و ماندوویی گەیشتینە دەم کەنارەکە دۆزەخمان بەچاوی خۆمان بینی.

سەربازە تورکەکان کەوتنە بوردمانکردنمان و وەک مێش و مەگەز بریندارمان لێ کەوتن.

**عیسا:**

کوڕینە بەخێربێن بۆ گالیپۆلی! هەر پیاوێک نیو مەتارە ئاوی هەبوو بۆ خواردنەوە، کە تامی نەوتی لێ دەهات. (ڕوو لە بێرت دەکات) باسی ئەسپێشی بۆ بکە. لەوانەیە قەت جەنگی ئاوا ڕۆمانتیکانەی نەبیستبێ.

**یاقوب:**

هیچ ڕۆمانتیکییەتی تێدا نابینم.

**بێرت:**

ئێمە پێمان دەگوت ئەسپێ دۆزە، کراسەکانمان دادەکەند و ئەسپێکانمان لە دیوی ناوەوەی جلکەکانمان دەگرت و بەگڕی مۆم دەمانسووتاندن.

**عیسا:**

ڕۆژێکیان وێڵ بە ڕووتی بەرەو دەریاکە ڕای دەکرد هەر بۆ ئەوەی خووروی لەشی دابمرکێنێتەوە، تەنانەت ترسی نیشانگرەوەکانیش نەیانتوانی هەنگاوەکانی پێ شل بکەن... فەرموو باسی مێشوولەی بۆ بکە.

**بێرت:**

ئەوەم مەهێنەوە یاد.

**یاقوب:**

(ڕوو لە عیسا دەکات) مێشوولەی چی؟

**عیسا:**

(ڕوو لە بێرت دەکات) تۆ بۆی باس بکە.

**یاقوب:**

بابە من لەبری تۆ بوومایە سێ و دووم لێ نەدەکرد..

**عیسا:**

بۆچی ئاوا گرینگە تا سێ و دووی لێ نەکەم؟



**یاقوب:**

بۆم گرینگە. (بۆ بێرت) خۆ گێڕانەوەی تاوان نییە.

**بێرت:**

لە توانای کەس دانەبوو.

**ئیسەو:**

مانگی گەڵاڕێزان هاتو هەوا گەرمی کرد. ئەو کات مێشوولە وەکو پەڵە بارانێکی ڕەش دایان بەسەرماندا و لە نێو جەستەی سەربازەکانی خاکی بێ خاوەنا دەستیان کرد بە گەرا دانان... خۆیان دەکرد بە نێو چاوتا، بەنێو کونە لووت و کونە گوێتا، تەنانەت دەچوونە خواردنەکەشتەوە. گیزە گیزیان وەک داخرمانی کلۆ شەکرێک وابوو.

**یاقوب:**

ئای خوایە.

**عیسا:**

جەنگ، پیاو لە پەلوپۆ دەخات، وەڕسبوون، بێزاری. تەنانەت نازانی چی ڕوو دەدات. هیچ نییە بیخوێنیتەوە مەگەر نامەیەکی سەرنجڕاکێشی ماڵەوە. هەفتە لە دوای هەفتە نەک بۆت ناکرێ پووتەکانت داکەنی، بەڵکو گرێی قەیتانەکانیشت بۆ شل ناکرێنەوە.

**بێرت:**

مەینەتی ئاوا پیاوی بە شکۆش دێنێتە گریان.

**عیسا:**

بەڵام لەوە خراپتر خۆی بۆ حەشار دابووین کە ئەویش زریانی

مانگی سەرماوەز بوو، بێ پەرواترین زریان، کە لە ماوەی چل ساڵدا هەڵی کردبێ ئێمەش بە دەرپێی کورتەوە و سەرمان بە گەڵای درەخت داپۆشیبوو.

**بێرت:**

سوپا بڕیاری ئەوەی دا پاشەکشێ بکات، لەبەرئەوەی جل و بەرگی زستانەیان ناردبووەوە بۆ مۆدرۆس.

**عیسا:**

مانگی سەرماوەز دەبوایە وەرزێکی خۆش بوایە، کەچی باهۆز بە دوای باهۆزا هەڵی کرد. پاشان بێپەرواترینیان هات و ئیتر باران خۆشی نەکردەوە. سەنگەرەکان پڕ بوون لە ئاو و وەکو ڕووباریان لێ هات. پلەی گەرما هاتە خوارێ و سەنگەرەکان بوون بە شەختە. بارودۆخەکە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ئاوا درێژەی کێشا. دوو سەد سەربازی بەریتانی خنکان و لە سەرمادا ڕەق بوونەوە.

**بێرت:**

نیوفاونلاندییەکان بەختەوەربوون لەوەدا کە تەنیا سەد و پەنجا کەسیان بەرەو نەخۆشخانە بەڕێ کران، مامت یەکێک بوو لەوانە. ئێمە زۆربەمان خەڵکی نێو بەستەڵەکەکان بووین.

**عیسا:**

لە خوا دەپاڕامەوە پەنجەیەکی یان ئەموستێکی پێی ببڕدرێتەوە. بەو ڕێگەیە دەیتوانی بە ئێجگاری خۆی لە جەنگ بدزێتەوە... بەڵام ئاواتەکەم نەهاتە دی و پێش ئەوەی بەرەو فەڕەنسا بکەوینە ڕێ هاتەوە نێو سەنگەر... ڕۆبی ناسک



ئاماژەیەکی ئەویندار بۆ ڕەوانەکردبوو، کە ئەویش تاڵێ قژی ڕەشی خۆی بوو کە لە بێرنیدەوە بۆی ڕەوانە کردبوو.[٢٣]

**بێرت:**

ڕۆڵە، زۆر بیری لێ مەکەرەوە. ئەوەی لە بیومۆنت هامڵ ڕووی دا گوناهی تۆی تێدا نەبوو.

**عیسا:**

بێرت، ئاخر ئەو برام بوو، من دەبوایە چاوم لێی بوایە نەک...

**بێرت:**

(پێی دەبڕێت) تەماشا، وابزانم ئیستا پێویست بەوە ناکات باسی ئەو مەسەلەیە بکەین...

(ڕوو لە یاقوب دەکات) پێدەچێت باوکت تۆزێک زیاتری خواردبێتەوە.

**عیسا:**

خۆت گێل مەکە.

**یاقوب:**

باوکم دەتوانێ بە قەد دوو کەس شەراب بخواتەوە بە بێ ئەوەی وشەیەک هەڵبزڕکێنێ.

**عیسا:**

ئەوە زۆر ڕاستە. (شووشە مەیەکە دەنێت بە سەرییەوە و چۆڕبڕی دەکات)

ئەمجا بێجگە لەوەش دەتوانم بەبێ ئەوەی بکەوم بەملا و لادا ڕێک و ڕەوان بڕۆم بە ڕێدا، زۆر باشتر لە تۆ و لە هاوڕێکەشت،

باوه شیپلی. (برێک جووڵە دەکات) بەهەرحاڵ دوێنێ شەو بینیم ڕێگەی مـاڵەوەی لێ تێکچـووبوو، لیک بـە لالێـویدا هـاتبـووە خوارێ و زۆری نەمابوو بکەوێتە ناو کەندەڵانەکەوە.

**بێرت:**

کەمێک ڕەحم بەو پیاوە بکە عیسا، ئەوەت بیر نەچێ کە ئەویش بەشداری جەنگی کردووە... لێرەدا کەمێک ڕاوەستـە، سـەیدی شووشەیەک مەی هەڵگرتووە کە وەک دەرمان بەکاری دەهێنێت. دەتوانم یەک دوو دڵۆپی لێ بخۆمەوە. (سینییەکە هەڵدەگرێ و دەڕواتە دەرەوە)

(عیسا جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. یاقوبیش تەماشای دەکات)

**یاقوب:**

باوکە؟

**عیسا:**

چی؟

**یاقوب:**

قسەکردن دەربارەی جەنگ لەوانەیە کەمێک سوودبەخش بێت، تاڕادەیەک خەمی سەرشانت سووک دەکات.

**عیسا:**

یاقوب خۆ بنیادەم ئامێر نییە هەندێک جار لە چەقی ڕێگەدا بشکێت و ئیتر چاک نەکرێتەوە...

کەمێک پشوو بە زمانت بدە. دەمێشت بدروون تۆ هەر لە قسەکردنی خۆت ناکەویت.

(وچانێک)



**یاقوب:**

ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەلبێرت داوسن قسەمان کرد پێکەوە. سەرم لە دووکانی ئاسنگەرییەکەی دا...

ئەلبێرت وەک کاسۆلیکێکی ڕۆمانی بڕوای بە دانپیانان هەیە.

**عیسا:**

دانپیانان؟

**یاقوب:**

دەیگوت سەبووری دێنێت بە گیانا.

**عیسا:**

من سەر بە کلێسای بەریتانیم، نەک کاسۆلیکی ڕۆمانی. لە ئەلبێرت داوسنیش دوور بکەوە، گوێت لێم بوو چیم گوت؟ دوای ئەوە دەیەوێ لە ئاینت وەرگەڕێنێ.

**یاقوب:**

ئێ باشە چی بە قەشە تازەکەمان دەڵێی؟ فلیپۆتی پیرۆز؟ گرەوت لەگەڵ دەکەم کە گوێگرێکی زۆر باشە، دەزانی بۆ؟ تەنانەت دوێنێ نوکتەیەکی خۆشیشی کرد.

**عیسا:**

بەم زووانە؟

**یاقوب:**

گوتی جارێکیان پیاوێک دەبینێ کە خەڵکی جۆ باتس ئارم بووە، کەمانچەیەکی بۆ خۆی دروست کردبوو.

پیاوەکە بەقەشە فلیپۆت دەڵێ «ئەم کەمانچەیەم تازە لە

کـەلـلەسـەری خـۆم دروست کـردووە و هێـشتا بەشی کەمانچەیەکی تریش داری لێ ماوەتەوە.[٢٤]»

(عیسا خۆی گرژ و مۆن دەکات)

چییە، تێ نەگەیشتی؟

**عیسا:**

نەخێر. جارێکی تر بیلێرەوە.

**یاقوب:**

جاری دووەم کەڵکی نابێ. تەنانەت نیوەی خەڵکەکەی ئەوێش لێی تێ نەگەیشتن.

**عیسا:**

لەگەڵ ئەوەشا من ناچمە کڵێسا، تۆ خۆت زۆر باش ئەوە دەزانی. لەوکاتەوەی کە لە جەنگ گەڕاومەتەوە.

**یاقوب:**

ئێستاش گرەوت لەگەڵ دەکەم کە حەزرەتی فلیپۆت بەو جۆرە گوێت لێ دەگرێت کە باوکە شیپڵی گوێ لە ئەلبێرت دەگرێت... دەتوانی تاقی بکەیتەوە، وا نییە؟

**عیسا:**

هەمووی کات بەفیڕۆدانە... هەندێ شت لە جەنگدا ڕوو دەدەن کە هەرگیز لە یاد ناچنەوە... هەرگیز لە یاد ناچنەوە، شتگەلێک وەک ئەوەی کە ئیتر بەدرێژاییی ژیان لەگەڵ مرۆڤدا دەمێننەوە. ئەوەش سزای خۆتە.

(قوونکی جگەرەکەی فڕێ دەدا و بە پێی دەیپلیشێنێتەوە)



**یاقوب:**

بێرت دەربارەی جەنگ دەدوێ. ئەو گوتی ئەم باسکردنە یارمەتی دەدات... ئەو بەزۆری متمانەی بە من و سەیدی هەیە.

**عیسا:**

بێرت هەر دەڵێی حەمە زۆربڵێیە، قەت زمانی ڕاناوەستێ... ناکرێ ئەو شتانە وە بیر سەیدی بهێنێتەوە کە ئەو ئامۆزاکەی لە مۆنز کوژراوە.[٢٥]

**یاقوب:**

دەزانی چی باوکە، ئەو قەت بەدەم خەونەوە هاوار ناکات، هەرگیز لەسەر جێگەی نووستنەکەی بەدەم خەوەوە نەڕۆیشتووە بۆ کڵێسای گۆڕستانی بەریتانیا.

**عیسا:**

کێ ئەمەی پێ گوتی، دایکت؟

**یاقوب:**

دایکم زۆر نیگەرانی تۆیە.

**عیسا:**

بەدڵنیایی پێویست بەوە ناکات.

**یاقوب:**

بۆچی دوێنێ شەو چواردەخۆرەکەت دەرهێنا، ئەوەندەی نەمابوو دەستت لە سەری بترازێ و کەسێک بکوژی؟

**عیسا:**

کێ؟ قەشە شیپلی ئاوازێکی بۆ ئەستێرەکان دەژەنی؟... دایکت

زۆر دەترسێ. ئێستا زۆر خەمبارە بۆ تۆ کە جێمان دەهێڵی.

**یاقوب:**

ئەوە بە هیچ جۆرێک ڕاست نییە.

**عیسا:**

نیوەی ڕاست نییە. پێی گوتم ئەگەر نەتوانم تۆ بگێڕمەوە، ئەوا ئیتر بۆ خۆشم پێویست ناکات بچمەوە ماڵێ.

**یاقوب:**

دایکم یەک وشەی لەو بارەیەوە نەدرکاندووە و دەشتوانم ئەوەشت بۆ بسەلمێنم.

**عیسا:**

چۆن؟

**یاقوب:**

چۆن؟ لەبەرئەوەی ئەو بۆ خۆی پێی گوتم کە جانتاکەم بپێچمەوە و بڕۆم. لە دوای هەنگامەکەی ئەم بەیانییەوە لەوە دەترسێ کە تۆ کارەساتێکم بەسەر بێنی، هەر وەک ئەو جارەی کە چیت بەسەر خۆی هێنا.

**عیسا:**

ئەوەم بەئەنقەست نەکرد و بۆ خۆشی ئەوە باش دەزانێ. بەدەم خەوەوە دەستم وەشان.

**یاقوب:**

سەربارى ئەوە دەستیت شکاند، وا نەبوو؟ هەتا ئەگەر بەئەنقەستیش ئەوەت نەکردبێ... تەماشای خۆت بکە ئەوجارەش



چیت بەسەر خۆت هێنا. ئەو ڕۆژەی کە مێخی تەیمانەکانت دەبڕییەوە.

**عیسا:**

تۆ ئەو کاتە لەوێ نەبووی. تۆ لە قوتابخانە بووی.

**یاقوب:**

ئەفسەر کێڵی پێی گوتم. گوتی ئەو کاتەی کە دایکم دەرگەکەی بەتوندی پێوە داوە، ئەو لە باخچەکەدا لەگەڵتا بووە. گوتی تەورەکە لە دەستت پەڕیوە و لووتی خۆت خراپ بریندار کردووە و گۆشت و خوێن بە چەناگەدا هاتوونەتە خوارێ.

**عیسا:**

دوکتۆر بەپارچە تاڵێکی کلکی ئەسپ بۆی دووریمەوە و پێی گوتم «عیسا، بەخت یاوەرتە لەوەی کە ژنت هێناوە، چونکە بەم حاڵەوە ئاسان نییە ژنت دەست بکەوێ.»

(پێ دەکەنێت)

(بێرت دەگەڕێتەوە و بوتڵێ ویسکی و دوو پەرداخی پێیە)

**بێرت:**

بە سەیدی مەڵێ ویسکییەکەیمان خواردووەتەوە، چونکە ئیتر هەر نایبرێتەوە...

(پەرداخێک دەداتە دەست عیسا و بۆی پڕ دەکات) ئەو کاتەی کە لە ژوورەوە بووم تەلەفۆنم بۆ هاربۆر گریەس کرد. جاک گوتی ئەو پیاوەی کە ئەمشەو پێیان وابووە لە ڕووداوەکەدا مردووە، بە ساخ و سەلامەتی دەرچووە.

**عیسا:**

ئۆوو.

**بێرت:**

ناوی ئەنگزە بچکۆلە. ناوەکەیم بەلاوە غەریب نییە؟

**عیسا:**

عەریف بچکۆلی کۆمپانیای (س) نەبێ؟.

**بێرت:**

خۆیەتی. جاک گوتی، لەگەڵ سوپای دوودا هاوبەشی جەنگی کردووە و لاقێکی لە فەڕەنسا لە دەست داوە، پێی وایە لە کاتی تۆپبارانەکەیا بووبێ. (پەرداخەکەی خۆیشی پڕ دەکات)

**عیسا:**

نا وا نەبوو.

**بێرت:**

چی وا نەبوو؟

**عیسا:**

نە لە کاتی تۆپبارانەکەیا بوو، نە لە فەڕەنساش بوو، ئەو ڕۆژەی کە هێزەکانمان لە ناوچەی گالیپۆلی پاشەکشێی کرد، گوللەیەکی بەرکەوت. هەر ئەو ڕۆژەش بوو کە بەرەو فەڕەنسا بە ڕێ کەوتین... ئەو هەتیوە بەختەوەرە؛ وێل گوتی «بە دڵنیایی ئەوە برینی چوونەوە ماڵێیە.»

**یاقوب:**

برینی چوونەوە ماڵێ چییە؟



**عیسا:**

ئەو کاتەی کە ڕەوانەی بەریتانیایان کرد... کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد لاقێکی لەدەست بدات.

ساڵی پار لە سانیت جۆنز بینیم، کە بەشەلە شەل بەشەقامی میلیتەریا دەچووە خوارێ، قاچی پانتۆڵەکەی لە پشتەوە دوورابووەوە.

**بێرت:**

(زەنگێک) بەپێی قسەکانی جاک بێت، ئەوەی کە ئەمشەو ڕووی داوە، ڕووداو نەبووە.

**عیسا:**

چۆن؟

**بێرت:**

ئەندازیارەکە ئەنگزی بینیبوو بە چەند چرکەیەک بەرلەوەی شەمەندەفەرەکە بگاتە ئاستی... دەربازی بووە. جاک، ئەنگز باش دەناسێ. ئەنگز بە دڵی سەربازەوە ئەتلایەوە.

(ڕوو لە یاقوب دەکات) ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە پێی دەڵێین شۆکی تەقینەوە.

**عیسا:**

تا ئێستاش، ئەوە بەو مانایە نییە کە هەوڵی ئەوەی دابێ خۆی بکوژێت. ئەو پیاوە بەدارشەقەوە ڕێی دەکرد، لەوانەیە ویستبێتی هێڵی شەمەندەفەرەکە ببڕێت و لەسەر هێڵەکە پەکی کەوتبێت.

**بێرت:**

ئەوانیش تا ئەو کاتەی شەپقەکەیان لە تەنیشت فارگۆنەکەوە دۆزیبووەوە، هەروا بیریان کردبووەوە .

**عیسا:**

شەپقەکەی؟

**بێرت:**

لە ناو شەپقەکەیا چاویلکەیەکی پزیشکی دوو شووشەیی، سەبیلێکی دارسێو، تاخمێکی ددانی پلاستیکی نوێ، هەر هەمووی بەڕێکوپێکی دانرابوون.

**عیسا:**

خواوەند دڵی پێی سووتاوە.

**بێرت:**

دواتر کەسێک گوێی لە هاوار و نووزانەوەیەک دەبێ. ئەنگز دەبینن بەسکە خشکێ لە پشت هەندێ بنچکە دارەوە خوێنی لێ دەچۆڕێ، بەڵام ورەی بەرنەدابوو.

**یاقوب:**

بیهێنە پێش چاوی خۆت.

**بێرت:**

هەر کە بۆی دەرکەوتووە نەمردووە و ساغ و سەلامەتە، وەکو پیاوێکی بەجەرگ بەرخوردی کردووە، لەسەر پشت کەوتووە و قاقا پێکەنیوە. جاک دەڵێ ئەوە بۆ چەند ساڵێکیش دەبێ، ئەوە یەکەمین جارە کەسێک لە هاربۆر گرەیس، ئەنگزە بچکۆلی



ببینێت پێ بکەنێ... لەوانەیە درکی بەوە کردبێ کە چ بەختەوەرییەکە لە پاش ئەو هەموو کارەساتە بە زیندوویی بمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەش کە لاقێکی لەدەس دابوو.

**یاقوب:**

ئەوە ئەوپەڕی مەزنی نییە، بێرت، کە جەنگ بۆی نەکرێ لەوە زیاتر ئازارت بدا؟ ئەگەر توانیبێتی هەموو شتێک پشتگوێ بخات. (دواتر) وانییە باوکە؟

**عیسا:**

موعجیزەی لەم شێوەیە هەرگیز ڕوو نادات.

**بێرت:**

بەنەفرەت بێ، عیسا، با بەخۆشی ئەوەوە بخۆینەوە. (پێکەکەی بەرز دەکاتەوە)

ئەوە لەخۆشی عەریف بچکۆل، لە خۆشی عەریف بچکۆل و هەموو ئەو پیاوانەی کە وەکو ئەو کەمئەندامن. کە دەشێ کەمێک ئارامی لە نێو دڵ و دەروونا شک بەرن. خوا دەزانێ کە شایەنی ئەوەن.

**عیسا:**

ئامین. لە خۆشی عەریف بچکۆل، باشترین عەدەد دۆشکە لە کۆمپانیای (س).

(پەرداخەکانیان بەرز دەکەنەوە و دەخۆنەوە)

**یاقوب:**

(زەنگێک) باوکە؟

**عیسا:**

چی؟

**یاقوب:**

پێم خۆشە قومێک بخۆمەوە، خۆ ئەوەندەم تەمەن هەیە. وانییە بێرت؟

**بێرت:**

ویسکی هیچ زیانێکی نییە، هەر ئەوەیە کە هەندێک موو لەسەر سینگ دەڕوێنێت.

**عیسا:**

پێویستی بەمووی سەر سنگ نییە. زۆر نییە پێی ناوەتە شانزە ساڵییەوە... گوتت ڕۆژی لەدایکبوونەکەت کەی بوو؟

**یاقوب:**

بیست و دووی جۆزەردان.

**عیسا:**

تا ئێستا جگەرەت نەکێشاوە؟

**یاقوب:**

جگەرە؟ نەخێر.

**عیسا:**

درۆ دەکەی. ئەو ڕۆژە تۆم بینی بە لای کۆگای خەڵووزەکەدا دەچوویتە خوارێ و دووکەڵت بە با دەدا.

(ڕوو لە بێرت دەکات) کە لە تەمەنی ئەودا بووم لە نزیک خەرەندەکەوە جگەرەم دەکێشا.



(ڕوو لە یاقوب دەکات) جارێکیان پیرەمێردێک لە قافا گرتمی و قایشێکی لێ دام.

**یاقوب:**

لێی دای؟

**عیسا:**

سەبارەت بە زیانەکانی جگەرە ئامۆژگاری کردم کە چۆن زیان بە گەشە و گەورەبوون دەگەیەنێت و بەرەو گەلێ هەڵەی تریشت پەلکێشت دەکات.

(پەرداخەکەی کەمێک ویسکی تێدایە دەیدات بە یاقوب)

**بێرت:**

داتێ؟

**عیسا:**

با هەر بیخەینە ئەو قاڵبەوە. بەڵام بە هیچ جۆرێک زیانی بە گەشە و گەورەبوونم نەگەیاند.

(پێ دەکەنێ) بێرت، پێم بڵێ، تۆ ئەو مەسەلەیەی پۆپ و قەشە شیپلیت بیستووە؟ ڕۆژێک دەچنە پیاسەکردن و شەیتانیان لێ پەیا دەبێ. شەیتان لەسەر دارێکەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوە. پۆپ دادەنیشێ و دەرلینگی پانتۆڵەکەی هەڵئەکات. قەشە لێی دەپرسێ «ئەوە چی دەکەی؟» پۆپ دەڵێ «ئەی نابینی خۆم ئامادە دەکەم بۆ ڕاکردن» قەشە شیپلی دەڵێ «ئای خوای گەورە، کەس ناتوانێ لەدەست شەیتان هەڵبێ» پۆپیش دەڵێ

«من لە دەست شەیتان ڕاناکەم، ئەمەوێ لە دەست تۆ ڕزگارم بێ»

**بێرت:**

(پێ دەکەنێ) دۆزەخ، دواجار ئەوەم لەسەر دوو ڕاوچی پیر و ورچێکی بۆر بیست.

**یاقوب:**

(لە پڕێکا) گوێ بگرن...

**بێرت:**

چی؟

**یاقوب:**

گوێتان لەوەیە؟

**عیسا:**

گوێمان لە چی بێت؟

**یاقوب:**

گوێتان هەڵخەن، من...

**بێرت:**

نابێ کاریبو بێت، ئەگەر خەیاڵت لای ئەوە؟ تا نەگاتە نێو وێستگەی سپانیارد بەیەوە گوێت لە شووتی شەمەندەفەرەکە نابێت.[٢٦]

**عیسا:**

ئەگەر کاریبوش بێت خراپ نییە هێشتا زۆری ماوە بگات، وانییە، بێرت؟ لەوانەشە تا بەرەبەیانی نەگاتە ئێرە.



**یاقوب:**

چاوەڕوانی دەبم.

**عیسا:**

شەیتان بەنەفرەت بکە، یاقوب، ئەوە هیچ ڕاست نییە. خەڵکی دەڵێن من تۆم دەرکردووە و ئیتر دەبێ تا ماوم چاو بەرەو ژێر بم.

**یاقوب:**

ئەوە لە کەیەوە قسەی خەڵکیت بەلاوە گرینگ بووە.

**عیسا:**

هەتا ئەگەر ئەمشەو بشگەیتە ساینت جۆنز، ژوورت چۆن پێ پەیدا دەکرێ؟ ئەو شارە زۆر زوو دەنوون.

**بێرت:**

ئۆوو، عیسا گومانم نییە لەوەی کە بیر لەوە دەکەیتەوە سبەینێ لەوێ چی ڕوو دەدات.

**عیسا:**

بۆچی؟ چی بووە؟

**بێرت:**

ئەی گوێت لێ نەبوو؟ سەرقاڵی مەراسیمی یادکردنەوەی جەنگی ڕزگاریخوازی نەتەوەیین. هەتا سەیدیش حەز دەکات بڕوات بۆ ئەوێ.

**عیسا:**

ئەوە یەکەم جارە گوێ بیستی شتی وا دەبم... من ڕۆژنامەکان ناخوێنمەوە.

**یاقوب:**

ئاهەنگەکە دەبێ زۆر گەورە و شکۆدار بێ، بەلایەنی کەمەوە شەش تیمی ڕێو ڕۆیشتن هاوبەشی تێدا دەکەن... دەڵێن مارشاڵ هەیگ بۆ خۆی پەردە لەسەر مۆنۆمێنتەکە لادەبات.

**عیسا:**

هەیگ؟

**بێرت:**

ئەو سەربازە جەربەزەیە، دوێنێ بەسواری کارۆنیا لە ئینگلتەرەوە لەگەڵ دەستەی یاوەری گەیشتوونەتە ئەوێ.

**عیسا:**

پێم مەڵێ سێر دۆگلاس هەیگ ئیستا شەرەفی خانەدانی پێ بەخشراوە؟

**بێرت:**

ئەوە هەر هیچ نییە. حکومەتی بەریتانیا دوای تەواوبوونی جەنگ سەد هەزار پاوەندی بە دیاری پێ بەخشی.

**عیسا:**

بەڵێ، باشە، بۆ خۆم دەزانم کە چی پێ دەبەخشم، بە نووکی پێڵاوەکانم یەک شەقی مزری تێ هەڵدەم. پیاوی وا چۆن شەوان خەوی لێ دەکەوێ؟ چۆن دوای قەسابخانەکەی سۆم ویژدانی ڕێگەی پێ دەدا بە ئارامی سەر بخاتە سەر سەرین؟ (ڕوو لە یاقوب دەکات) شەست هەزار سەربازی بەریتانی لە ڕۆژی دەی پووشپەڕدا شکستی هێنا، بۆ خۆشی پانزە میل لە پشتی شەڕەکەوە وێستا بوو. بە دار عاساکەی دەستی و پووتە



بۆیاغکراوەکانییەوە فیزی بەسەر دنیادا لێ دەدا و ئەوەی ئازایەتیش بێ لە گیانیا نەبوو.

**بێرت:**

لە ڕاهی خوا عیسا، فەرماندەی هێزە چەکدارەکان چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێ وەکو سەربازێکی ئاسایی بڕواتە پێشی شەڕەوە.

**عیسا:**

لەوانەیە گرفتەکە لێرەدا بێ. ئەگەر بۆ خۆی ناچار بوایە بچوایە، ئەوا زۆر پەلەی نەدەکرد لەوەی بە خێرایی ئەوانی تر ڕەوانەی پێشەوە بکات... ئادەی تۆ زەحمەت نەبێ ئەوەم بدەرێ.

(بوتڵەکە لە بێرت وەردەگرێ و پێکێک بۆ خۆی تێ دەکات)

بیست هەزار کوژراو و چل هەزار بریندار.

لەبەر ئەوە، دۆگلاس هەیگ دەبێ گوو بخوات، جا شەرەفی خانەدانی پێ بەخشرابێ یان نا؟

(پێکەکەی هەڵدەدا) (وچانێک)

**یاقوب:**

باوکە؟

**عیسا:**

ئێستا چیت دەوێت؟

**یاقوب:**

تەماشا، دەزانم کە گوتم جارێکی تر ناوی فەڕەنسا ناهێنم، بەڵام...

**عیسا:**

بەڵام چی؟

**یاقوب:**

باوکە، ئەوە مێژووە. هەشت ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، لە شەوێکی وەک ئەمشەوا. هێزەکانی نیوفاونلاند لە گوندی لۆڤێنکۆرتەوە بەرەو شەڕگە بەڕێ کەوتن. ئاو و هەوا خۆش بوو، لەبیرتە؟

پێنج ڕۆژ بەر لەو ڕۆژەش بەردەوام باران دەباری، بەڵام لە نۆی پووشپەڕدا باران خۆشی کردەوە و خۆر بەدیار کەوت.

**بێرت:**

یاقوب...

**یاقوب:**

تۆ تا مانگی گوڵان لەوێ بووی، لەو کاتەوەی کە لە گالیپۆلییەوە چووبوویتە ئەوێ و لە نێو کێڵگەی گەنمەکان لەسەر هێرش و پەلامار مەشقیان پێ دەکردی. کە ڕێککەوتی نۆی پووشپەڕ دەکات، بەڵام بەهۆی بارانبارینەوە خستیانە دەی پووشپەڕەوە...

تۆ و مامە وێڵ و بێرت هەمیشە پێکەوە بوون.

**بێرت:**

بەڵێ لەو کاتەوە کە لە سەروەختی ڕۆیشتنا بووین.

**یاقوب**

ئەو شەوەی کە چوون بۆ فەڕەنسا خەڵکەکە دەستیان کرد بە گریان، منداڵەکان لەسەر شەقامەکان بەشوێنتانا کەوتنە ڕاکردن و خواحافیزییان لێ دەکردن.



**عیسا:**

(ڕوو لە بێرت دەکات) کێ هەموو ئەو شتانەی بۆ گێڕاوەتەوە، تۆ؟

**بێرت:**

لەوانەیە لە درێژەی قسەکردنا ئاماژەم بەو شتانە کردبێ.

**عیسا:**

بێرت، هەر وشەیەک ببیستێ لە یادی دەمێنێ. تەنانەت ئەگەر برگەیەکیش بێ.

**بێرت:**

ڕۆڵە، تۆ تێی ناگەیت ئەو نایەوێت لە جەنگ تێ بگات، ئەو دەیەوێ لە تۆ حاڵی بێت.

**عیسا:**

لە من؟

**بێرت:**

ئەو دەیەوێت باوکی بۆ بگەڕێتەوە... هەوڵ دەدات دەربارەی ڕابردوو قسەت لەگەڵ بکات، بەڵام تۆ لەدەستی هەڵدێی؛ لەبەرئەوەیە کە بەشوێن من و ئەفسەر کێڵیا دەگەڕێ...

**یاقوب:**

بێجگە لەوەش، بێرت لە یەک دوو وشە بترازێ، دەنا زۆر بەدەگمەن باسی سۆمی بۆ کردووم.

**عیسا:**

وەکو چی؟

**یاقوب:**

وەکو کڵێساکەی ئەلبێرت. ئەو شەوەی کە فەوجەکەتان بەوێدا تێپەڕی، ناوی چی بوو نۆتردام، یان...

**عیسا:**

من لە کوێوە بزانم ناوی چی بوو؟ هەرئەوەندە دەزانم کڵێسایەکی کاسۆلیک بوو و هیچی تر.

**یاقوب:**

بێرت دەیگوت گوایە تۆ بۆیاغیت کردەوە.

**عیسا:**

نا بێرت بە هەڵەیا چووە، یادەوەری وەکو جاران تیژ نییە.

**بێرت:**

(ڕوو لە یاقوب دەکات) گوێ بگرە، لەو باوەڕەدا نیم باوکت بییەوێ جارێکی تر ئەو یادەوەرییانە بە بیر خۆی بهێنێتەوە، بە تایبەتیش ئەمشەو.

**یاقوب:**

ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە، ئەوە ئا ئێستا هاتەوە یادم؛ ڕۆتردام دیبیرس. (ڕوو لە بێرت دەکات)

ئەرێ من بەتەواوی ناوەکەیم گوت؟

**بێرت:**

زۆر لە من چاکترت گوت.

**یاقوب:**

ئەلبێرت نزیکەی میلێک یان کەمێک زیاتر لە هێڵەکانی پێشەوە



دوور بوو... لەسەر بورجی کڵێساکە پەیکەرێکی زێڕینی مریەمی پاکیزە دانرابوو کە مەسیحی ساوای بەرەو ئاسمان بەرز کردبووەوە. مامە وێڵ دەیگوت ئەم پەیکەرە وەکو ئەوە وایە مریەم کوڕەکەی بۆ قوربانی بخاتە بەردەم خوا. بەو جۆرەی کە لەم دواییانەدا ژنگەلێکی زۆر ئەو کارەیان ئەنجام داوە.

**عیسا:**

من ئەوەم نایەتەوە یاد کە وێڵ ئەوەی گوتبێ.

**یاقوب:**

ساڵێ پێشتر لە تۆپبارانێکی ئەڵمانیادا بورجەکە پێکرابوو، پەیکەرەکە بەلای ڕاستی خۆیا چەمیبووەوە.

**عیسا:**

دوای ئەوە؟

**یاقوب:** سەربازەکان ناویان لێ نابوو پاکیزەی زێڕین. هاوپەیمانان بڕوایان وابوو ئەگەر پەیکەرەکە بکەوێتە خوارەوە ئەوا ئەڵمانیا شەڕەکە دەباتەوە. لەبەرئەوە فەڕەنسا بە زنجیر ڕاگیری کردبوو تا بە پێوە بیهێڵێتەوە و ئەڵمانەکانیش هەوڵی ئەوەیان دەدا بیخەنە خوارەوە.

**عیسا:**

ئەوەش تەنیا ئەوە دەسەلمێنێ کە هەردوو لا چەند سەرشێت بوون... یاقوب، ئەوەندە بەسە.

ئەمشەو من بۆ ئەوە نەهاتوومەتە ئێرە تا مشتومڕی تۆپبارانکردنی هەندێ کڵێسای سەر ڕێگەی بیومۆنت هامڵت لە تەکدا بکەم.

**یاقوب:**

بێرت دەیگوت ئەو شەوەی کە ئێوە لە لۆڤێنکۆرتەوە بەرەو ناو جەرگەی مێژوو کەوتنە ڕێ، تیپەکەتان ئەو گۆرانییەی دەچڕی (با کوانووی ماڵەکانمان نێڵە نێڵی بێ)

**عیسا:**

(هەراسان دەبێ) نازانم چی لەم کوڕە بکەم، بێرت؟ لەوە ناچێت گوێی هەبێت.

**یاقوب:**

گوێم هەیە، بەڵام گوێ ناگرم.

**بێرت:**

پێم وایە ئەوە ئەوپەڕی نا ئینسافی بێ، یاقوب. ئاشکرایە کە باوکت ناتوانێت لەو بارەیەوە بدوێت...

لەوانەیە ڕۆژێک بێ بتوانێ هەموو شتێکت پێ بڵێ... بەڵام ئەمشەو نا.

**یاقوب:**

(بە توندییەوە) تۆ لەوە تێ ناگەیت بێرت؟ بەهیچ جۆرێک نابێت شەوێکی تر بێت، دەبێ هەر ئەمشەو بێت.

**بێرت:**

یاقوب...

**یاقوب:**

نەخێر. شەیتان بەنەفرەت بێت! ئەگەر ئەمشەو نەبێت، ئەوا هەر نامەوێت.



**عیسا:**

ئاگات لە زمانت بێت، ئێستا...

**یاقوب:**

ڕێگەم بدە با شتێکت پێ بڵێم باوکە. ئەوەم لە یادە کە بێرت بۆ یەکەم جار باسی ئەو خێزانەی کرد کە لە لۆڤێنکۆرت لەلایان مایتەوە. دەزانی من ئەو ڕۆژە هەستم بە چی دەکرد؟ دەی بزانم بۆی دەچی؟ (دواتر) دەی فەرموو بزانم ئەندێشەی دەکەی.

**عیسا:**

بە چی؟

**یاقوب:**

بە ئیرەیی.

**عیسا:**

ئیرەیی؟

**یاقوب:**

لەو دوو منداڵە فەرەنسییە نیگەران بووم، دەزانی بۆچی؟ چونکە لەگەڵ تۆیا کاتێکیان بردووەتە سەر کە بۆ من نەلواوە کاتی وام هەبێ. لەوەبەر هەمیشە دنیات لێ هێناوینەتەوە یەک و نەتهێشتووە ئێمە دەنگێکمان لێوە بێت.

**عیسا:**

ئەو منداڵانە یەک وشە ئینگلیزی چییە نەیاندەزانی.

**یاقوب:**

جا ئەوە کەی سەیرە؟ بەشەقامەکاندا کەوتبوونە دوات، وانەبوو؟

جەنگ نەک تەنیا لەیەک لایەنەوە باوکە، بەڵکو لە چەندین لایەنەوە تۆی لە ئێمە زەوت کرد. ئەو ڕۆژەی کە گەڕایتەوە ماڵێ، پەیمانێکت پێ دام، ئەو پەیمانەی کە شەش ساڵە من چاوەڕوانی دەکەم کە بیهێنیتە جێ. باشە، ئیتر من ناتوانم لەوە زیاتر چاوەڕوان بم؛ شەمەندەفەرەکە تاوێکی تر دەردەکەوێ و ئەوساش کات تێپەڕیوە.

**عیسا:**

(ڕوو لە بێرت دەکات) ئەوە باسی چی دەکات؟ (ڕوو لە یاقوب دەکات) چ پەیمانێک؟

**یاقوب:** ئەو ڕۆژەت لە یادە؟ ئەو ڕۆژەی کە لێرە لە بەی ڕۆبەرتس لە شەمەندەفەرەکە دابەزیت و لە کلۆندایکەوە پەڕیتەوە بەرەو کۆلیس پۆینت، ئەها کۆڵە پشتەکەت لەسەر شان بوو؟ لە بیرتە؟

**عیسا:**

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەمە بوو، لە یادمە.

**یاقوب:**

دایکم پێشبینی ئەوەی نەدەکرد بگەڕێیتەوە، چووبوو بۆ کڵێسا... منیش گەدەم هەوی کردبوو، لە ماڵەوە مابوومەوە.

**عیسا:**

کەمێک ئازاری گەدەی هەبوو، لەسەر گردی جێنیز دانیشتبوو و خۆی لەبەر هەتاوەکە هەڵخستبوو؛ وەک ئەوەی ئاسمان هی خۆی بێ.[٢٧]

**یاقوب:**

ئەمە ئەو کاتە بوو کە لە خوارەوە لەسەر شەقامەکە تۆم بینی.



ئەوکاتە من نەمناسیتەوە. بە بەرگە سەربازییەکانتا کە سێ گۆشەیەکی سوور بە ئێخەکەیەوە بوو... تەماشام کردی لەسەر جانتا مشەماییەکەت دانیشتیت و سەیری ئەوبەری ئاوەکەی بێرنیدت دەکرد.

**عیسا:** (ڕوو دەکاتە بیرت) بیرم لە دوا شەوی سکۆتلەند دەکردەوە کە من و وێڵ لە دەرەوەی چادرەکە پاڵمان لێ دابووەوە و قسەمان دەکرد. ئەو شەوە دوا شەو بوو کە ئەستێرەکان ئاوا هاوڕێیانە بێنە بەرچاومان.

**بێرت:**

دەربارەی چی دەدوان؟

**ئێسەو:**

زۆربەی جار دەربارەی ماڵەوە دەدواین، وێڵ بیری ڕۆبی دەکرد لە بێرنید.

(ڕوو لە یاقوب دەکات) منیش بیری تۆ و دایکتم دەکرد... کەچی ماڵەوە سەرلەبەیانی ئەو یەکشەمەیە جیاواز دیار بوو. هەر ئەو ساتەی کە لە شەمەندەفەرەکە دابەزیم هەستم بەوە کرد.

**یاقوب:**

جیاواز؟ چۆن؟

**عیسا:**

لە دوورەوە پێی ئاشنابووم، کەچی لە نزیکەوە وانەبوو... ئەو کاتەی کە من تۆم بینی لە گردی جێنیزەوە دەهاتیتە خوارەوە، هەوڵم دەدا مانایەک بدەمەوە بە شتەکان. (ڕوو دەکاتە بێرت)

تەنانەت ئەویشم نەناسییەوە، کە چووم بۆ جەنگ تەمەنی شەش ساڵان بوو.

**یاقوب:**

بێرت، من بەرەو پیری چووم؛ پرسیاری ئەوەم لێ کرد کە عیسا مێرسەری کۆمپانیای (ئەی) دەناسێت؟

**عیسا:**

«یەکێکە لەو پێنج سەد کەسەی کە یەکەم جار دێنەوە» ئەو پێی گوتم «یەکێکە لە کەسە بەناوبانگەکانی چاکەت شینەکان» منیش پێم گوت من عیسا مێرسەرم، بەدوای کێدا دەگەڕێی؟

**یاقوب:**

گوتم «ئەوە چییە نامناسیتەوە، قوربان؟ من یاقوبم، یاقوب مێرسەری کوڕت» ئەوەبوو لەوێدا داتە پڕمەی گریان، باوکە. ئەو سەرلەبەیانی یەکشەمەیە لەوێدا لەسەر ئەو شەقامە وەستای و زەنگەکان زرنگەیان دەهات و دەریاش وەکو شووشە دەیڕوانی. بەدرێژاییی ژیانم ئەوە یەکەم جارم بوو بتبینم بگریت. ئەو گریانە تۆقاندمی.

**عیسا:**

(بێ ئارامی) یاقوب ئەی دەربارەی پەیمانەکە؟

**یاقوب:**

من لە یادم نەچووە... لە بیرمە کە گەیشتینە ماڵەوە تۆ زیاتر هەناوی منت خستە خوارەوە. چوویتە ژووری میوان و کەوتیتە ڕوانینی ئەو دۆلابەی کە دایکم فەخفورییەکانی تێدا دانابوو. تۆ



لە ناکاو سەر ڕەفەکەت بەدەست ڕاماڵی و هەرچی فەخفوری و ژێرپیاڵە و فنجان و قاپ و تەنانەت پەیکەرە بچووکەکانیش هەبوون، هەموویت شکاند.

**عیسا:**

... هەر هەمووی دەستکاری ئەڵمانی بوون.

**یاقوب:**

«سەرم خەریکە بەردەبێتەوە خوارێ،» تۆ گوتت «ئیستا دەچم کەمێک ڕادەکشێم.» سبەینێ قسەکانمان تەواو دەکەین. پەیمان بێت، یاقوب.

**عیسا:**

من ئەمەم گوت؟

**یاقوب:**

کتومت وات گوت «سبەینێ قسەکانمان تەواو دەکەین. پەیمان بێت، یاقوب».

**عیسا:**

ئەوەم لە بیر نییە.

**یاقوب:**

شتێکی سەیرە، ئەمشەو زۆر زیاتر لە شەش ساڵی ڕابردوو پێکەوە گفتوگۆمان کرد، تەنانەت باسی جەنگیشمان کرد؛ بەڵام بەشێکی لە هەموو ئەوانە گرینگتر هەیە کە تا ئیستاش ئاماژەمان بۆ نەکردووە ئەویش دەی پووشپەڕە. ئەی بۆچی تۆش خۆتی لێ دەبوێری، بێرت.

**عیسا:**

(ڕوو دەکاتە بێرت) تۆ ئەوەشت پێ گوتووە؟ ئەمە لەبەرئەوەی خۆم لێ بەدوور گرتووی؟

**بێرت:**

لەڕاستییا هیچ وشەیەکم نەدرکاندووە! من هیچم بۆ باس کردووی؟

**یاقوب:**

من نە کوێرم و نە گەمژەشم باوکە، بێرت هیچ نالێت؛ بەڵام دڵنیام زۆر لەوە زیاتر دەزانێت کە دەری دەبڕێت.

لەبەرئەوە تۆ خۆتی لێ بەدوور دەگری، دە بڵێ وانییە؟ هەر وەکو ئەو کەڕەتەی زەماوەندی ئەفسەر کێلی، زیاتر بەوە دەچوو کە...

**عیسا:**

کە چی؟

**یاقوب:**

وەکو ئەوەی کە بۆت نەدەکرا چاو ببڕیتە چاوی... (بیرکردنەوەیەکی تازەی بۆ دێت) یان لەوە دەکات تۆ بەرگەی تەماشاکردنی ئەو نەگری؟ نازانم کامیانە؟

**عیسا:**

تۆ پێم بڵێ.

**یاقوب:**

هەرچییەک بێ پێوەندی بە مامە وێڵەوە هەیە، وا نییە؟ شتێک



لەو شوێنە ڕووی داوە، لە خاکی بێ خاوەن کە نە تۆ و نە بێرت ناتانەوێت خۆتانی لە قەرە بدەن.

**بێرت:**

وێڵ لە شەڕگەدا کوژرا، یاقوب. لەوێ کوژرا و بەخاکیش سپێررا. ئەوە هەموو ئەو مەسەلەیەیە کە لە خاکی بێ خاوەن ڕووی داوە.

**یاقوب:**

بڕوات پێ ناکەم... ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێت، باوکە؛ لە ناخی خۆتدا حەشارت داوە و هەر وەک نهێنییەکی ڕەش پاراستووتە. جا هەرچییەک بێت، بڕوا ناکەم ئەوەندە شتێکی خراپ بێ کە نەتوانی لەبارەیەوە بدوێی.

**عیسا:**

ناکرێ وانەبێ؟

**یاقوب:**

نەخێر.

**عیسا:**

تۆ بۆ خۆت ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری ژیاوی، کوڕی خۆم.

**یاقوب:**

لەوانەیە وا ژیابێتم، بەڵام ئێستا تەمەنم شانزە ساڵە و تۆ بۆ خۆشت پێت گوتووم کە بوومەتە پیاوێکی کامڵ و پێگەیشتوو، هێندەم تەمەن هەیە کە گیانی لێبووردن و فەرامۆشیم تێدا بێ.

**عیسا:**

ئەو دەمەی گەڕاینەوە، خەڵکی حەزیان نەدەکرد دەربارەی شەڕ هیچ ببیستن. ئەو ڕۆژگارە زۆری بەسەرا تێپەڕی. ئەفسەر کێڵی جارێکیان پێی گوتم «عیسا، ئەگەر دەتەوێت میوان لە کۆڵ خۆت بکەیتەوە، ئەوا دەربارەی جەنگ بۆیان بدوێ، بەو شێوەیە بۆیان بدوێ کە هەرگیز پێت خۆش نەبووە لە نامەکانتا باسی لێوە بکەی».

**یاقوب:**

وەکو چی؟

**بێرت:**

وەکو ئەو شەوەی نوشتامەوە بۆ ئەوەی قارچکێک هەڵبگرمەوە، بەڵام ئەوەی من لە ژێر تریفەی مانگەشەوا بینیم هەر بەتەنیا قارچکێک نەبوو؛ بەڵکو پارچە ئێسکێکی سپی بوو کە جرجەکان کڕاندبوویانەوە.

(زۆر نابات، دەنگی بەرزی شەمەندەفەر ئارامی شەو دەشێوێنێ. دەنگەکە زۆر تیژ و خەمگینانەیە).

**یاقوب:**

ئەوە کاریبو هات، بەم نزیکانە بەرەو وێستگەی سپانیارد بەی دەکشێ و دواتریش نۆرەی بەی ڕۆبەرتس دێ.

**عیسا:**

تۆ دەزانی چی ڕوو دەدات ئەگەر سواری ئەو شەمەندەفەرە بیت؟ هەر وەک من کە چۆن چینی و فەخفورییەکانی دایکتم شکاند، تۆش ئاوا دڵی دەشکێنی.



**یاقوب:**

دایکم گەلێک لە من و تۆ بەهێزترە. لەگەڵ ئەوەشا خۆی داوای لێ کردم کە لێرە بڕۆم، ئەوەشت بیرنەچێ، کە لە پێچانەوەی جانتاکەشما یاریدەی دام.

**عیسا:**

ساویلکە مەبە، دایکت ویستی لایەنگیریت بکات؛ مەسەلەکان تێکەڵ مەکە... ماڵەکە هەر دەڵێی مەیتخانەیە، وەک ئەوە وایە کەسێکی تێدا مردبێ.

**یاقوب:**

سالانێکی دوورودرێژە ماڵەکە وەک مەیتخانەی لێ هاتووە، بەڵام تۆ هەستت پێ نەکردووە.

**عیسا:**

یاقوب من لەمەوپێش برایەکم لەدەست داوە، نامەوێت کوڕێکیشم بخەمە بانی... ئەگەر بێتو ئەمشەو سواری ئەو شەمەندەفەرە بیت، ئیتر لەوانەیە جارێکی تر نەگەڕێیتەوە. بڕوا بکە ژیان بەو شێوەیەیە.

**یاقوب:**

تۆ بۆچی ڕۆینی منت لێ بووەتە خەم؟ خۆ تۆ نیگایەکم تێ ناگری، هەر وەک ئەوەی لەم دنیایەدا بوونیشم نەبێ.

**عیسا:**

بەو شێوەیە نییە یاقوب، بەڵکو... (ڕوو وەردەگێڕێ)

**یاقوب:**

بەڵکو چی؟

**عیسا:**

جێی سەرسوڕمان نییە، با وای دابنێین کە ئەمشەو من بە خاتری دایکت نەهاتوومەتە ئێرە.

با بەو شێوەیە لێی بڕوانین.

(یاقوب دوودڵی دای دەگرێ و ئینجا بلیتی شەمەندەفەرەکە دەردێنێ)

**یاقوب:**

باشە باوکە، وەرە با من و تۆ مامەڵەیەک بکەین.. گوێم لێ دەگریت؟

**عیسا:**

مامەڵەی چی؟

**یاقوب:**

پێم بڵێ لە دەی پووشپەڕا چی ڕووی دا، منیش بلیتەکەم دەگەڕێنمەوە و ئەمشەو لەسەر تەختی نوستنەکەی خۆم دەنووم و جارێکی تریش بە هیچ جۆرێک لە جەنگ نادوێم؛ تەنانەت لەگەڵ بێرتیش.

ئەی خوای گەورە یارمەتیم بدە.

**عیسا:**

تۆ، خوا؛ تێکەڵ بەم مەسەلەیە مەکە. خوا؛ کاری وای پێ خۆش نییە.

**بێرت:**

(ڕوو دەکاتە یاقوب) پێی خۆش نییە باسی دەی پووشپەڕ



بکات. پێم وابێت ئەوەی زۆر بە جوانی بۆ ڕوون کردیتەوە.

**یاقوب:**

(بێرت فەرامۆش دەکات) باوکە لە نۆی پووشپەڕەوە دەست پێ بکە، لەو کاتەوەی کە فەوجەکەتان لە کاتژمێری نۆی شەودا لە لۆڤێنکۆرتەوە دەستیان کرد بە جووڵە. هەر سەربازەی سێگوشەیەکی لە قووتووە بسکیت دروستکراوی بەپشتەوە بوو کە بە ڕەنگی سوور بۆیە کرابوو. ڕۆژێکیش پێشتر فڕۆکە چاودێرەکان لەسەر خاکی بێ خاوەن ئەو ناوەیان دەپشکنی.

**عیسا:**

کێ ئەمانەی پێ گوتووی، بێرت یان ئەفسەر کێڵی؟

**بێرت:**

ئەفسەر کێڵی.

**یاقوب:**

گوتی، کاتژمێر دووی بەرەبەیانی ڕۆژی دەی پووشپەڕ بوو؛ کە گەیشتینە بەرەکانی پێشەوەی شەڕگە.

حەوت و نیو، کاتژمێری سفر بوو... گوتی نووستن ئاسان نەبوو، لەکاتێکا تۆپەکانی ئێمە هێڵەکانی بەرگری ئەڵمانیایان تۆپباران دەکرد. ئەفسەرە تۆپهاوێژەکان تا نێو قەدی خۆیان ڕووت کردبووەوە، هەندێکیان خوێن لە گوێچکەیان دەهات.

**بێرت:**

دژوارترین بەشی، چاوەڕوانی بوو... لە دەفتەری یادداشتەکانماندا لاپەڕەیەکی تێدا بوو بۆ وەسیەتنامە.

من ئەوەم پڕ کردەوە، پاشان نامەیەکم نووسی «ئازیزان شتێکی وا نییە تا پێتانی ڕابگەیێنم، کاتێ دەمبەنەوە پێڵاوەکانم بۆیاخ بکەن»

**عیسا:**

ئەو پێنج سەعات و نیوە زۆر درێژ بوو، یەک پاکەت جگەرەی ودباینم تیا کێشا.

**بێرت:**

یەکێک گۆرانی تێپەڕەری دەگوت، لە یادتە. (ڕوو لە یاقوب دەکات) بەڵام ئەو وشانە نا کە سەیدی گوێیان لێ دەگرێ.

(گۆرانی دەڵێت)

ئەوە ڕێیەکی هەڵەیە بۆ ئاسوودەکردنی، ماری.

ئەوە ڕێیەکی هەڵەیە بۆ ماچکردن!

تۆ نازانی کە لێرەدا، گەنجێک هەیە

لەو زیاتر خۆشیان دەوێ!

**عیسا:**

(گۆرانی دەڵێت)

هاوارێک لەپێناو فەڕەنسا

ماڵئاوا ئەی ئینگلتەرا

**بێرت و عیسا:**

(گۆرانی دەڵێن)

نەماندەزانی چۆن دڵی ماری خۆش بکەین

بەڵام ئێمە لەوێ فێر بووین کە چۆن!



**عیسا:**

بەخەمی ئەوەوە بووم کە سەرنجێکی پیاوەکان بدەم، نیگەرانی ئەوە بووی کە ئاخۆ دەبێ ئەو ڕۆژە کێ بمرێ.

ناومان لەوە نابوو ڕۆیشتن بەرەو خۆرئاوا... قەت ئەوە بەدڵما ختوورەی نەکردووە کە ئەوە دواین جار بێ

سەرنجی زۆربەیان بدەم .

**یاقوب:**

ئەوە چۆن ڕووی دا؟ کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەو فەوجە ئاوا سووک و ئاسان تەفر و توونا بێ .

**عیسا:**

... هەرچۆنێک بێت وێڵ سەرخەوێکی شکاند، کە بەئاگا هاتەوە تەواوێک شڵەژابوو؛ خەونێکی بینیبوو کە بۆی نەکرابوو لەخەونیا بجووڵێت.

**یاقوب:**

ئۆه؟

**بێرت:**

ئەمەی هەرگیز لای من باس نەکردووە.

**عیسا:**

من لە کاتی خۆیا هیچ بایەخێکم بە خەونەکەی نەدا... لە خەونەکەیدا لی ئینفیلدی بینیبوو کە قەمەی تفەنگەکەی لە خاکەکەدا چەقاندبوو، بە قۆناغەکەشییەوە کڵاوەکەی و دیسکی ناسنامەکەی هەڵواسیبوو.

**بێرت:**

بەو شێوەیەی کە من و تۆ بەخاکمان سپارد بەر لەوەی خۆر ئاوا بێت...

**عیسا:**

گوتی بەوپەڕی سادەییەوە، دەیتوانی ناو و ژمارەکەی زۆر بە جوانی بخوێنێتەوە.

**بێرت:**

ئەمەی پێ گوتی؟

**عیسا:**

پێم گوت «خۆت دەبەنگ مەکە، زۆربەی سەربازەکان بەر لە شەڕ ئەو جۆرە خەونانە دەبینن؛ بێجگە لەوەش،» من گوتم «فەوجەکەی ئێمە ناچنە ڕیزەکانی پێشەوە، نیوفاونلاندەکان و ئاسکسەکان سەرپەرشتی سێیەمین ریزی شەڕگەکە دەکەن، ئاسکسەکان دەکەونە لای ڕاستمانەوە».

**بێرت:**

ڕۆڵە، منیش وەکو تۆ بیرم لێ دەکردەوە، پێم وابوو بەرلەوەی بێتە سەرەی ئێمە شەڕەکە کۆتایی پێ دێت.

تا ڕادەیەک هیچ شتێک لە گۆڕێدا نامێنێ... پێم وابوو هەموومان دەمانویست بڕوا بەو ئەفسانەیە بهێنین.

**عیسا:**

چێشتلێنەرەکان قاوەڵتییەکی گەرمیان لە سەعات پێنجی بەیانیا بۆ سازکردین. دواتر ئەفسەر کێلی بە بوتلێکی شەراب





و کەوچکێکی ئاسنەوە هات و بەشی هەمووومانی دا. وێڵ قاوەڵتییەکەی پشتگوێ خست، بەڵام شەرابەکەی خواردەوە .

**بێرت:**

ئەو کازێوەی بەیانییەم لە بیرە، وەک هەر بەیانییەکی تر وابوو لای من، تەمومژ شینایی کێڵگەکانی داپۆشیبوو، شنەبایەک چییە هەڵی نەدەکرد. مراوییەکان بەسەر سەنگەرەکانەوە دەفڕین، کلاوکوڕەکان دەیانخوێند.

**عیسا:**

ڕۆژێکی خۆش بوو، ئاسمانێکی شین و بێگەرد وەک ئەو گوڵەگەنمانەی کە لە کێڵگەکەدا بینیمان.

**یاقوب:**

ئەفسەر کێلی دەیگوت ئەڵمانییەکان لە بەهارەوە لە بیومۆنت هامڵ بارگەیان هەڵدابوو، تیپە هێرشبەرەکانی ۆرتەمبێرگ وەک نووکی بزمار تیژ بوون.[٢٨]

**عیسا:**

بەدرێژاییی هەفتە تۆپبارانمان کردن، کۆڵۆنێل هادۆ دەیگوت «جرجیش نەیدەتوانی خۆی لێ دەرباز بکات»

ئەو ئەفسەرێکی بەریتانی بوو کە شەش مانگ پێشتر پێوەندی کردبوو بە فەوجەکەمانەوە. دەیگوت

«کاری لێ نەکردن»

**بێرت:**

هەندێکیان دەرباز بوون.

**عیسا:**

کێشەکە لەوەدابوو سەنگەرەکانیان هێندە قووڵ هەڵکەندبوو، کە تۆپەکانی ئێمە زەفەری پێ نەدەبردن.

ئەوەی بەتەنیا لەو بەیانییەدا لە ئاسەواری گوندەکە بەجێ مابوو هەندێک ڕەگ و بنجکی درەختی سووتاو و ڕەش داگەڕاو بوو و لەگەڵ پاشماوەی چەند دیوارێکی ڕووخاو کە بە ددانی کەل و شکاو دەچوون.

**بێرت:**

ئەڵمانییەکان، هاوزۆرن ڕیچیان، بەدەستەوە بوو کە کەوتبووە لای چەپی گوندەکەوە. دەستەی ئەندازیارانی سەربازیی، گردەکەیان بنکۆڵ کرد و نزیکەی چل هەزار پاوەند تەقەمەنییان تێدا چاند. مینەکە لە دەمژمێری حەوت و بیست دەقیقە، دە خولەک بەر لە سەعاتی سفر، تەقییەوە و دەنگێکی ئەوتۆی دروست کرد کە لە ژیانت نەتبیستووە.[٢٩]

**عیسا:**

تەواوێک ئێمەی کەڕ کرد.

**بێرت:**

هێندەی بالآی درەختێک ئاسمانی پڕ کرد لە دووکەڵ و خۆڵ. لە دوای خۆشی چاڵێکی بەجێهێشت کە شەست پێیەک قووڵ بوو... ناخۆشترین شتیش ئەوە بوو کە هێزی پیادەیان لە هاتنی ئێمە ئاگەدار کردبووەوە.

**عیسا:**

پێش ئەوەی دووکەڵەکە بڕەوێتەوە، ئەڵمانییەکان بەپەلە لە



سەنگەرەکانیان هاتنە دەرێ و چەکەکانیان دامەزراند، یەکێکیان لەسەر لێواری چاڵەکە دانابوو. هێزی پیادەی ئێرلەندی، زۆر چاوەڕێیان نەکرد و ویستیان چاڵەکە بگرن، بەڵام لێدران و بڵاوەیان پێ کرا... پاشان سەعاتی سفر ڕاگەیەنرا و زەنگەکان لێدران. لە سەنگەرەکانی خۆمانەوە دەستەی بیست و نۆمان بینی کە بەسەر پەیژەکاندا سەردەکەوتن.

**بێرت:**

نە ئینیسکیڵینگ، نە لانکاشایر، نە پیادە، هیچ کامیان بۆیان نەکرا زۆر بچنە پێشێ.[٣٠]

**عیسا:**

هێزی هێرشبەری باشوور، لە ماوەی پێنج خولەکی ڕێکدا تەفروتوونا کران.

**بێرت:**

ئەوە چ تاوانێک بوو.

**عیسا:**

یەکە یەکە فەوجەکانمان بینی، هەر بەو شێوەیەی کە پێیان گوترابوو، ڕووەو هێڵەکانی بەرگری ئەڵمانیا دەڕۆیشتن، تووڕەکە سێگۆشەییەکانیشیان بە کۆڵەوە بوو، دەمانبینین بە تووڵە ڕێیەکی باریکی قەد پاڵێکی شینا، ڕاستە ڕێ شۆڕ دەبوونەوە خوارێ و تفەنگەکانیان لەسەر سنگیان دانابوو. تیشکی خۆری ئەو بەیانییەش لەسەر قەمەکانیان دەدرەوشایەوە. ئێمە گوێمان لە شریخەی گوللەی تفەنگی

ئەڵمانییەکان بوو؛ تاق.. تاق.. تاق و سەربازەکانیش یەک لە دوای یەک دەکەوتنە ناو گیاکە. تفەنگەکان بەو جۆرە لە خوارەوە بۆ سەرێ و لە سەرەوە بۆ خوارێ بەردەوام گوللەبارانی هێڵەکانی شەڕگەکەیان دەکرد و ئیتر بەدەگمەن سەربازێکت دەبینی کە بە پێوە مابێتەوە، ئەو سەربازانەی کە لەو شەڕگەیە دەربازیان بووبوو... دەیانگوت بە درێژاییی هەژدە میلی شەڕگەکە هەر لاشەی سەرباز بوو کەوتبوو.

**یاقوب:**

مەڕ بەرەو سەربڕینگە.

**عیسا:**

لە سەعات هەشت و پێنج دەقیقەدا هێرشی دووەم، کە لە هێزی پاشایی سکوتلەندی و هێزی سنوور پێک هاتبوون بەرەو بەرزاییەکە دەستی پێ کرد. کە لە ناو سەنگەرەکانی پێش ئێمەوە بوون... بۆیان نەکرا لە سنوورەکانی خۆمان بترازێ چەند هەنگاوێک بڕۆنە پێشێ.

**بێرت:**

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا خەریک بوو فریشکم دەکەوت، چونکە دەمزانی نۆرەی ئێمە نزیک بووەتەوە.

**عیسا:**

هێرشبردن لە ڕۆژا جۆرێک بوو لە خۆکوژی، ئەڵمانییەکان ئێمەیان دەبینی کە هێرشمان دەکرد.

**یاقوب:**

بۆچی فەرماندەیی بڕیاری ڕاوەستانی شەڕەکەی نەدا؟



**عیسا:**

بۆ چەند ساتێ، لەوەی دەکرد ئەو بڕیارەیان دابێ. فەوجەکەی ئێمە لە دەمژمێری هەشت و چل خولەکدا دەبوو ئامادەبێ بۆ دەرچوون؛ بەڵام دە خولەک بەرلەوەی هێرشەکە دەست پێ بکات بڕیارێکیان دا کە چاوەڕێ بکەین. ئێمە پێمان وابوو کەسێک لە فەرماندەییەوە مێشکی هاتووەتەوە سەر خۆی.

**بێرت:**

لە ڕوویەکەوە هێرشی یەکەم سووک و ئاسان تێپەڕی، تا ڕادەیەک پێیان وابووە کە دەرفەتێکیان لە بەردەمدایە.

کاتێک نۆرەی ئێمە هاتە پێشێ دەمانزانی کۆتایی زۆر نزیکە. تەنانەت کۆڵۆنێڵیش ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو.

**عیسا:**

لە دەمژمێری هەشت و چل و پێنج خولەکدا، فەرمان هات کە نیوفاوندلاندەکان ئامادە بن... وێڵ دەستی کرد بە نێو چاکەتەکەیدا و وێنەکەی ڕوبی دەرهێنا و بە خێرایی ماچێکی کرد، دواتر چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک.

**بێرت:**

بیرم نایە لەو کاتەدا چیم کرد یاخۆ بیرم لە چی دەکردەوە. پێم وایە بیرم لە هیچ نەدەکردەوە...

مرۆڤ لەو ساتەوەختانەدا کە دەزانێ هێندەی نەماوە بمرێت دەتوانێت چی بکات؟

**یاقوب:**

ئەی تۆ چیت کرد، باوکە؟

**عیسا:**

هەموو بیر و هۆشم هەر لای وێڵ بوو، گوناهی من بوو کە ئەو لەوێ بوو. لەوانەیە بە هۆی هەڵەی منەوە ژیانیشی لەدەست بدات. تەنانەت بیرم بۆ ئەوەش دەچوو کە گوللەیەک بنێم بە قاچییەوە.

گوێی بۆ هیچ شتێک شل نەدەکرد.

**بێرت:**

بەتەواوی وابوو.

**عیسا:**

وێڵ گوتی «قورمساخ تۆ باسی چی دەکەی، پێت بزانن گوللەبارانت دەکەن، بێجگە لەوەش بۆچی لەگەڵتان نەبم، من چیم لە ئێوە کەمترە، شتی وا بە هیچ جۆرێک نابێت»

**بێرت:**

یاقوب، سەرباز لە پێناوی پاشا و وڵاتدا نامرێت. ئەو لە پێناوی ئەوەدا گیانی بەخت کرد کە ڕازی نەبوو ورەی هاوڕێکانی بهێنێتە خوارێ.

**عیسا:**

لە دەمژمێری نۆ و پانزە خولەکدا، زەنگەکان زرنگانەوە. ئەگەر دەستوبرد بە پەیژەکاندا هەڵنەگەڕایتایە، هەر لە شوێنی خۆتا گوللەبارانیان دەکردی. پۆلیسی سەربازی لەوێدا وێستابوون و دەمانچەکانیان بەدەستەوە گرتبوو، لە پشتەوە لێت نزیک دەبوونەوە و دەیانکوشتی.



**یاقوب:**

بەرەو پێشەوە بڕۆ و بمرە یان لە دواوە بمێنەرەوە و بمرە، هەڵبژاردنەکان هەردووکیان وەکو یەک وابوون.

**عیسا:**

ئێمە گوێمان لە شریخەی گوللەی تفەنگ و چەکەکانیان بوو. وێڵ دەلەرزی. پێم گوت «بیرت نەچێت؛ سەرت دانەوێنیت!» دواتر یارمەتیم دا بە پەیژەکەدا سەربکەوێتە سەرەوە... ئەوکاتەی من گەیشتمە سەرەوە، ئەو دوور کەوتبووەوە. ئەو پیاوەی لە تەنیشتییەوە سەری دانەواندبوو، لە پڕێکا مێشکی پژا.

**بێرت:**

هێشتا بیست یارد دوور نەکەوتبووینەوە، کۆڵۆنێڵ هادۆ خۆی فڕێدایە نێو سەنگەرەکەوە. لەو ڕۆژەدا تەنیا دوو ئەفسەر نەکوژران یان بریندار نەبوون، کۆڵۆنێڵ یەکێکیان بوو.

**یاقوب:**

بێرت، مەبەستت لەوەیە بڵێی خۆی شاردەوە؟

**بێرت:**

هەندێک دەڵێن ئەو تەنیا فەرمانی جێبەجێ کردووە، بەڵام ئەو تا ئێستاش بۆ خۆی باسی شەڕەکەی نەکردووە.

**عیسا:**

تۆ بڕوا بەمە دەکەی؟

**بێرت:**

هێشتا دەبوو سێ سەد یاردی ئەو پێدەشتە فراوانە ببڕین بۆ

ئەوەی بگەینە هێڵەکانی پێشەوەی خۆمان.

هەروەها دەبوو لە چوار ڕیز تەلبەندی خۆشمان بپەڕینەوە، کە پێشتر بۆ خۆمان لە خاکی بێ خاوەنا دامانابوو، لەوێشەوە سێ سەد یارد یان کەمێک زیاتر هێڵەکانی ئەڵمان بوو... تفەنگەکان هەرامەیەکیان نابووەوە، هەر وەک ئەوە وابوو بەناو باهۆزی دەنگا تێپەڕین... شانمان بۆ دانەواند و خۆمان دایە بەری.

**عیسا:**

گوللەیەک وەک هەنگ بەبن گوێما گیزەی کرد، ئەو پیاوەی لە پێشمەوە بوو هاواری لێ هەڵسا:

«من پێکرام!» و کەوت. هەنگاوم بەسەریا نا و بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن. من چاوم هەر لەسەر وێڵ بوو. بینیم گوللەیەک بەر خوودە ئاسنینەکەی سەری کەوت... هەرچۆنێک بوو خۆمان گەیاندە تەلبەندەکە و هەردووکیشمان زیندوو بووین.

**بێرت:**

ئەوەی کە جێی سەرسوڕمان بوو لێرە بەدواوە ڕووی دا، هەر کە گەیشتمە سەر بەرزاییەکە ترسم شکا.

سەربازەکان یەک یەک و دوو دوو بەلادا دەکەوتن، منیش بەپەلە بەرەو پێشەوە ڕام دەکرد و خۆم کرد بەناو کەلێنێکی تەلبەندەکانی خۆمانا.

**عیسا:**

ئەڵمانییەکان دەستە دەستە لێیان دەخستین، هەندێک لە سەربازەکان لە ناو تەلبەندەکانا گیریان خواردبوو.



**یاقوب:**

نێچیری ئاسان بوون.

**عیسا:**

سەربازێک هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی قوتار بکات کە فیشەکێک بەر دەمووچاوی کەوت. گوللەیەکی تریش بەر توورەکە لە بەتاڵەکەی بەر پشتێنی کەوت و کەمێک تەپوتۆزی لێ هەستاند، هەر وەک ئەوەی چۆن لە یاری بەیسبۆڵا تۆپەکە بە توندی دەکەوێتەوە ناو دەستی یاریزانەکە و تەپوتۆز لە دەستکێشەکەی هەڵدەستێنێ.

**بێرت:**

ئەوەی زۆر دژوار بوو، گەیشتنە خاکی بێ خاوەن بوو، لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە پێشڕەوی بکەی. کاتێ کە تەماشای مەیدانەکەمان کرد و ڕوانیمانە هێڵەکانی ئەڵمان کە زەرەر و زیانی پێ نەگەییوە، ئەوجا بەخۆمان زانی کە ئێمە گەیشتووینەتە کوێ. مووشەکبارانی هێزەکانی ئێمە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، موشەکەکان لە ئاسمانا دەتەقینەوە و هیچ زیانێکی بە هێڵەکانی بەرگری ئەڵمان نەدەگەیاند.

**عیسا:**

لەوەش خراپتر، فەرمان بە فەوجی ئاسکسەکان درا کە لەسەنگەرەکانی پێشەوەی خۆیان نەجووڵێن. ئەوەش مانای ئەوە بوو کە فەوجی نیوفاونلاندەکان بەتەنیا پێشڕەوی بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ هێزێکی پشتیوانی لە لای ڕاستەوە

بەرگریمان لێ بکەن. ئیتر ئەوە بوو کەوتینە نێو ئاگربارانی ئەڵمانییەکانەوە.

**بێرت:**

دوو سەربازم بینی شۆڕبوونەوە خوارێ، پاشان تەقینەوەیەکی زۆر گەورە ڕوویدا و ئەفسەرێکی کرد بە دوو پارچەوە... کۆتایی ژیانم لە ئان و ساتدا بوو.

**عیسا:**

وێڵ بەردەوام بوو لە چوونە پێشەوە، چاوم لێی بوو خۆی فڕێدایە ناو چاڵەکەوە. تفەنگەکەم نزم کردەوە و یەک دوو جار نیشانم لە قاچی گرتەوە، بەڵام هەردوو جارەکە نیشانەکەم هەڵە کرد.

**بێرت:**

بەڵام تۆ ئاگات لەوە نییە، عیسا، کە لە گەرمەی شەڕیشدا هەوڵت دەدا ژیانی ڕزگار بکەی؟ نابێت ئەوەت لە یاد بچێت.

**عیسا:**

هەوڵ و تەقەلای زۆرم دا.

**بێرت:**

بەدڵنیاییەوە ئەوەی بۆت کرا، تەخسیریت نەکرد.

**یاقوب:**

باوکە گیان فەرموو بەردەوام بە.

**عیسا:**

بەر لەوەی بۆم بکرێ نیشانێکی تری لێ بگرمەوە، گوللەیەک لە



خوودەکەی دام و تەختی زەوییەکەی کردم. گوێچکەکانم دەزرینگانەوە هەر وەک ئەوەی مێشکم بەر پارچە ئاسنێک کەوتبێ. خوودەکەم لابرد و بینیم گوللەکە کونی کردووە، پێم سەیر بوو کە چۆنە نەیکوشتووم.

**بێرت:**

لەوانەیە فیشەکەکە لە ناو خوودەکەیا بازنەیی سووڕابێتەوە.

**یاقوب:**

ئەوە موعجیزە بوو.

**عیسا:**

بەڵام بێرت، بۆچی من ڕزگارم بوو؟ بۆچی من نەکوژرام و وێڵ کوژرا؟ بۆچی؟

**بێرت:**

لە توانای کەسا نییە وەڵامی ئەو پرسیارەت بداتەوە، تەنانەت پاپاش ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارەت بداتەوە... من ئێستاش دەتوانم بتبینم لەوێدا وڕ و حەپەساو لە ناو ڕێژنەی گوللەدا دانیشتوویت و بەڵام هیچ گوللەیەک ڕوو لە تۆ ناکات.

**یاقوب:**

بۆ ماوەی چەند لەوێیا دانیشتی؟

**عیسا:**

زۆرم پێنەچوو. هەرچۆنێک بوو خۆم بەرزکردەوە و خۆم بەکێش کرد. گوللەیەک بەر قۆڵی چاکەتەکەم کەوت، بەڵام باش بوو بریندارى نەکردم... پاشان ئەوەی کە من لێی تۆقیبووم ڕووی

دا: وێڵم بینی لەترێکی دا و بەلادا کەوت، پێم وابوو بەرکەوتووە. ئینجا بینیم تفەنگەکەی هەڵگرتەوە و تەکانێکی دا بەرەو پێشەوە. پاش کەمێک گوللەیەکی تری بەرکەوت و گێژی خوارد، دەستەکانی بڵند بوونەوە و شۆڕبوونەوە سەر زەوییەکە.

**بێرت:**

کەسێک تفەنگەکەی لەو شوێنە چەقاند بۆ ئەوەی شوێنی کەوتنەکەی دیاری بکات.

**عیسا:**

تەلبەندی ئەڵمانییەکان تا دەهات نزیکتر دەکەوتەوە. چەخماخەی ئاگرم دەبینی لە ڕەشاشەکانیانەوە دەردەپەڕی... گوللەیەک زرنگەی لەو خاکەناسە هەڵساند کە لەپشتم بەستبوو، تەواوێک شڵەژاندمی.

تەڵزمی تەقینەوەیەک لاکەلەکەی پێکام و کەوتمە سەر چۆک. گوللەیەک خودەکەی سەری پەڕاندم و دانەیەکی تر بەر کڵاوەی ئەژنۆم کەوت. ئەوکات بەدەمدا کەوتم «خۆت پاڵ بخە،» بەخۆم گوت «نەجووڵێی».

**بێرت:**

لە لای منیشەوە، ناپاڵمێک لە تەنیشتمەوە تەقییەوە، لە شوێنی خۆم بەرزی کردمەوە و فڕێی دامە چاڵێکەوە، ئیتر تا پاشی ماوەیەک هۆشم لەبەر بڕا.

**عیسا:**

ئەو بەیانییە تەنیا چەند سەربازێکی کەم توانییان بگەنە تەلبەندەکان. کەسێک هێندە نەژیا بۆ ئەوەی لافوگەزاف لێ



بدات... لەو حەو سەد و پەنجا سەربازەی هێرشەکەیان کرد تەنیا چل کەسیان دەربازیان بوو.

**بێرت:**

هەر هەمووی تەنیا سی خولەکی خایاند. لە ماوەی سی خولەکدا بەتەواوی تەفر و توونایان کردین.

یەکەمین شەڕی سۆم لە دەی پووشپەڕی ١٩١٦ دا ڕووی دا...

**عیسا:**

گەورەترین دۆڕان، وەک ئەوەی سەربازەکان ناویان لێ نابوو. ئەوانەی کە ژیان هەر ئەوانە بوون کە کەسانی بەختەوەری وەکو من و بێرت... (کەمێک ویسکی تێ دەکات و تەماشای یاقوب دەکات) زۆر باشە، ئیستا من وادەکەی خۆم بەجێ گەیاند، ئەوەی کە دەتویست بیزانی، پێم گوتی. جا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بیکەین بەشەو...

**بێرت:**

هەقی خۆیەتی.

**یاقوب:**

جارێ نا باوکە، هێشتا هەر هەموو شتێکت پێ نەگوتووم... کاتیشمان زۆر بەدەستەوە ماوە.

**عیسا:**

هەر هەموو شتێک؟

**بێرت:**

لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ یاقوب، وازی لێ بهێنە. زۆر لەوە

زیاتری پێ گوتی کە تا ئیستا باسی کردووە.

**یاقوب:**

(ڕوو لە بێرت دەکات) بێجگە لەوەی کە مامە وێڵ کوژرا، شتێکی تریش لە خاکی بێ خاوەنا ڕووی داوە، وا نییە؟

**عیسا:**

تۆ دەتەوێ بگەیتە چی؟

**یاقوب:**

وا نییە باوکە؟

**بێرت:**

(ڕوو لە یاقوب دەکات) گوتم واز بێنە!

**عیسا:**

پێم بڵێ، بێرت کتومت چی پێ گوتی؟

**بێرت:**

هیچ شتێکم پێ نەگوتووە.

**یاقوب:**

خۆر تا دەمژمێری نۆ و دوو خولەکی ئەو شەوە ئاوا نەبوو. من لەگەڵ ئەفسەر کێلیش زۆر لەسەر ئەوە هەڵوێستەم کردووە، ڕۆژێکی خۆرەتاوی سووتێنەر بوو. دەبوایە لەو دەشتەیا لەگەڵ کوژراو و بریندارەکانا خۆتان بدایە بەئەرزا و چاوەڕوانی ئەوەت بکردایە تا تاریکی دادێ، ئەوەیان چۆن بوو؟

**بێرت:**

پێشبینی دەکەی ئەو دۆزەخە چۆن بووبێ؟



**عیسا:**

بەدرێژاییی ئەو ڕۆژە، ئەو دیمەنەم لە بەرچاو دووبارە دەبووەوە و گوللەکە سنگی وێڵی ئەسمی، بەلادا دەکەوت و خوێنەکەم بەسەر چاکەتەکەیەوە دەبینی. ئەو دیمەنە لە بەرچاوم ون نەدەبوو.. هەرچی خۆشم بووم، بڕوام نەدەکرد تا دەمەو خۆرنشین ڕوح دەربکەم. دنیایەک سەرباز گیانیان سپارد... لە نێو ئەو کێڵگە شینەیا ڕاکشا بووم، خۆر پشتی ملمی داخ دەکرد. لە نزیکی گوللەی هاوەنی نەتەقیو و قەوانی فیشەکەوە خۆم دابوو بەئەرزا .

**بێرت:**

ئەو جۆرەی کە ئێمە ناومان لێ نابوو مەرەبای خۆخ یان گوشراوی سێو.

**عیسا:**

وەک پرتەقاڵێک دەهاتە بەرچاوم کە لە قەبارەی فتبۆڵێکا بێ، لە پاڵیشییەوە گوڵە خەشخاشێک. لەو ئاڕاستەیەی کە ملم چەمابووەوە بەشەکانی گوللە هاوەنەکەم وەک گوڵێکی سووری درەوشاوە و پرتەقاڵێکی گەورەی زەرد دەهاتە پێش چاو، لەو دەمەدا کە لە هۆش خۆم چووم بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو دیمەنە هەریەکەیان بەجیا لە شوێنی خۆیانا چەندە جوانن.

**یاقوب:**

لەوانەیە خوێنێکی زۆرت لەبەر ڕۆیشتبێ... بۆ ماوەی چەند لەوێ مایتەوە؟

**عیسا:**

چەند دەمژمێر، چەند خولەک، نازانم.

**بێرت:**

کە هۆشم هاتەوە، دەمەو نیوەڕۆ بوو... جارناجارێک فڕۆکەیەکی چاودێریم دەبینی زۆر لە نزمییەوە دەفڕی بازنەی سوور و سپی و شینم لەسەر باڵەکانی دەبینی.

**عیسا:**

هەر کەسێک بجووڵایەتەوە نیشانگرەوەکان تیربارانیان دەکرد. بەدرێژاییی ئەو ڕۆژە خۆم کردبوو بە مردوو...

کوڕە لاوەکەی فلوریزەڵ لە نزیکمەوە کەوتبوو. لایەکی گوێی بووبوو بەدوو کەرتەوە.

**یاقوب:**

گەس پریتچاردی خەڵکی بێرنت کۆڤ.

**عیسا:**

بینیم خەریک بوو لووتی دەخوراند، دواتر گوێم لە تەقەی تفەنگ بوو... ئیتر هەر ئەوەندەی پێ چوو.

کاتێ کە جووڵایەوە، هەتاوەکە سێگۆشە سوورەکەی سەر پشتی بریسکانەوە و بووە هۆی لەدەستدانی ژیانی.

**بێرت:**

هەندێ سەرباز خراپ بریندار بووبوون، سەربازێک بەردەوام دەیگوت «فیشەکێکم پێوە بنێن، تکایە کەسێک فیشەکێکم پێوە بنێ»

**عیسا:**

لە هەمووی ناخۆشتر تاوی گەرماکە بوو. لە ناو جلی خاکی و گۆرەوی خوری و پۆتینە قورسەکانم خەریک بوو دەبرژام.



قورگم وشک بووبوو، لە ترسی ئەوەی کە نەپێکرێم دەستم نە دەگەیشتە مەتارە ئاوەکەم. کات زۆر بە هێواشی تێ دەپەڕی. زمانم لە ناو دەمما مەلاس بووبوو، هەستم بەوە دەکرد خەریکە بخنکێم... هەر لەو دەمەدا کە پێم وابوو شتێک بەرەو باشبوون دەچێ، جرجێک پەیدا بوو.

**یاقوب:**

جرج؟

**عیسا:**

جرجی سۆم، جرجێکی قاوەیی پیری گەورەی بۆگەنە.

**بێرت:**

لە سەرەتا ئەوەمان دەگوت کە چەند سەنگەر قووڵتر بێ، ئەوەندەش جرجەکانی گەورەترن...

**عیسا:**

چاوەکانم پڕ بووبوون لە ئارەقە. هەر ئەوە بوو کەمێک چاوم ترووکاند. ئەویش چەند هەنگاوێک لە منەوە دوور بوو. تەماشای چاوەکانی دەکردم و لووتی گرژ دەکردەوە. ڕەنگ قاوەییەکانیان حەزیان لە گۆشتی مرۆڤ بوو، بەتایبەتی شەیدای چاو و جگەر بوون.

**یاقوب:**

ئەوجا چیت کرد؟

**عیسا:**

چیم لە دەست دێ ؟ تەماشای پشتەوەی خۆم کرد، ئەو هەوڵی ئەوەی دەدا بزانێ من مردووم یان نا. پستێکم لێ کرد.

**یاقوب:**

دوور کەوتەوە؟

**عیسا:**

بە هیچ جـــۆرێ. ئەوەم دەزانـی ئـەگـــەر پیـــام بکێـــشـــایـە، نیشانگرەوەکان تیربارانیان دەکردم... پاشی قەدەرێک بۆنێکی بە لاملمەوە کرد. دەمتوانی هەست بە مووەکانی کەپووی بکەم. پاشان بەسەر پشتمدا هەڵگەڕا و بە ئارەزووی خۆی لەسەر جەستەم دەسووڕایەوە، بەئەندازەی پشیلەیەک قورس بوو. دەستی کرد بە دڕاندنی خورجینەکەم.

**بێرت:**

بەدوای بسکیتی سەربازیدا دەگەڕا .

**عیسا:**

هەر ئەوەندەم زانی جیق و فیلقی دەرهات. نیشانگرە ئەڵمانییەکە وەک مەشقکردنێکی پێکانی ئامانج بەکاری هێنا .

**بێرت:**

لەوە دەکات سەربازی ئەڵمانی بایەخیان بە جرج نەدابێ، بەو ئەندازەیەی کە ئێمە بایەخی پێ دەدەین.

**یاقوب:**

بەختت هەبووە کە نیشانگرەکە جرجەکەی تەواو پێکاوە، دوور نەبوو لەبری جرجەکە تۆ بویتایە.

**عیسا:**...

لە وێدا کەوتبووم، ڕامابووم لەوەی لە کەیەوە لەوێدا کەوتووم.



ناوە ناوە لە هۆش خۆم دەچووم. هەر جارێکیش کە لە هۆشی خۆم دەچووم سەرسام دەمام لەوەی کە تۆ بڵێی ئەو دابڕانە هێمن و بێدەنگە مردن بێ...

جارێکیشیان خەونم بە ماڵەوە بینی، لە دوورەوە خانووەکەمانم لە کاتی ڕۆژا هاتە پێش چاو، هێشتا پەردەکان دادرابوونەوە؛ لەوەی دەکرد کەسێک مردبێت. دەمێکی تریش بەسەر مەیدانی شەڕەکەدا دەفڕیم، سەنگەرەکانم بە ڕوونی لە خوارەوە لێ دیار بوون کە وەک تاڵە دەزووی بچکۆلە بچکۆلە وابوون. هەر وەک ئەوەی زەمین بریندار بووبێ و بەدەست و پەنجەی پینەدۆزێکی سەرخۆش دوورابێتەوە. دەمتوانی کوژراو و بریندارەکان لێک جیا بکەمەوە. سەربازێکم بینی لەلای گوللە پرتەقاڵییەکانەوە کەوتبوو، کتومت بە من دەچوو.

**یاقوب:**

بە تۆ؟

**عیسا:**

پاشان فڕۆکەیەک بەسەر سەرما فڕی. فڕۆکەوانەکەم لە نێو پەنجەرەکەیەوە بینی، چاویلکەیەکی لیزەری لە چاو دابوو لەوانەی کە چاو دەپارێزێ، تازە خەتیشی دابوو.

**بێرت:**

گیان، لەو خەونانەی کە بینیوتن.

**عیسا:**

لەوەی دەکرد کە تەواو ڕاستی بن، بە هیچ جۆرێک بە خەون نەدەچوون... دواجار تاریکیم لێ داهات، هەر لەو کاتەیا و لە

پڕێکا... لەو کاتەیا گوێم لە دەنگێ بوو.

**یاقوب:**

دەنگێک؟

**عیسا:**

دەنگێک لەوە دەچوو بانگی من بکات، ناوی منی دەهێنا. لەو تاریکییە ترسناکەیا بانگی منی دەکرد.

**یاقوب:**

ئەوە دەنگی کێ بوو، لە بیرت ماوە؟

**عیسا:**

چاکم لەبیرە. ئەوە دەنگی تۆ بوو، یاقوب.

**یاقوب:**

دەنگی من؟

**عیسا:**

ئیتر لەو ڕۆژەی ساینت جۆنز من چاوم پێتان نەکەوتبوو، ئەو ڕۆژەی کە تۆ و دایکت هاتبوون خواحافیزیمان لێ بکەن. بەڵام سوێند دەخۆم بۆ چرکەساتێک روخساری تۆ لەو تاریکییەدا لە پێش چاوما دەدرەوشایەوە و گوتت «نا، باوکە نا»... لە پڕێکا بە ئاگا هاتمەوە، هێشتا سێبەری گوللە هاوەنەکە لە بەرچاوما ڕاکشابوو. هەستم بە ساردی سێبەرەکە دەکرد، وەک ئەوەی دەستێکی میهرەبان بێ و هێمنم بکاتەوە، دەرکم بەوە کرد کە من نامەوێ بمرم، نامەوێ لەوێدا، لەو کێڵگە کوژرا و بریندارەدا، دوور لە ماڵەوە ڕوح دەربکەم، بەبێ ئەوەی بجەنگم.



**یاقوب:**

بۆ زووتر ئەوەت پێ نەگوتم، لەوانە بوو بەتەواوی کاری خۆی بکردایە.

**عیسا:**

تا ڕادەیەک لە بیرم چووبووەوە، بێجگە لەوەش یاقوب کوا من و تۆ پێکەوە قسە دەکەین.

**بێرت:**

هەندێک جار لەوە دەکات کە ئەم شتانە بەسەر کەسێکی ترا هاتبێ، هەندێ جاریش وا هەست دەکەی خەونێ بوون بینیوتن...

**یاقوب:**

بۆم بگێڕەوە باوکە.. هێشتا زۆری مابوو بۆ تاریک بوون. چۆن توانیت ئەو ماوەیە بەزیندوویی بمێنیتەوە؟

**عیسا:**

گۆرانیم دەگوت.

**یاقوب:**

گۆرانیت دەگوت؟

**عیسا:**

نەک بەدەنگی بەرز، لە بەر خۆمەوە هەر گۆرانییەکم بەبیر بهاتایەتەوە دەمگوتن.

تا چەندیش وشەکانی بێ چاو و ڕوو بوونایە، بەلامەوە باشتر بوون. (گۆرانی دەڵێ)

گوونەکانت شۆڕبوونەتەوە خوارێ؟
بەملا و لایە دێن و دەچن؟
دەتوانی ڕایان کێشی و گرێیان بدەی؟
دەتوانی ڕایانکێشی و بیانکەی بە کەوانێک؟

**ئیسەو و بێرت:**

(گۆرانی دەڵێن)
کە ئارەقە دەکەن ناخورێن ؟
لە ناو لەگەنێکا پشوویان پێ نادەی؟
ئەمدیوا و دیویان پێ ناکەی؟
نایانگوشی تا شین هەڵدەگەڕێن؟

**ئیسەو و بێرت و یاقوب:**

(گۆرانی دەڵێن)
لە باو بارانا نالەرێنەوە؟
بە پەڕ و باڵ بە ختوکە ناکەون؟
لە کاتی ڕۆیشتنا نا لەنگێنەوە؟
کە دەدوێی نازرینگێنەوە؟
دەکرێ بیاندەی بەملا و لای شانتا؟
هەر وەک سەربازێکی بێفەڕی بەریتانی؟
گوونەکانت شۆڕبوونەتەوە خوارێ؟

**عیسا:**

هەروەها ساتە خۆشەکانی وێڵم بەبیر خۆم دەهێنایەوە. هەر وەک ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ کۆمپانیای "ئەلیف" لە ڕۆژێکی



پشووی خۆیانا چووینە باخێکی دەرەوەی لۆڤێنکۆرت.

(ڕوو لە بێرت دەکات)

لە یادتە؟ هەموومان لە بن سێبەرەکانا دانیشتین و سێومان خوارد، تەنانەت ئەفسەرەکانیش.

**بێرت:**

لەوکاتەوە تامی سێوی ئاوا خۆشم نەکردووە.

**عیسا:**

چەمەکە باخەکەی کردبوو بە دوو کەرتەوە، قەڵبەزەی ئاوەکە دەرژایە سەر بەردەکان و دەنگێکی سازگاری خولقاندبوو. وێڵ سێوێکی هەڵدایە ناو چەمە قووڵەکەوە. ئەو و چەند کەسێکی تریش خۆیان ڕووت کردەوە و وەکو منالٚ خۆیان بۆ سێوەکان هەڵدەدا.

**بێرت:**

بەڵێ، وێڵ و چەند کەسێکی تر بوون.

**عیسا:**

تەواوێک وەک منالٚ.. بیرم لەوە ئەکردەوە ئەگەر بۆم بکرێ تا تاریکی دادێ دان بەخۆما بگرم، ئەو دەم دەتوانم بە سکەخشکێ خۆم بگەیەنمەوە ناو هێزەکانی خۆمان. دواجار خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، خاکی بێ خاوەن لە خۆرنشینا لەوەی دەکرد نوقمی ناو خوێن بووبێ.

**بێرت:**

بەدرێژاییی کەش و هەوای ئەو ماوەیە، دەی پووشپەڕ خۆشترین ڕۆژێ بوو کە تا ئەو کاتە لە فەڕەنسا بینیبێتمان.

**عیسا:**

تاریکی داکەوت، ئەوجا کۆڵەپشتەکەم لێ کردەوەو تێر ئاوم خواردەوە. برینەکەم بە ئامۆنیا تیمار کرد و بەستم.

دەنکە حەبێکی مۆرفینیشم خوارد تا ژانەکەیم لەسەر سووک بکات... (هەڵوەستەیەک دەکات) کاتێ کە بینیم...

**یاقوب:**

چیت بینی؟

**بێرت:**

ئەوەی پێ مەڵێ، عیسا. پێویست ناکات دەربارەی سەربازەکە هیچی بۆ باس بکەی.

**یاقوب:**

سەربازەکە؟

**بێرت:**

پێویست بەوە ناکا.

**عیسا:**

ئەی لەوێ نەبوو؟

**بێرت:**

بە هیچ جۆرێک. تۆ زیاد لە پێویستت بۆ گێڕایەوە.

**عیسا:**

هێشتا تاسووقی نەشکاوە.

**یاقوب:**

کام سەربازە، باوکە. ئەو سەربازەی کە کوشتت؟ ئەوەی کە



چەکەکەیت هێنایەوە؟ ئەوە دەڵێی وا نییە؟

**بێرت:**

عیسا...

**یاقوب:**

وازی لێ بێنە بێرت، لێگەڕێ با قسە بکات.

**عیسا:**

شەوێکی مانگەشەو بوو، دەمتوانی وا بکەم کە ڕابوورێ. خۆی لار کردبووەوە و لە ناو مردووەکانمانا زۆر بە هێواشی دەڕۆیشت و لەبەرخۆیەوە پستە پستێکی دەکرد، قەدەرێکی برد تا بۆم دەرکەوت کە بانگی پشیلەکەی دەکات.

**یاقوب:**

چەکی پێ بوو؟

**عیسا:**

تفەنگی پێ بوو، لەوە زیاتر دڵنیا نەبووم.

**بێرت:**

بۆ دواجار پێت دەڵێم، عیسا. پێویست ناکات هیچ بڵێی، خۆ کەس زۆری لێ نەکردووی.

**عیسا:**

نا ئێخەی ڕانەوەشاندووم .

**یاقوب:**

بەردەوام بە باوکە، تۆ گوتت سەربازە ئەڵمانییەکە بەرەو ڕووت دەهات و بەدوای پشیلە ونبووەکەیدا دەگەڕا...

**عیسا:**

تفەنگەکەم هەڵگرت و نیشانم لێ گرتەوە و میلم لێ هێنایەوە. بەڵام پێش ئەوەی گوللەکە بتەقێنم، کەوتە نێو چاڵێکەوە.

**یاقوب:**

لەوانەیە گوێی لە میل هێنانەوەکەت بووبێت.

**بێرت:**

(ڕوو لە عیسا دەکات) دوایی نەڵێی ئاگەدارم نەکردیتەوە. گوێم لێ بگرە، تۆ خەریکە هەڵەیەکی گەورە دەکەی.

**عیسا:**

(بێرت فەرامۆش دەکات) بە خشکان بە خۆم و تفەنگەکەمەوە خۆم گەیاندە لای پریتچاردەوە و لەودیو پشتەکۆڵەکەیەوە خۆم حەشار دا. شێوەیم دەهێنایە پێش چاوی خۆم، ئیستا هەر من و ئەو مابووینەوە و قێزم لەوەش دەهاتەوە کە لە خاکی بێ خاوەنا بمرم، بەتایبەتیش دوای ئەو هەموو ڕووداوانەش کە ڕوویان دابوو...

ڕووناکییەکی کز کێڵگەکەی دەوروبەرمانی ڕۆشن کردەوە و من خۆم دانەواند. لەپڕێکا نارنجۆکێکی ئەڵمانی لە پاڵ منەوە کەوتەوە، نارنجۆکەکە دەسکێکی دارینی پێوە بوو کە بۆ گرتن کرابوو، خێرا هەڵم گرتەوە و هەڵمدایەوە بۆ ناو چاڵەکە و لە هەوادا تەقییەوە... ئەو دەمەی ئاگرەکەی خامۆش بووەوە، خۆم گەیاندە پشتی سەربازێکی ترەوە و قەمەکەم لە تفەنگەکەم دەرهێنا و لە خۆڵ و خاکەکەم هەڵسوو تا نەدرەوشێتەوە. دەست و دەموچاویشم لە خۆڵ هەڵکێشا و خۆم پەنا دا.



**بێرت:**

تەماشا، ئەوەی ئەو شەوە ڕووی دا دەشێ بەسەر هەر کەسێکی تردا بێت، ئیتر ئەوە جەنگە... بۆچی ئێستا نارۆیتەوە ماڵێ؟ چ سوودێک لەوە دەبینی کە ئەو شتانەی بۆ باس دەکەی؟ تەنیا ئازاری خۆت دەدەی؟

**عیسا:**

بێرت، یاقوب بەدوای هەقیقەتا دەگەڕێت، یان دەبێ هەمووی بزانێت یان دەبێ هیچی نەزانێت.

لەوانەیە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت کە فێریان بێت... بۆی دەکرێ لێیان تێ بگات.

**بێرت:**

ئەوە دەزانی کە ڕاستی وەکو دێوێک وایە هەر ئەوەندەی لە بوتڵەکە هاتەدەر...

**یاقوب:**

ئەوە بۆ شەش ساڵ دەڕوات کە جەنگ کۆتایی پێ هاتووە.. ئیتر لەوە زیاتر ناتوانێ لە ناخی خۆیا حەشاریان دا. بەهەرحاڵ پێم وایە بزانم دوای ئەوە چی ڕووی دا.

**بێرت:**

ئەوە دەزانی؟

**یاقوب:**

بەڵام باوکە چی وای لێ کردی ئەو قەمەیە وەکو چەقۆ بەکار بێنی؟

**عیسا:**

بۆ خۆشم نازانم بۆچی. هەرگیز لە شەڕێکی دەستەویەخەدا کەسم نەکوشتبوو. تەنانەت لە گالیپۆلیش...

لەوانەیە لەوە ترسابێتم کە جارێکی تر گوێی لەوە بێ کە میلی لێ دەهێنمەوە، یان لەوانەیە ویستبێتم شەڕەکە بگوازمەوە بۆ کێشەیەکی خۆیی.

**یاقوب:**

لەوانەیە دوای ئەوەی کە بینیوتە فەوجەکەتان تەفروتوونا بووە و براکەی خۆشت بە کوژراوی بینیوە و بۆ خۆشت دوو جار بریندار بووی، ویستووتە تۆڵەی خۆت بکەیتەوە.

**بێرت:**

خوێنێکی زۆریشت لەبەر ڕۆییبوو، لەوانەشە لەبەرخۆتەوە وڕێنەت کردبێ.

**یاقوب:**

لە مردنیش ترسابووی.

**عیسا:**

لەوانەیە وابێ. لەوانەشە تووشی شێتیش هاتبم، کە زۆرێک لە سەربازەکان تووشی بووبوون.

**یاقوب:**

کێ گلەیی ئەوەت لێ دەکات؟ ببینە لەو ڕۆژەیا بە چ دەردێک چووی... لەناکاوێکیشا ئەو سەربازە ئەڵمانییەشت لێ پەیدا بوو کە دەیویست بتکوژێت.



**عیسا:**

دانم بەخۆما گرتبوو، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد دەربکەوێ. لەو دەمەی چاوەڕێم دەکرد، گوێم لە دەنگێک بوو کە ئەوەندەیتر شێت و هاری کردم. هەر وەکو هەرا و زەنای حەشاماتێک وابوو.

**یاقوب:**

ئەی چی بوو؟

**عیسا:**

دەنگێک لە خاکی بێ خاوەنەوە بەرز بووەوە کە هەر وەکو شیوەن وابوو، کتومت بە لاڵانەوە دەچوو.

زۆر جار تا ئیستاش ئەو دەنگە دێتەوە ناو خەونەکانم.

**بێرت:**

دەیانگوت بە درێژاییی گۆڕەپانی هێزەکانی بەریتانیا دەتوانی گوێت لە شیوەن و گریان و پاڕانەوەی هەزاران بریندار بێ کە هاواری یاریدە و فریادڕەسێکیان دەکرد.. هەندێکیان هاواریان بۆ دایکیان دەکرد.

**عیسا:**

پاشان گوێم لە دەنگێکی تر بوو... دەنگێک کە خوێنی جەستەمی وشک کرد.. لە نزیکمەوە و لەلای ڕاستمەوە دەنگی خشەیەکی زۆر هێواشی پۆستاڵێکم هاتە گوێ، ئەو سەگە زۆڵە بە دزییەوە هاتبووە پشتمەوە.

منیش لەو فێڵبازتر بووم، دەستم کرد بە میاواندن، بەڵام

شاخاوڵی نەهاویشت. دواتر ئەو تەنیا وشە ئەڵمانییەم چرپاند کە دەمزانی، گوتم «برادەر؟» و چاوەڕێم کرد. بەوە فریوی نەخوارد... نە بۆشی کرا دووری بخاتەوە. لەجیاتی ئەوە کەوتە تەقەکردن. گڕی سپیم بینی لە لوولەی تفەنگەکەیەوە دەهاتە دەرێ و فیشەکەکان بەسەر سەرمدا گیزەیان دەکرد. زۆر بەدەستوبرد بە سکە خشکێ خۆم دوور خستەوە و چووم پشتەوەم لێ گرت.

**بێرت:**

عیسا بەسە لەوە زیاتر خۆت ماندوو مەکە. یاقوب بۆ خۆی دەزانێ کە سەربازەکەت کوشتووە. لەوێدا لێی گەڕێی باشترە.

**یاقوب:**

با لێی نەگەڕێین بێرت، ئەی نابینیت بۆ خۆی دەیەوێت هەموو شتێکم پێ بڵێت؟

**عیسا:**

پەڵە هەورێک بەری مانگی داپۆشیبوو، بەزەحمەتێک بۆم دەکرا سۆسەی بکەم. خۆی مەڵاس دابوو و شانی قۆناغی تفەنگەکەی کەمێک بەرزتر دیار بوو... هەرچۆنێک بوو ئەویش هەستی بە من کردبوو... چونکە لە پڕێکا هاتە دەست و کەوتە تەقەکردن و گوللەکانی کوێرانە تەقاند. بەر لەوەی خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکاتەوە کە تەقەم لێ بکاتەوە زەفەرم لێ هێنا و قەمەکەم لەسەر سنگی چەقاند.

**یاقوب:**

ئەی خوایە گیان.



**عیسا:**

هەستم دەکرد قەمەکە ڕۆدەچێتە خوارێ، هاواری لێ بەرز بووەوە. دووجاری تریش لە سنگیم چەقاندەوە.

جاری دووەم زۆر بە توندی لێم دا و قەمەکەم تیا سووڕاندەوە ...

**بێرت:**

بەسە... بۆ خاتری خوا، بۆچی وا خۆت ئازار دەدەی؟ ئەمە ڕاست نییە... لەم تەمەنەدا منداڵ پێویستی بەوە نییە گوێی لەو شتانە بێ.

**یاقوب:**

لەوانەیە پێویست بکات، ئەو شتانەم بۆ بگێڕێتەوە بێرت. تۆ قەت شتی وات بەسەر نەهاتووە؟

**بێرت:**

خۆت بێ مێشک مەکە... ئەو لەبەر خۆی باسی ئەو شتانە ناکات، بەڵکو بەخاتری تۆ ئەو حیکایەتانە دەگێڕێتەوە... بەخاتری ئەوەی پەیمانەکەی بەرێتە سەر.

**عیسا:**

توند لەباوەشم گرتبوو. دەترسام لەوەی بەڕەڵای بکەم، دەترسام لەوەی ئەویش قەمەی پێ بێ. گرتبووم تا بەتەواوی لە پەلەقاژە کەوت. ئینجا دام نەواندە ئەرزەکە، بەڵام هێشتا هەر بەڕەڵام نەکردبوو...

تەڵقە تەنوورەیەکی تر ئاسمانی ڕووناک کردەوە و ئەوسا توانیم

ڕوخساری ببینم، لەناو ڕووناکییەکەدا ڕەنگ و ڕووی پەڕیبوو.

زۆر گەنج بوو...

(گرفتار دەنوێنێت)

**بێرت:**

ئەی خوایە گیان.

**عیسا:**

کەفاوی سوور لە دەمییەوە دەهاتە دەرێ... بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانیم و بۆی نەدەکرا قسە بکات، بەڵام من دەمتوانی ئەو پرسیارە لە ناو چاوەکانیا بخوێنمەوە؛ بۆچی؟ بۆچی؟!

بۆچی وام کرد؟!

بۆچی دەبێ برای خۆم بکوژم؟!

**یاقوب:**

چی؟

**عیسا:**

(دەنگی پچڕ پچڕ دەبێ) ساتی دواتر لە باوەشما گیانی دەرچوو. دەی پووشپەڕی ساڵی ١٩١٦بوو.

(ڕووی خۆی وەردەگێڕێ)

**یاقوب:**

پەلە مەکە... مەبەستی چی بوو لە برای خۆی بێرت؟ (کەمێک دواتر) بێرت؟

**بێرت:**

(زەنگێک) ئەوەی باوکت دایە بەر چەقۆ سەربازی ئەڵمانی





نەبوو، بەڵکو ئەوە وێڵ بوو...

**یاقوب:**

وێڵ؟

**بێرت:**

سەربازەکە بۆ خۆی مردبوو، تەڵەزگەیەک لە نارنجۆکەکە کوشتبووی... ئەو بەیانییە وێڵ تەنیا بریندار بووبوو. دەبوو چاوەڕوان بوایە تا تاریکی دادێت، ئەوسا هەڵسێ و بەدوای باوکتدا بگەڕێت.

**یاقوب:**

بە هەڵە لە جێی دوژمن کوشتی؟

**بێرت:**

بەهەڵە لەیەکتر گەیشتبوون... هەڵەی لەو چەشنە لە شەواندا بەئاسانی ڕوو دەدات.

**یاقوب:**

ئەی خوایە، بێرت. بەدرێژاییی ئەو ماوەیە وام دەزانی ...

**بێرت:**

دەزانم. پێت وابوو باوکت تاوانێکی گەورەی کردووە.

**یاقوب:**

وام دەزانی سەربازێکی ئەڵمانی کوشتووە.

**بێرت:**

چ شتێک وای لێ کردی ئەو خەیاڵەت بە مێشکدا بێت؟ ئەو چەکەی کە لە فەڕەنساوە هێناویەتەوە؟

**یاقوب:**

ئیستا بۆم ڕوون بووەوە، هەستم دەکرد کارێکی وای ئەنجام داوە کە بۆی ناکرێ بەرگەی بگرێ.

**بێرت:**

بەڵێ یاقوب کارێکی ئەنجام داوە، بەڵام ئەو کارە نا کە تۆ بیرت لێ دەکردەوە.

**یاقوب:**

وایە.

**بێرت:**...

کاتێ کە گەیشتمە لای، لە ئامێزیا وێڵی ڕادەژەند. ئەوەی بەسەری هاتبوو بۆی گێڕامەوە، سوێندم بۆ خوارد کە هەتا لە ژیاندا مابم لای کەس باسی نەکەم، تەنانەت بۆ سەیدیش.

**یاقوب:**

ئیتر لەو دەمەوە بۆی نەدەکرا لێت بڕوانی، هەموو ڕوانینێک ئەوی بیر دەخستەوە؟

**بێرت:**

بینینی من هەموو ئەوەی دەهێنایەوە یاد.

**عیسا:**

... ئەو هاوارکردنەی ئەو شەوەم دەهێنێتەوە یاد، بۆچی؟ بۆچی؟ هەر وەک ئەوەی کە ئەو ئاسمانە سارد و خاڵییە نەفرەتێکی لێ کردین بەوەی کە ئێمەی مرۆڤ چیمان بەسەر یەکتر هێنا.

**بێرت:**

خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، دەبوایە بەرەو سەنگەرەکانی



خۆمانم بهێنایەتەوە... کە گەڕاشینەوە پاسەوانەکانی خۆمان خەریک بوون بمانکوژن.

**عیسا:**

بێرت زۆر بەجەرگانە، منی نایە سەر دەفەی شانی و هەڵی گرتم، تەنانەت لەو کاتەشا کە ئەڵمانەکان تۆپبارانیان کردین؛ ئەو ماڵکاولە منی فڕێ نەدا.

**بێرت:**

بەدڵنیاییەوە تۆش هەمان هەڵوێستت بۆ من دەبوو.

**عیسا:**

ئەفسەر "کێلی" دەیگوت، لەجێی ئەوەی ناوی لە ڕیزی چاونەترسەکانا بهاتایەتەوە دەبوو دە مەدالیای سەربازییان پێ ببەخشیایە.

(خامۆشی، لەو خامۆشییەدا شووتی شەمەندەفەرەکە لەدوورەوە دەبیسترێ، ئیستا نزیکتر بووتەوە... یاقوب بلیتی شەمەندەفەرەکە لە گیرفانی دەردەهێنێ و دەیدات بە بێرت).

**یاقوب:**

پێدەچێت پێویستیم بەم بلیتە نەمابێت. پێشم وایە ئیتر لەسەر تەختی نوستنەکەی خۆم دەنووم.

**عیسا:**

تۆ دڵنیای؟

**یاقوب:**

پەیمانم داوە... باوکە؟

**عیسا:**

چۆن؟

**یاقوب:**

دەزانی باوکە، بێرت ڕاستی دەکرد. ئەوەی ئەو شەوە ڕووی دا گوناهی تۆی تێدا نەبوو. دوای هەموو شتێ نەتزانیوە کە ئەو کەسە مامە وێڵ بووە.

**بێرت:**

بێجگە لەوەش ئەو هەوڵی داوە بتکوژێت.

**عیسا:**

بێرت، ئەو کاتە ئەوەم بە خۆم گوت و ئیستاش دەیڵێمەوە کە لەوە ناچێ یاریدەم بدا...

**یاقوب:**

لە یادتە ئەمشەو چیت گوت؟... هەندێ شت لە جەنگدا ڕوو دەدەن کە هەرگیز لە یاد ناچنەوە... هەرگیز لە یاد ناچنەوە، شتگەلێک وەک ئەوەی کە ئیتر بەدرێژاییی ژیان لەگەڵ مرۆڤدا دەمێننەوە. ئەوەش سزای خۆتە.

**عیسا:**

ئەو چارەنووسەی کە چاوەڕوانتە، بەڵێ وایە.

**یاقوب:**

بەهەرحاڵ من بڕوام بە شتی وا نییە، من دەتبەخشم، مامە وێڵیش دەتبەخشێ، وا نییە بێرت؟

**بێرت:**

بە دڵنیایی.



**عیسا:**

(زەنگێک) ئێستاش ناتوانم تەماشای چاوەکانی ڕوبی پارسۆنس بکەم. پێشم وایە هەرگیز بۆم ناکرێ کە...

**یاقوب:**

لەبەرئەوەیە کە وازت لە چوونە کڵێسا هێناوە، وا نییە؟ لەبەرئەوەی هەموو یەکشەمەیەک ئەو لەوێیە و پەڕاوی نوێژەکەی گرتووەتە باوەش. تاڵە قژە ڕەشەکەشی کە ڕوبی لە بێرنیدەوە بۆی ناردبوو.

(عیسا بۆ ساتێک لە یاقوب ورد دەبێتەوە)

**عیسا:**

لێی بڕوانە بێرت، هەمان ڕوحی وێڵی هەڵگرتووە، وێڵ لە سەروەختی تازە هەڵچوونیا.

**بێرت:**

ڕوحیشی هەمان گڕ و بڵێسەی تێدایە.

**عیسا:**

ئەو کاتەی کە تازە لە جەنگ گەڕابووینەوە مناڵێکی بچکۆلە بوو. (ڕوو لە یاقوب دەکات)

لە بەرچاوما بووی بە پیاوێکی تەواو، کە تا ئێستا بەو شێوەیە هەستم پێی نەکردبوو...

**یاقوب:**

باوکە منیش تا ئێستا هەستم پێی نەکردبوو...

(شووتی شەمەندەفەرەکە دێت، نزیکتر دەبێتەوە... بێرت

کاتژمێرەکەی گیرفانی دەردەهێنێ و تەماشای دەکات).

**بێرت:**

قەت ئەوەت بیستوە یاقوب؟... بلیتبڕێکی کاریبو چاودێریی ژنێکی دەکرد کە خەریکی منداڵبوون بوو.

پێی گوت «لەبەر خۆشەویستی خوا، پێم بڵێ خاتوون، کە تۆ بەسەر منداڵبوونەوەی بۆچی سواری شەمەندەفەر دەبیت؟ جارێ چاوەڕێ بکە منداڵەکەت ببێ؟» ژنەکەش گوتیی «دڵنیابە، کاتێ کە سواری شەمەندەفەرەکە بووم هێشتا پاکییزە بووم»

(هەرسێکیان پێدەکەنن)

دەزانی عیسا، هاوینی ڕابردوو من و سەیدی پێکەوە گەشتێکی بەریتانیامان کرد، حەزی کرد سەردانی ماڵە باوانی بکات. ئەو کاتەی کە لەوێ بووین، بەتەنیا چووم بۆ فەڕەنسا و سەردانێکی سۆمم کرد.

**عیسا:**

بەڕاستتە؟

**بێرت:**

مانگی پووشپەڕ بوو، ئەو کێڵگەیەی کە بەرەو هێڵەکانی بەرگری ئەڵمان درێژ دەبووەوە، هەمووی سەوزە گیای لێ ڕوابوو. گوڵە بەهارە و گوڵە مرواری و گوڵە خەشخاش و دنیایەک گوڵی رەنگاوڕەنگ ڕوابوون. بیومۆنت هامڵ تازە کرابووەوە. دۆڵەکەش گەنم و گەنمەشامییان لێ ڕواندبوو. سەر دارەکانیش پڕ بوون لە باڵندەی ڕەش.



**عیسا:**

قاژوو.

**بێرت:**

هەموو بەهارانێک کە جووتیارەکان زەوییەکانیان دەکێڵن، گوللە هاوەن و ئێسک و پرووسکی سەرباز دەدۆزنەوە. بەڵام هەموو ئەمانە ڕۆژێک دێ تەواو دەبن و هەر بە تەنیا کێڵگەیەکی بەپیت و گردێکی شینی جوان و گوڵ و گوڵزاری هاوینەی لێ بڕوێ.. پاشی ئەوەش، عیسا، سۆم تەنیا ڕووبارێکە.. ڕووبارێکی ئاسایی بچکۆلەیە. تۆ بۆ خۆت ئەوە دەزانی، وا نییە؟

**یاقوب:**

(زەنگێک) باوکە؟

**عیسا:**

ئێستاش ئەو ڕێ ڕۆیشتنەی ئەو شەوەم لە یادە کە بەرەو جەنگ بەڕێ کەوتین، تەپوتۆزی سپی لە ڕێگەکەوە بەرز دەبووەوە و سەربازەکانیش گۆرانییان دەچڕی (بۆ بێرت) لە یادتە؟

(گۆرانی دەڵێت)

لەو دیوی زەریاکانەوە بانگەوازێک هات
دەستگیرۆیی میللەتێک بکە کە وا لە نەهامەتییان
ئێمەش جوانترین لە لاوەکانی خۆمان پێ بەخشین
شکۆمەندیمان لێمان دەخوازێ کە بە هیچ جۆرێک کەمتەرخەمی نەکەین

**عیسا و بێرت:**

(گۆرانی دەڵێن)

بۆ ئەوەی هیچ لاوێکی بەریتانی
لە بەردەم چەوسێنەرا کڕنۆش نەبا
با دڵە مەزنەکان لە وەڵامی هاوڕێکانمان
بێنە مەیدان

**عیسا:**

دەزانی ئیستاش ئەو زەردەیە دەبینم، دواین زەردەی هەتاوی مانگی پووشپەڕ کە بە ئاسمانەوە دەچۆڕایەوە. وێڵ لە پێش منەوە ڕێگەی دەبڕی و سەری دانەواندبوو. فەوجەکە بەناو کێڵگەکەیا دەڕۆیشتن و سەربازەکانیش یەک لە دوای یەک بە تووڵە ڕێیەکدا بەدەم گۆرانییەوە ڕێگەیان دەبڕی.

کە لە شەڕگەکە نزیکتر دەبووینەوە تا دەنگی تەقە بەرزتر بوایە، ئێمەش گەرمتر گۆرانیمان دەچڕی.

(بەدەنگی بەرز گۆرانی دەڵێت)
با کوانووی ماڵەکانمان نێڵە نێڵی بێ
کاتێ دڵت پڕ لە تاسە و ئارەزووە

**ئیسەو و بێرت:**

(گۆرانی دەڵێن)
ڕۆڵەکانت لە تۆ دوورن
خەون بە ئامێزتەوە دەبینن

**ئیسەو و بێرت و یاقوب:**

(گۆرانی دەڵێن)
لە ناو هەورە تاریک و چڵکنەکانا



هەمیشە ئاسۆیەک هەیە دەدرەوشێتەوە
ئاسۆیەک هەیە بەری هەورەکان ڕادەماڵێ
تا ئەو دەمەی ڕۆڵەکان تێکڕا دەگەڕێنەوە
تاریکی

## پەڕاوێزەکان

(١) بەی ڕۆبەرتس: شارێکە دەکەوێتە هەرێمی نیوفاونلاند لە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا کە سەد کیلۆمەتر لە "ساینت جۆنز"ی پایتەختی نیوفاونلاندەوە دوورە.

(٢) لۆڤینکۆت و سۆم: لۆڤینکۆت گوندێکە لە سۆم کە شانزە میل کەوتووەتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئامیانس لە فەڕەنسا.

سۆم: ناوچەیەکی بەرەی شەڕی نێوان بەریتانیا و ئەڵمانیا بوو لە فەڕەنسا کە لە دەی پووشپەڕی ١٩١٦ نامرۆڤانەترین کوشت و کوشتاری تێدا ئەنجامدرا.

(٣) کاریبو: ناوی شەمەندەفەری نەفەرهەڵگری نێو شارەکانی نیوفاونلاندە.

(٤) کتێبی خوڵقاندنی ژیان: مەبەست لە تەوراتە.

(٥) گاف تۆپسەیڵ: هێڵێکی وازلێهێنراوی شەمەندەفەرە کە کەوتووەتە نێو نیوفاونلاند لە کەنەدا. با"ی ساینت ئەندروز و ڕێکهاوس: بایەکی زۆر بەهێزن کەلە"کەیپ ڕەی"ەوە بەسەر زنجیرە چیاکانی نیوفاونلەندا هەڵدەکا. تەیبڵ ماونتێن: چیایەکی سەر تەختە.

(٦) ساینت جۆنز: پایتەختی هەرێمی نیوفاونلاندە.

(٧) کات هیڵس: گۆڕستانێکە لە بەی ڕۆبەرتس لە نیوفاونلاند و هەروەها ناوی کێڵگەیەکی گڕکانیشە کەوتووەتە نیو مەکسیکۆ لە ئەمەریکا.

(٨) کۆلیس پۆینت: شارۆچکەیەکی بچووکە لە هەرێمی نیوفاونلاند و شوێنی لەدایکبوونی "دەیڤد فرێنچ"ی نووسەری ئەم شانۆگەرییەشە.

(٩) بیومۆنت هامڵ: کۆمیونێکە لە سۆما لە هەرێمی پیکاردی لە فەڕەنسا کە حەفتا تا سەد و چل و هەشت مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە و ژمارەی دانیشتوانی کەمتر لە سێ سەد هەزار کەسە و هەروەها ڕووبەرەکەی هەشت هەزار و سێ سەد و دە مەتر دووجایە.

(١٠) کلۆندایک: ناوی ڕووبارێکە لە نیوفاونلاند.



(١١) کریکێت: جۆرە یارییەکە (وەرزشێکە) کە لە سەدەی شازدەهەم لە بەریتانیا سەری هەڵداوە و دواتر بە وڵاتانی تردا بڵاوبووەتەوە وەکو ئوستراليا، بەنگلادیش، ئەفریقای باشوور، نیوزیلاند، پاکستان، سریلانکا، زیمبابۆی.

(١٢) هارتس دیلایت: شوێنێکە لە باشووری هەرێمی نیوفاونلاند. تیکڵ هاربەر: جێگەیەکە لە هەرێمی نیوفاونلاند کە لە ساڵی ١٨٨٤دا دۆزرایەوە و دواتر لە بیست و یەکی سەرماوەز ١٨٩٦ دا ناوەکەی گۆڕدرا بۆ "بێلاڤیو". ژمارەی دانیشتووانی لە نێوان سەد و پەنجا تا دوو سەد کەس دەبێ و نزیکەی سەد و دە کیلۆمەتر لە پایتەختی نیوفاونلاندەوە دوورە.

(١٣) فلورێزەڵ: پاپۆڕێکی لە ئاسن دروستکراو و بەفربڕیشی پێوە بوو. لە ساڵی ١٩٠٩ دا دروست کرا.

(١٤) ویتلێس بەی: جێگەیەکە لە نیوفاونلاند کە یەکەم جار لەلایەن کاپتن ویتلێس و خانەوادەکەی لە ساڵی ١٦٧٥ دا دۆزرایەوە و سی و چوار ئێرلەندی تێدا نیشتەجێ کرا.

(١٥) بێرنت کۆڤ: کۆمەڵگەیەکە کەوتووەتە باشووری پایتەختی نیوفاونلاند. لە ساڵی ١٩٩٦ ژمارەی دانیشتووانی سەد و نەوەد و شەش کەس بووە.

(١٦) مۆنتازوما: پاپۆڕێک بوو لە پێشەوەی کاروانی سەربازی بەریتانی کە لە جەنگی جیهانی یەکەم بەهەزاران ئەسپ و ئازووقەی سەربازی دەگواستەوە بۆ بەرەکانی جەنگ.

(١٧) کۆشکی ئیدینبەرە: کۆشکێکی مێژوویی کۆنە لە شاری ئیدینبێرگ لە سکۆتلاند کە مێژوویەکی کۆنی هەیە و ساڵانە بە هەزاران گەشتیار دەچن بۆ بینینی ئەم کۆشکە. گردەکانی برەید: کۆمەڵە گردێکن لە باشووری ڕۆژئاوای ئیدینبێرگ لە سکۆتلاند.

(١٨) کەمپی ستۆب: کەمپی مەشق پێکردنی سەربازەکانی بەریتانیا بوو لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا. ڕووبەرەکەی دە هەزار هیکتار بوو. زیاتر لە هەشتا یەکەی لە خۆ گرتووە وەکو زیندان و نەخۆشخانە و جێگەی مەشق و شوێنی حەوانەوە. ئەم کەمپە لە ساڵی ١٩٥٩ داخرا.

(١٩) وینیپێگ و مۆنتریاڵ: دوو شارن لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی کەنەدا.

(٢٠) کۆمەڵەکانی لاوانی مەسیحی YMCA کە لە پانزەی جۆزەردانی ١٨٤٤ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لەسەر دەستی جۆرج ویلیەمز دامەزراوە. کاری ئەم رێکخراوە کارکردن بوو بۆ بەپراکتیک دەرهێنانی بنەما سەرەکییەکانی ئاینی مەسیحی لە کۆمەڵگەی بەریتانی.

هات: شوێنێکە بۆ حەوانەوەی کاتی کە بە زوویی دروست دەکرێت لە بەفر یان خوری یان دار.. هتد

(٢١) وینستۆن لیۆنارد سپێنسەر چەرچڵ (هەشتی سەرماوەزی ١٨٧٤ چواری رێبەندانی ١٩٦٥) سیاسەتمەداری ناوداری بەریتانی و فەراهەمکەری شانشینی یەکگرتوو بوو لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم. سەرەک وەزیرانی بەریتانیا بووە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٠ – ١٩٤٥ و ١٩٥١ – ١٩٥٥ . چەرچڵ ئەفسەر بووە لە سوپای بەریتانی و لە هەمان کاتیشدا مێژوونووس و نووسەر و هونەرمەند بووە. چەرچڵ تاقە سەرەک وەزیرانێکی بەریتانییە کە خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەب وەرگرتووە.

(٢٢) مێگەنتیک: پاپۆرێکی دەریایی کە لە لایەن هارلاند و وۆڵف بێڵفاست بنیات نرا و لە ساڵی ١٩٠٨ دەستی بە گەشت کرد و لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لەلایەن ئەڵمانیاوە هێرشی کرایە سەر و تێک شکا. ئەم پاپۆڕە لە ساڵی ١٩٣١ بەتەواوەتی لە بواری خزمەتکردن دوورخرایەوە.

(٢٣) بەرێنید: گوندێکە لە نیوفاونلاند-بەشی یەکەم لەلایەن چوار خێزانەوە لە ١٨٦٤ دا بنیات نراوە و لە ١٨٦٨ بووە گوند. بەرێنید کەوتووەتە رۆژهەڵاتی "بەی رۆبەرتس ". لە نۆی جۆزەردانی ١٨٩١ ئۆفیسی پۆست و گەیاندنی تێدا کراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٥٦ ژمارەی دانیشتووانی سەد و پەنجا و سێ کەس بووە.

(٢٤) جۆ باتس ئارم: یازدە کۆمەڵگەیە کەوتووەتە باکوری رۆژهەڵاتی کەنارێکی گەورەی دوورگەیەک لە نیوفاوندلاند. درێژییەکەی بیست و پێنج کیلۆمەتر و پانییەکەی چواردە کیلۆمەتر دەبێ. ئەم کۆمەڵگەیە بەهای کولتوور و ترادیسیۆنی بەرزە. ژیان لەم کۆمەڵگەیە بەتوندی بە دەریاوە بەستراوەتەوە.

(٢٥) مۆنز: شارێکە لە بەلجیکا.



(٢٦) سپانیارد بەی: شارێکە لە نیوفاونلاند لە کەنەدا.

(٢٧) گردی جێنیز: گردێکە (تەپۆڵکێکە) لە نێو شاری رۆبەرتس بەی لە نیوفاونلاند.

(٢٨) ۆرتەمبێرگ: ناوچەیەکە لە باشووری رۆژئاوای ئەڵمانیا.

(٢٩) هاوزۆرن ریج: هێڵی پێشەوە و بەرگری ئەڵمانییەکان بوو لە رۆژئاوای گوندی "بیومۆنت هامڵ" لە "سۆم". سوپای بەریتانیا چاوی بڕیبووە ئەم شوێنە و هێرشی بەردەوامی بۆ دەکرد بەتایبەتی لە ساڵی ١٩١٦.

(٣٠) ئینیسکلینگ و لانکاشیر و رۆیاڵ: فەوجی سەربازی سوپای بەریتانی بوون لە جەنگی جیهانی یەکەم.